
# ئەوەی لەبیرمە



## ناهیدەی شێخ سەلام

ئامادە کردنی:

چیمەن سالح

# ئەوەی لەبیرمە

## ناهیدەی شێخ سەلام

ئامادەکردنی: چیمەن ساڵح

ناوی کتێب: ئەوەی لەبیرمە

ناهیدەی شێخ سەلام

ئامادە کردنی: چیمەن ساڵح

پیت چنین ونەخشەسازی: سەنگەر حوسێن

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ساڵ: ١٩٩٩

ژمارەی سپاردن: ٢

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

## پێشکەشە بە:

- هەموو ئافرەتانی کوردستان.
- ئەو دایکە قارەمانانەی کەجگەر گۆشەکانیان بەخۆشەویستی کوردو کوردستان پەروەردە دەکەن.
- ئەو ئافرەتانەی کەلەڕێی خەبات کردن لەپێناوی گەل ونەتەوەکەیاندا لەهیچ ئاستەنگێک سڵ ناکەنەوە.
- بەدایکان وخوشکان وکچانی خۆم.

ناهیدەی شێخ سەلام



ناهیدەی شێخ سەلام

# منداڵی وئەو یادگارییانەی شەڕی ئاوباریک کەتێیان نەدەگەیشتم!!

من ناهیدەی شێخ سەلامم، باوکم شێخ سەلامی ئەدیب وشاعیرە، کوڕی شێخ ئەحمەدی عازەبان کوڕەزای شێخ کەریم بووە، باوکی کە شێخ ئەحمەدە، قازی مەحموود پاشا بووە، بە گەشتێک چووە بۆ ئێران لەوێ ئەمری خوای کردووە، لەگوندی خەڵوەزە مەرقەدو مەزاری هەیە (بەشێخ ئەحمەدی خەڵوەزە ناسراوە). دایکم (قەرەداخیە) خەڵکی گوندی (دۆڵانە) ناسراوە بەرەوشەن سەعیدی کوێخا مستەفا، ئەویش لەبنەماڵەیەکی هەڵکەوتوو وناسراودا گەورە بووە ژنێکی ئازاو هەڵکەوتوو بوو، خاوەنی موڵک وزەوی و زارێکی زۆر بوو، ئێستاش لەنەخشەی ئەرازیدا بە رەسمی لە(زەوی وزارەکانی عێراقدا) بە گوندەکەی (دۆڵانی رەوشەن) ناسراوە.

خۆم لەساڵی (١٩٢٢) لەسلێمانی لەگەڕەکی قەزازەکان بەرامبەر ماڵی خاڵۆیەکی باوکم (ئەحمەد بەگی تاپۆ) لەدایک بووم، شەش مانگ دووای لەدایکبوونم (ئینگلیز) شاری سلێمانیان بەفرۆکە بۆمباران کرد، ئەو بۆمبارانەیش بە بۆمبارانەکەی (عارف بەگ) ناسرا، چونکە ماڵی عارف بەگی بەشێوەیەک تێدا خاپوور کرا، ئاسەواریشیان نەما، وەک دایکم بۆی دەگێڕاینەوە منی لەناو تاقی پەنجەرەیەکدا حەشاردا بوو وایدەزانی لەو پەناگە سەیرەدا هیچم لێ نایەت

دیاره ئەم سەرەتایەی دەستم پێ کرد لەزمانی کەسانی دیکە بۆم ماوەتەوە چونکە خۆم هیچم بەبیردا نایێت.

ئەوەی لەیادمە لەچەمچەماڵەوە دەست پێدەکات، یەکەم شت هێشتا بەڕوونی لەیادمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٨)، حەپسەخانی نەقیب بەهیوای سازدانی کۆڕێک بوو بۆ ئافرەتان، تاباسی بارودۆخی ئەو سەردەمەو ژیانی کوردەواری وجێگا وپایەی ئافرەتان بۆ کۆمەڵێک ئافرەتی شاری سلێمانی بکات، نارد بووی بۆ چەمچەماڵ بۆ لای باوکم تامنی تەمەن گچکەیش بەشیعر خویندنەوە لەو کوڕەدا ئامادەبم، باوکم پێ ی گوتم دەبێ بچین بۆ ئەو بۆنەیە چونکە تۆ کوڕی منی دەبێ جووتی کڵاشیش لەپێ بکەی، کەباسی جووتێ کڵاشی کرد من زۆر دڵگران بووم چونکە دەمزانی ژنە یەکەیەکەکانی سلێمانی دێنە ئەوێ ومنیش راستە منالم بەڵام بەجووتی کڵاشەوە بچمە ئەوێ، پێم ناخۆش بوو، بەڵام بەهەر حاڵ کڵاشەکانم لەپێ کرد.

ماڵی پووریکم خاتوو فاتمە ژنی شێخ جەلال دایکی (أ.ب.هەوری)ی شاعیری بەناوبانگە لە(ئۆمەرمەندان) بوو لەوێ دابەزین وچووینە ماڵی ئەوان کڵاشەکانم دانا ولەشوێنێک شاردمەوە کەکەس نەیدۆزێتەوە، ئەمەلا کڵاش ئەولا کڵاش نەدۆزرایەوە. ناچار جووتێ پێڵاویان بۆ کریم، دڵم داکەوت کە بەکڵاشەوە نەچووم، باوکیشم حەزی دەکرد بەکڵاشەوە بچم و ڕۆڵی کوڕێک ببینم، ئەگەر ئێستا بووایە حەوت جووت کڵاش بووایە لەپێم دەکرد!، ئینجا چووین بۆ کۆڕەکەی حەپسەخان، وا دەزانم ئێستایە لەوێ، تەختە بەندێکیان وەک شانۆ ئامادە کردبوو، کورسییەکی زۆریان دانا بوو لەسەر زەویش جێگایان داخستبوو (٢٥٠-٣٠٠) ئافرەت کۆبوونەوە، حەپسە خان خۆی سەرپەرشتی کۆڕەکەی دەکرد، چەند دێڕێکیان بەمن گوت ولەبەرم کرد باسی ئەوە بوو (ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو، بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، ودایک ئەوانەن عیلم وفەنیان ڕەوانە) نووسینەکەیان دابوو بە حەپسەخانی عیرفان (خێزانی جەمیل سائب لەتەمموزی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد) چونکە من نەمدەزانی شت بخوێنمەوە هەر لەبەرم کردبوو، ئەگەر شتێکم لەبیر بچووایە ئەو پێ ی دەوتمەوە، لەڕاستیدا هەر ئەو کۆڕەش بوو کە زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو وبڕوای بەخۆم پێ پەیدا کردم دیارە منداڵێک لەچەمچەماڵەوە بۆ کۆڕی ٣٠٠ ئافرەت بانگ بکرێت کەم نییە وکاریگەری مەعنەوی زۆری هەیە، جگە لەوەی ئەم کۆڕە پێشکەوتنێکی گەورە

بوو بۆ ئافرەتی کورد لەسلێمانی ئەو سەردەمە پیاویش شتی وای نەدەکرد، لەو کۆڕەدا ئافرەت هان دەدرا بچێتە مەکتەب وبخوێنێ، چونکە ئافرەتی خوێندەوار هۆشمەندەو منداڵی باشتر پەروەردە دەکات هەرچەندە دایکانی نەخوێندەواریش هەڵدەکەون، بەڵام حاڵەتێکی کەم ودەگمەنە.. دوای کۆڕەکە گەڕاینەوە ماڵی پوورم ولەوێوە بۆ ماڵی خۆمان لەچەمچەماڵ.

ڕۆژان تێ پەڕین هەر لە چەمچەماڵ ماینەوە، شەوێکیان باوکم درەنگ گەڕایەوە ماڵ، گوتی میوانمان هەیە، میوانەکە هات، پیاوێکی ئاوڵاوی ناشیرین بوو بەڵام قسە خۆش ونەستەق، شیعری بۆ دەخوێندینەوە گوتیان (فایەق بێکەس)ە، پێمان دەگوت (مام فایەق) ئەو ساڵە (١٩٢٩-١٩٣٠) بوو لەگەڵ باوکمدا ئەو شیعرەیان بەجووتە نووسی:

کورتانم کرد ئەمڕۆ بۆ تۆ
سەڵتەی جەزا بگرە وبڕۆ
بار هەڵگرە تانیمەڕۆ
بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ
خۆ کوڕەکەی حاجی مامەند
ناگاتە تۆ بەعیلم وفەن
لەگەڵتا ئیمتحانی کەن
بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ.


شێخ سەلام

ئەم شیعرە هەندێک نوکتە وتەنزیکی واقیعی تێدا بوو، باوکم چەند کەرێکی هەبوو، قاڵەی ئایشەخان ئەندازیار بوو لەشارەوانی تۆماری کردبوون وبەکرێ ئیشیان پێ دەکردن ئەوە سەرچاوەی داهاتمان بوو، هەر لەشیعرەکەدا دەیان گوت:

بۆ مدیری شاری پێنجوین
بۆ پێنجوینیش بۆت ئەخۆم سوێن
تۆ لەکوێیت وئەوان لەکوێن

بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ

هەزاری بێ عەقل وکەمال

بۆ خۆی گەیی بەماڵ وحاڵ

وەک عیزەدین لە چەمچەماڵ

مەیئوس مەبە جاشی مناڵ

بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ.


ناهیدەی شێخ سەلام

من ئەو کاتە لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم بۆ بەیانی چووم بۆ مەکتەب بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە ژوورەوە بۆ پۆلەکەمان وگوتی میوانێکی خۆشەویستمان هەیە ئێستا دێت وسەردانتان دەکات، شاعیر وئەدیبە، شیعرمان بۆ دەخوێنێتەوە لەبەری هەستن وچەپڵەی بۆ لێدەن بەگەرمی پێشوازی لێ بکەن کاتێک هاتە ژوورەوە یەک قریشکەم کرد، گوتم ئەمە (مامە فایەقە) میوانەکەی خۆمانە دۆخەکەم بەئیمتیازێکی گەورە دەزانی بۆ خۆم، کۆمەڵێ قوتابی مناڵ بووین، دانیشتین وبێ کەسی خوالێخۆشبوویش بەعەقلیەتی ئێمە شیعری بۆ خوێندینەوە:

دوو پشیلەی جوان وڕێک

هەستان وچوونە جێیەک

بۆ دزی سەلکێ پەنیر

کەوتنە پیلان وتەگبیر.

ئەم شیعرەی بەزاری خۆی بۆ خوێندینەوە وگەلێ دڵخۆش وشادی کردین.

باوکم ئەوکاتە لەشەریکەی نەوت لە (دۆڵە سوور) ئیشی دەکرد، دوکانێک هەبوو پێمان دەگوت (کەمپ)، ئەرمەنییەکی لەسەر بوو، پسکیت وشیری قوتووی شل وشتی لەم بابەتانەی دەفرۆشت، باوکم هەموو جارێک دەیبردم بۆ ئەو دوکانەو شتی بۆ دەکریم ولەگەڵ کابرای ئەرمەنی دادەنیشتن وقسەو گاڵتەیان دەکرد، ئێوارەیەکیان لەگەڵ (سەید نوری) پوورم کە برای (أ.ب.هەوری) یە،

خۆی وباوکی لەلامان بوون بەوێدا ڕۆیشتین، بانگی کردم گوتی وەرە ئەو کاغەزە ببە بۆ باوکت، لەڕێگە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان (ڕەشید ئەفەندی) تووشمان بوو، گوتی بابە بۆ کوێ دەچن گوتم دەچین بۆ لای باوکم ئەو کاغەزەی دەدەینێ، کاغەزەکە وەک نووشتە پێچرابووەوە، لێی وەرگرتم وسەیرێکی کردو گوتی: نەکەن بیدەن بەکەسێکی دیکە، (شیخ سەلام) خۆی نەبێ، کاغەزەکەمان بردو باوکم خۆی لەوسەرەوە لەگەڵماندا گەڕایەوە، ئیتر نەمانزانی کاغەز چییەو چی نییە؟!

لە چەمچەماڵ مەکتەبی کچان نەبوو، هەر کوڕان هەبوو من وعالیەی کچی ساڵح بەگ کەقائمقامی چەمچەماڵ بوو (عالیە ماودو وئێستە لەبەغدایە) ونەعیمە یەکێک بوو لەکچە هەمەوەندەکان، هەرسێکمان لەمەکتەبی کوڕان بووین، لەسەرەتای سییەکان، قوتابیانی (حەربیە)ی بەغدا کەبەسەردان هاتن بۆ سلێمانی، ئێمەش سێ دەستە جلی کەششافەیان لەبەرکردین بۆ ئەوەی پێشوازی لەقوتابیانی حەربیە بکەین، کەژمارەیەک لەوێنەگرو ڕۆژنامەنووسانیان لەگەڵ بوو، لەڕێگە نەعیمە خۆی دزیەوە هەر من وعالیە ماینەوە.

لەناو قوتابیەکانی (حەربیە) ئامۆزایەکی باوکمیان لەگەڵ بوو (سەید کەریمی سەید ئەحمەد)ی عازەبانەو وئێستا لە لەندەنە، کەڕۆژنامەکانی بەغدا دەرچوون وێنەی ئێمەی بەگەورەیی تێدا بڵاوکرابۆوە ولەسەرەوە بەمانشێتی گەورە نووسرابوو (سبقوک یا بغداد)، هەروەها لەگۆڤاری کەششافەی ئەوساڵەشدا وێنەکان بڵاوکرانەوە.

هەر لەو ڕووداوانەی چەمچەماڵ کە لەبیرم بێ ساڵح زەکی بەگ ڕەحمەتی خوای لێ بێ بۆ جەژنی نەورۆز دەوارێکی گەورەی هەڵدابوو وکەپرو ساباتێکی بەرینی کردبوو، داوایان لە من وسەید نوری پوورم کرد کەشتێک بخوێنینەوە دوایی نازانم یان من ئیلقایەکەم باشتر بوو، یان ساڵح زەکی بەگ لەبەر خزمایەتی بوو لەگەڵ باوکمدا شتەکەی دایە من بیخوێنمەوە،وتارەکەم هێشتا لەبیرە.. دەمگوت:

(ئەی زەواتی موحتەرەم، هەموو ئەزانن کەجەژنی نەورۆز جەژنێکی تەئریخی میللەتی کوردە، وەلێ لەبەر عەنعەناتی میللی ئەو ڕۆژە ڕەخشانە خراوەتە تاریکستانێکی ئەسارەتەوە، لەبەربێ عیلمی چونکە میللەتی (عالیم) ئەسیر نابێ، ژێر ناکەوێ، دانامێنێ، بەڵکو زیندووەو نامرێ، لەبەر ئەوەی زۆر مناڵم،

ناتوانم بەتانو پۆیا بچمەوە وریک وپیک بیلێیمەوە، جەسارەتەن ئەم دووسێ دێرە شیعرەتان عەرز دەکەم:

جەژنی نەورۆزتان یاخوا پیرۆز بێ

هەوارتان بەرزو تیرە بەهرۆز بێ

هەر ئەم ڕۆژە بوو کاوەی گوردی کورد

مێشکی زوحاکی بەچەکوش وردکرد.

**(ئەم پارچە شیعرەی دوایی هی شێخ سەلامە ودیارە خوالێخۆشبوو سالح زەکی بەگ خستوویەتیە سەروتارەکەی خۆی-چیمەن).**

وەکو گوتم ئەم مناسبەتە هەر لە (چەمچەمال) بوو من هێشتا قوتابیی سەرەتایی بووم وهێشتا خوێندنەوە ونووسینم تەواو نەبوو، کەبەشداریم کرد، لەوناهەنگی جەژنی نەورۆزەش پتر هانی دام بڕوا بەخۆم پەیدا بکەم، دوای خوێندنەوەی ئەم شیعرە پاندانێکیان خەلات کردم، سەید نوری پوورزام کەنەیانهێشتبوو خۆی وتارەکە وشیعرەکە بخوێنێتەوە زۆر لەدلی گران بوو، لەڕێگا پێی گوتم ئادەی ئەم پاندانە باسەیرێکی بکەم پاندانەکەی لێ سەندم وشکاندی گوتم بۆ شکاندت، گوتی (لەحەسودیا).

هەر لەو سالانەدا سەرەتای سییەکان بوو باوکم ڕۆیشت گوتیان چوو بۆ بەغدا، دوومانگ بوو باوکم ڕۆیشتبوو، ڕۆژێکیان خاوەنی کەمپەکە بانگی کردم وکاغەزێکی دامێ گوتی بۆ دایکتی بەرە بەلام نەیکەیتەوە. گوتم خۆ من نازانم بیخوێنمەوە، کاغەزەکەم بۆ دایکم بردو دایکم مامە شێخ جەلالی بانگ کردو دەرگاکەیان داخست وکاغەزەکەیان کردەوە، منیش هەر بە (فزوولییەتێکی) منالانە گوێم بەکونی دەرگاکەوە نا بزانم ئەو نامەیە چی تێدایە ئەوەندەم گوێ لێ بوو مامە شێخ جەلال دەیگوت: باشە براژن کۆتان دەکەمەوە وخوا ئاگادارتان بێت هیچ دەسەلات نییە، لێرە مەبن سلێمانی باشترە.

خۆم پێ نەگیرا خۆم کرد بەژووردا گوتم ئەوە بۆ کاغەزەکەتان نەدا بەمن بیخوێنمەوە، کاغەزی باوکی خۆم نییە، مامە شێخ جەلال گوتی: بابە گیان تۆ هێشتا نازانیت بخوێنیتەوە، گوتم، ڕاوەستە شەرت بێ ببم بەخویندەوار ونەهێلم

هیچ کەسێک کاغەزی باوکم بخوێنێتەوە، گوتی ڕۆڵە گیان ئینشائەڵلا دەبی بەخوێندەواری باش وکاغەز هەر کاغەزی باوکی خۆتە بەگاڵتە پێ ی گوتم: حەز دەکەی کاغەزەکەشت بۆ هەڵدەگرم تا گەورە دەبی ئەوسا خۆت بیخوێنەرەوە.

ئیتر کەوتنە ماڵ کۆکردنەوە ئەگەر شتێکی قورس بووایە دەیانفرۆشت وئەوکاتە ئۆتۆمۆبێل زۆر نەبوو، بەشەڕەشەق جێگەی من ودایکم وخوشکێکی بچووکی شەش مانگانەم، لە ئۆتۆمۆبیلێکدا کرایەوە، کەلوپەلەکانیش هەواڵیان بۆ خزمەکانی (عازەبان) نارد شەش زەلام وپێنج شەش هێستریان بۆ ناردین وماڵەکەمان کەپێکهاتبوو لەنوێن وسنوقی ئاوێنە بەراق وباوەڵ ویەک دوو تاک فەرش وئیتر ماڵی ئەوسای کوردەواری لەهێستریان نا، ئێمەش بە ئۆتۆمۆبیل لە چەمچەماڵەوە هەتا سلێمانی بە (٩) سەعات گەیشتین.

ڕێگاکە هەمووی بەخەڵک تەنرابوو هەندێک بە پیادە هەندێک بەسواری هەندێک بە جێبە شڕو شتی وا دایکم لەبەر خۆیەوە دەیگوت: (ئەک قڕیان تێکەوێ، ئەک خوا یەکتان بەدوو نەبێ، ئەی هاوار خوایە) ، شتێک ڕووی دابوو، دایکم دەیزانی شتەکە چییە، بەلام من هێندە منداڵ بووم هەستم بە زۆر ڕووداو نەدەکرد.

گەیشتینە سلێمانی وخانوویەکیان لەسەر کارێز بۆ گرتبووین، دوا ماڵی سلێمانی بوو، دو ژوورو داڵانێک وهەیوانێک بوو.

هەر لەو ساڵەدا شەوێکیان تەپەتەپێک لەدەرگاوە هات دایکم ئافرەتێکی هەتا بلێ ی وریا وئازا بوو، گوتی کێیە؟ یەکێک گوتی خۆمانم بیکەنەوە، دایکم گوتی نایکەمەوە، دەنگەکە گوتی براژن خەبەری شێخ سەلام وئەوانم پێیە، ئیتر دایکم دەرگاکەی کردەوە، سێ کەس بوون، دایکم هێلکە وڕۆنی بۆ کردن ونانی بۆ تەڕکردن، دانیشتن نانیان خواردو باسوق وگوێزو شتیشیان بۆ ئێمە هێنا بوو، لەبیرمە هەندێک قسەیان دەکرد، وەک (شوکور سەرکەوتووین - خوا هەق دەسێنێ وقسەی لەم بابەتە!!).

ئیتر نهێنیەکانی ئەو کاغەزەی گوزەرانی ئاڵوزاندین دەرکەوت ئەوە بوو باوکم وحامید جەودەت ومەحموود جەودەت وکامیلی حەسەنە فەنی هاتبوونە ئەودیوی چەمچەماڵ وئەو کاغەزەیان نارد بوو ڕەوشەکە سەرهەڵدانی شەڕی ئاوباریک بوو.

ئەو چوار کەسە چووبوون بۆ لای شێخ مەحموود بۆ پیران وگوتیان شێخ مەحموود بە مەحموود جەودەتی گوتبوو چیت دەوێ گوتبووی (گوتوویانە نە سن ونەکوللە، ئەمجارە بووین بەدوو خولە، ئیتر کەیفی خۆیەتی سن وکوللە)، ئەوە بوو لەشکریان کۆ کردبووەوەو، هێزەکە هی شێخ مەحموود بوو بوو ئەو چوارەش هاندەر بوو بوون، دیارە ئەو چوارەش خەڵکی ناسراو بوون دووانیان ئەفسەر بوون و باوکم وکامیلی حەسەنە فەنی ئەندازیار بوون.

ئامۆزایەکی باوکم هەبوو خانوویەکیان بەتەنیشت خۆیانەوە بۆ گرتین، ماڵی (رەحمەی وەلیان) پێ دەگوتن، هەیوانێک وژوورێک بوو، ماڵی رەحمەی وەلیش دوو بێوەژنیان هەبوو زۆر زۆر پیر بوون، بەگۆچان دەرۆیشتن، خۆشیان لە (عروسییە) وژوورێکدابوون.

جەژن هات ودایکم هیچی نەبوو جل بۆ من بکات ئامۆزایەکی هەبوو خەڵکی دۆڵان بوو، ناوی (فەقی محەمەد) بوو هات بۆ ماڵمان، گوتی: ئەرێ رەوشەن هیچ جلت بۆ جەژن بۆ ناهی کردووە؟ ئەویش گوتی: بەڵێ، گوتی کوا جلەکان؟ دایکم قسەی نەکرد، ئەویش تێگەیشت، بردمیە بازار ودوو چاکەتی بۆ کردم، چاکەتەکەی لای بەرگدرو دانا ئەو کاتە وەک لباد لۆکەیان تێ دەکرد، یەکێکیان تاقەی فەیسەڵی بوو یەکێکیان گوڵ گوڵی بوو. جگە لەوەی (١٠) روپییەشی دا بەدایکم، ئەو کاتە (١٠) روپیە زۆر بوو، زۆر دڵم بەو جلانە خۆش بوو، لای رەفیقەکانم، باسم دەکرد کەجلی چەند جوانم بۆ جەژن کردووە.

چەند رۆژێک دووای جەژن نم نمە باران دەباری، دنیا سارد بوو دایکم چوو بووە سەردانی هەندێ لە خزمانی باوکم، تەنها خۆم لەماڵ بووم.

قوتابی سەرەتایی بووم، لەبەر چرایەک دەرزم دەنووسیەوە تەماشام کرد، پیاوێک خۆی کرد بەماڵا، فەرەنجییەکی لە بەردا بوو، کاڵەو پێتاوی بەستبوو، بزنێکی بەدەستەوە بوو، هاتە مەیدانەکەو پەلاماری منی دا ماچم بکات، بەڵام من نەمهێشت وجنێوم پێ دا، گوتی دایکت لە کوێیە، گوتم تۆ هەقی دایکی منت چییە، گوتی قەیناکە بابە گیان لەکوێیە؟ برۆ بانگی بکەرەوە بڵێ میوانت هاتووە، منیش هەستام وچووم، گوتم دایە کابرایەکی پیسی چڵکن، فەرەنجییەکی لەبەر دایە، کاڵەو پێتاوی بەستووە وهاتووەتە ماڵی خۆمان، خەریک بوو ماچم بکات نەمهێشت، بەپەلە گەڕاینەوە، خزمەکەشمان لەگەڵ هات

(ئامینە خان) کاتی چاویان بە پیاوەکە کەوت ئامینە خان ماچی کردم وپێش دایکم کەوت وگوتی: ڕۆڵە ئەوە باوکتە، منیش کە گوتی باوکمە پەلامارم داو ئەملاو ئەولایم ماچ کرد، دایکم هات وگوتی هەیرۆ نەهاتبیتەوە، سواربوون عەیبێکەو دابەزین دوو عەیب، حەیات نەبردبین وهاتبیتەوە، من تەنها ڕووداوەکەم دەدی ولەهیچ حاڵی نەدەبووم، شەو باوکم قسەی بۆ کردین دەیگوت، مەحموود جەودەت وحامید جەودەت لەگەڵ شێخ مەحموود عاجزیان بووە، هاتووم، بەڵکو ڕازییان بکەین وبیان بەینەوە، بەڵام دایکم هەر دەیگوت ودەیگوتەوە، بۆ تەسلیم بوون؟.. تۆیش نەهاتبیتەوە؟ ڕۆژی دوایی ئێوارە تاریک داهات وباوکم بەدایکمی گوت: ڕەوشەن ناهی بگۆڕە، لەگەڵ خۆمدا دەیبەم من لە خۆشیاندا چاکەت وکراسەکەی جەژنم کەخاڵە فەقێ محەمەد بۆی کردبووم لەبەر کردو جووتێ پانی بەرزیشیان بۆ کردبووم، نازانم کێ کردبووی، سەروناوەکەی بەسورمە چنرا بوو، زۆر شتێکی جوان بوو ئەویشم لەپی کرد، دەستی گرتم و وردە وردە ڕۆیشتین وچووین بۆماڵی سەعیدی دەوڵەت، خاڵی مەحموود جەودەت وحامید جەودەت ماڵیان بەرامبەری پۆلیسخانە بوو، ئێستاش هەرماوە بەم دواییە (یەحیا فەنی ڕەسامی) ی تێدا بوو..

چووینە ژوورەوە وپلیکانەیەک بەسەر دەکەوت، ژوورێکی دوورو درێژ بوو، پەنجەرەی دوورو درێژی تێدا بوو، ئێستاش لەبەر چاومە لای ژوورووی پەنجەرە درێژەکان بە شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازا بۆوە، لەدیوێکیەوە دار بوو، لەبەرامبەر ئەوەوە مەقڵێیەکی دوورو درێژیان دانا بوو، شێوەی مەقڵێیەکە زۆر جوان بوو، پشکۆکانی کلە کڵ گەشابوونەوە، خانووەکەش هەر دارو بەرد بوو کۆنکریت نەبوو، لەژوورەوە کە پیاوەکان قسەیان دەکرد جار جارێک دەنگیان بەرز دەبووە وخاو دەبوونەوە، هەر ئەوەندەم زانی حامید جەودەت هەستاو پەنجەرەکەی کردەوەو هاواری کرد: (پۆلیس، پۆلیس، وەرن ئەوە مەحموود جەودەت وحامید جەودەت وشێخ سەلامن)، پۆلیس ڕژایە ئەوێ وهەرسێکیان گرتن منیش دەستم بەگریان کرد، سەعیدی دەوڵەت باوەشی پێدا کردم گوتی بابە گیان مەگری قەیناکە، لەسەرمادا لەرزم لێهاتبوو خۆم بەمەقەڵێیەکەوە گرتبوو کراسە جوانەکەشم تۆزێکی لێ سووتا، سەعیدی دەوڵەت بۆی کوژاندمەوە ودەستی گرتم وبەرەو ماڵی خۆمانی بردمەوە کە لەگەڕەکی خانەقا بوو (کۆڵانەکەی مزگەوتی شێخ مارف).

پاشان میری داوای سێ هەزار ڕوپیەی لێ کردن بۆ بەردانیان، دڵسۆزو

ودەستڕۆیشتوو ونیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی لەوانە ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ باوکی (د.دارا ئەحمەد بەگ، کەنۆژداری ئێسقانە لەسلێمانی) وحەمەی ئاورەحمان ئاغاو حەماغای عەتارو تۆفیق قەزازو سەید ئەحمەد وئەوانە کەوتنە ناو شارەوە وسێ هەزار روپیەکەیان کۆ کردەوە وتەسلیمیان کرد، ئەحمەد بەگ هەستا چوو بۆ بەغدا تکاو رجایان بۆ بکات بەبڕیارێکی پاشایەتی لێیان بوورین.

دوای ئەوەی کەبەربوون باوکم لەئەشغال دامەزرا، من پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، کارەکەی باوکم لەرێی دەربەندیخان بوو، لەوێ تووشی نەخۆشییەک بوو، دوو مەڵ لەجگەری هات، هەر ئەوکاتەش بوو، من باداری قاچی گرتم، باوکم چوو بۆ بەغدا وپیاوێکمان لابوو ناوی کاک نەریمان بوو ئەویشی لەگەڵ خۆیدا برد، لەوێ چوو بوو بۆ نەخۆشخانە وشێخ مەحموود سەردانی کرد.

شێخ مەحموودی نەمر بەمنی دەگوت (کەریمە)، هەواڵی منی پرسی بوو، گوتبووی کەریمە چۆنە، باوکم گوتبووی باداری لەقاچی داوە، شێخ مەحموود بانگی نەریمانی کردبوو، گوتبووی بچۆرەوە بۆ سلێمانی ژنێکی موسڵمانی وەک فاتیمەی پووری ببە، بالەناو مەقەڵی ئاگرێکی گەورە بکاتەوەو بەرۆنی زەیتون وبەئانیشک شوێنی بادارییەکەی بشێلێ، چل قولوئەڵلای لەسەر بخوێنێ، نەریمان هاتەوە وپوورمیان هێنا، پوورم ئافرەتێکی نوێژکەرو موسڵمان بوو، لەساڵێکدا شەش مانگ بەرۆژو بوو.

ئەو سەردەمەی سلێمانی زۆر جار بەیانیان زوو جولەکە دەهاتن کوتاڵیان دەفرۆشت هاواریان دەکرد (کوتاڵ) ئێمەش مناڵ بووین دەمان گوت پوورێ ئەوە بانگە، هەڵدەستاو نوێژی دەکرد، جا شێخ مەحموود زۆر رێزی لێ دەگرت، جارێکیان باوکمی گرت بوو، ئەویش چوو بوو پێ ی گوتبوو، ئەگەر سەلام بەرنەدەی بە پەنجە چاوت دەردەهێنم، ئەویش هەر لەبەر خاتری ئەو بەری دابوو، ئیتر پوورم هەموو ئەو چارەسەرەی نەریمان لای شێخ مەحموود هێنا بووی جێ بەجێ ی کردو ئەو شەوە دایانپۆشیم خەوم لێ کەوت بەیانی هەستامە سەرپێ چاک بوومەوە جا نازانم شتەکە دەروونی بوو، یان هەر لەخۆشەویستی شێخ مەحموود بوو، کەلەوێوە چارەسەری بۆ من نارد بوو چاک بوومەوە.

## چوونه ریزی حزبی هیوا

دوای ئەوەی پۆلی شەشم تەواو کرد، چووم بۆ بەغدا تا لەبەغدا چاوپێکەوتن بکەین ولەخانەی مامۆستایان وەربگیرێین، کەچوومە خانەی مامۆستایان، کۆمەڵێک پەیوەندییان پێوە کردم وچوومە ریزی حزبی هیوا بۆ کۆبوونەوە دەچووینە ماڵی ئەمین زەکی بەگ، نیشانەی حزبی هیوا ئەوە بوو کە چوویە شوێنێک دانیشتییت دەستە سرێکی سپی بێنی بەدەموچاوتا ئەوەی لەوێ دانیشتووە وهیواییە دەتناسێ، سوێندیشمان بەقورئان وخەنجەرو بەیداخی کوردستان دەخوارد وئەو کاتە رەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی (هیوا) بوو، لەچلەکان بوو، رژێمی ئەو کاتە نەورۆزی لەسلێمانی قەدەغە کردو ئەو ساڵە حاجی تۆفیق نەیتوانی ئاهەنگ ساز بکات، کۆمەڵێک کارتیان بۆ من نارد گوتیان بڵاوی بکەرەوە، نزیکەی (٤٠) کارت دەبوو، منیش ناوی کۆمەڵێک کەسایەتی کوردم لەسەر کارتەکان نووسی ولە پێش هەموویانەوە شێخ مەحموود بوو، ئەوانەی دیکەش ئەوەی لەبیرم بێ، تۆفیق وەهبی وقادر قەزاز وبەشیر موشیرو نوری ئەحمەدی تەهاو هەندێ کەسایەتی دیکەی ترکە بەپۆستەدا بۆم ناردن. شێخ مەحموود نەفی بەغدا کرابوو، یەکەم کەس بوو وەڵامم بداتەوە ئەوانەی دیکە نەیانوێرا وەڵامم بدەنەوە بەڵام شێخ مەحموود بەم پارچە شیعرە وەڵامی دامەوە کە دەڵێ:

کاوەی کورد کوانێ ئەی بەرگو زیدە

فەریدون حازر سیلاح پۆشیدە

زۆر جار کەمن قوتابی بووم لەبەغدا باوکم دەهات بۆلام دەچووە لای شێخ مەحموود، شێخ مەحموودیش ئافرەتێکی لابوو، ناوی (عاسە) بوو دەیگوت: (عاسە، کفتەیەکی جوان بکەو بنێرە بەشوێن کەریمەشدا)، شێخی نەمر لەبەغدا مایەوە هەتا ئەو کاتەی شەڕی رەشید عالی گەیلانی بەرپا بوو، ئەوە بوو شێخ مەحموود رایکردو وخۆی گەیاندەوە (داری کەلی).

من شێخ مەحموودم زۆر خۆش دەویست، پیاوێکی زیرەک وئازاو لێهاتوو بوو، هەرچی سیفەتی جوان هەیە تێیدا بوو، هەرلەو سەردەمەی ئەو لەبەغدا بوو ئاهەنگێکمان لەخانەی مامۆستایان سازکرد، کۆمەڵێک چالاکیمان سازدا،

خەڵاتمان بۆ جوانترین چالاکی تەرخان کردبوو، ئێمە (کچە کوردەکان) بڕیارمان دا هەڵپەرکێی کوردی پێشکەش بکەین، کچەکان چوونە ماڵە کوردەکان، لەوانە ماڵی میرزا فەرەج وعەبدوللا لوتفی وئەوانە تا جلی کوردی وخشڵ وشتی وابێنن، گوتیان، ناهیدە ئەی تۆ بۆ جلی کوردی ناهێنی، گوتم من جارێ نایهێنم، چووم تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵی شێخ مەحموود کەلە ئەعزەمییە بوو، خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، گوتی ها کەریمە خێرە، گوتم ئینشائەللا خێر دەبێ، ئاهەنگێکمان هەیە، نامەوێ جلی کوردی ژنانە لەبەر بکەم گوتی(قەت لەبەری مەکە)، گوتم بەڵکو کەمالی عەلی باپیر دەستێ جلی کوردی خۆیم بۆ بێنێ من جلی پیاوانە لەبەر دەکەم، گوتی باشە بەسەرچاو. نیو سەعاتی پێ چوو، لەپرسگەی بەشی ناوخۆییەکەوە هاتن گوتیان (ناهیدە سەلام) تۆیان دەوێ، چووم سەیرم کرد، کەمالی عەلی باپیرە بەجلەکانەوە، گوتی ئەوە شێخ بۆی ناردووی، کە چوومە سەرەوە وکردمەوە تەماشام کرد دەستێ شەرواڵ ومراخانی شێخە،، خەنجەرو تەسبیح وپشتوێنەکەی خۆیشی لەگەڵدایە، جگە لەچەفتەیەکی مەلەکی لەگەڵ کراسی فەقیانەدار، یەکسەر چووم تەلەفۆنم کرد بۆ شێخ گوتم قوربان من ناوێرم جلی تۆ لەبەر بکەم من هی کەمالم ویست، بەپێکەنینەوە گوتی، جا توخوا عەیب نییە، خانمێکی وەک تۆ جلی ئەو کرموڵە لەبەر بکات، لەگەڵ کەمالی بوو، چونکە کەمال تۆزێک ئاوڵاوی بوو، خەریک بوو ئاهەنگەکە دەست پێ بکات منیش هەستام چووم جلەکانم پۆشی وریزی شایی چووین بۆ سەر شانۆ وەک تەمسیل من پەردەکەم لاداو سەرچۆپییەکەم گرت، بوو بەچەپڵە ڕێزان هەزار کەسێکی لێ بوو، ئیتر شاییەکەمان زۆر جوان وبەدڵی خەڵکەکە بوو، خەڵاتی یەکەمیش ئێمە وەرمانگرت.. ئەو کاتە بەرزترین ئاستی خوێندەواری ئافرەتی کورد لەخانەی مامۆستایان بوو، زۆر ئەو کچانەی کەشەشیان تەواو دەکرد نەیان دەناردن بۆ بەغدا، خانەی مامۆستایان تەواو بکەن. لەو کچە کوردانەی ئەو کاتە لەگەڵماندا بوون، ئەوەی لەبیرم بێ، منیرە قەفتان، نوسرەت حیلمی، حەسیبە قەزاز، شەفیقە مەحموود، لوتفیە قەفتان، بەدریە عەلی، مەعسومە ساڵح، حەلیمە ئەحمەد، مائیدە ڕەشید کابان، نیعمەت موختار، زینەت موختار، ئێمە خولی دووەم بووین وپێش ئێمەش خولێک دەرچوو بوون، خانەی مامۆستایان ئەو کاتە چوار ساڵ بوو، لەو قوتابیانەی لەگەڵماندا بوون «نەزیهە دلێمی» بوو، هەروەها «دیزی» کچی (د.مەلیک)یش، زۆر جار ئێمە کچە کوردەکان کۆ دەبووینەوە، دەفتەرێکمان دانا بوو، شیعرو پەخشانی نیشتمانپەروەری



اسماعیل عەلی شاوەیس، علی بابا ، سدیق شاوەیس
دانیشتوان: نەوروز سدیق شاوەیس، راست، رزگار، روژ

وکوردایەتیمان لەسەر دەنووسی وهەموو ئیمزامان دەکرد، دەفتەرەکە تا ئەم دواییەش مابوو لای لوتفیەی مەلا سدیق بوو، لوتفیە ماڵیان لەکەرکوک بوو، بەداخەوە بەم دواییە چاودێریان زۆر لەسەر بوو، بۆیە لەترسا، ئەو دەفتەرەی لەگەڵ شتی تردا سوتاندبوو..

## کردنەوەی رادیۆی کوردی بەغدا

کەساڵی ١٩٣٩ رادیۆی بەغدا کرایەوە، ئەو ڕۆژە بیستمان، کەئەمشەو بۆ یەکەمجار ئێزگەیەک بەکوردی قسە دەکا.

بەرێوەبەری بەشە ناوخۆییەکەمان ناوی (ست ماتیلدا) بوو، فەلەستینی بوو سۆزێکی زۆری بەرامبەر کورد هەبوو لەسەر کورد بیروڕای باش بوو، منیش چووم پێم گوت، ست ماتیلدا، ئەمشەو بۆ یەکەمجار رادیۆی کوردی دەکرێتەوە، بەڵکو رادیۆ ومایکرۆفۆنەکەمان گوێی لێ بگرین، ست ماتیلدا یەکسەر رادیۆو مایکرۆفۆنەکەی بۆ هێنام ودایە دەستم وگوتی «تهانینا»، هێنامان بۆ هۆڵەکەی بەشی ناوخۆیی، کەشوێنی خوێندنیش بوو وبەشی ناوخۆییش بوو، پزیشکی تایبەتیمان هەبوو ناوی (شەفیە قەرە گوللە) بوو، مامۆستای سوری وفەلەستینیشمان هەبوو، مامۆستای کوردیشمان تەنیا (بەهیە فەرەجوڵڵا) بوو کەلە میسر گەورە بوو بوو وکچی فەرەجوڵڵا زەکی کوردی بوو، کەرادیۆکەمان پاش کەمێک گوتی: (ئێرە رادیۆی بەغدایە) ئێمە کچە کوردەکان دەستمان کرد بەچەپڵە رێزان وپێکەنینێکی زۆر، کچێکی عەرەبمان لەگەڵدا بوو هات گوتی: (های شنو، هلبربرە) منیش یەکسەر گوتم: (باشە، احنا نبربر انتم تعرعرون)، نەم دەزانی عرعرە، زەڕەی کەرە، گوتی ئەوە تۆچی دەڵێی، گوتم دەڵێم فەرموو ئەگەر دەتەوێ لەگەڵماندا دانیشە، ئەگەر نا سەعات نۆیە وزەنگی نووستن لێ دراوە بەڵام ئێمە مۆڵەتمان وەرگرتووە وگوێ لەوە دەگرین، بچۆ بخەوە، گوتی: (والله خوش اوقات خاصە)، ئیتر لەو قسەیەک ولە من قسەیەک ئەو گوتی کورد هیچ نییەو من گوتم ئێوە هیچ نین ئەو جنێوی بەشێخ مەحموود دا، منیش زۆر تێک چووم جۆرە هیستریایەک گرتمی وێنەی مەلیک فەیسەڵم داگرت ودڕاندم، ئینجا چووم ئاڵاکەی عێراقیشم داگرت ودڕاندم، ئیتر بووە شەڕو

پەلامار ئێمە ئەوانمان کردە ئاودەستخانەکەوە ودەرگامان لێ داخستن، کچە کوردێکی خانەقینیمان لەگەڵدا بوو سەتڵێک کەپڕ بوو لەزبڵ بۆ سوتاندن ئامادەکرابوو لەگەڵ خۆیدا بردی ورایکردە سەردوە ودەرگاکەی داخست تاکەس نەچێ، لەسەردوە سەتڵەکەی بەپەتێکەوە کردبوو، شۆڕی دەکردەوەو بەسەری ئەو کچانەیدا دەکێشا کەشەڕیان لەگەڵ من دا دەکرد، ئەوانیش جنێویان پێ دەدا، تا شەڕەکە بڕایەوە..

بەیانی ڕۆژبووەوە، پاش ماوەیەک (ست ئەمەل) ناردی بەشوێنمدا (ئەمەل سەعید) بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان بوو، مامۆستای مەلیک غازی بوو، هاتوچۆی ماڵی مەلیکی دەکرد، لەبنەچەدا خەڵکی دیاربەکر بوو بۆیە لەگەڵ کچە کوردەکاندا باش بوو، کەچووم گوتی:ناهیدە من تۆم زۆر خۆش دەویست وزۆر ڕێزم لێ دەگرتی، بەلاّم تۆ تاوانت کردووە، گوتم: تاوانی چی؟ گوتی: ئەوەی تۆ کردووتە تاوانە، گوتی تۆ ئەم شتانەت کردووە، گوتم: بەڵێ کردوومە، بۆ ئینکاری لێ بکەم بادەرم بکەن خۆ لەسەر خووڕەوشت نییە، ئینجا دوای ئەوەی گوتی باشە بڕۆ، فەراشێکمان هەبوو ناوی عەمشە بوو، کچێکی لەگەڵماندا بوو، ناوی (فەخریە) بوو، فەخریە زۆر ڕێک وپێک بوو، هەموو ڕاستییەکەی بەدایکی گووتبو، دایکیشی بە (ست ئەمەل)ی گوتبوو، ئینجا ست ئەمەل هەموو مامۆستاکانی کۆکردبووە وەتەنیا یەک مامۆستا نەبێ ناوی (نوهاد عەونی) بوو، خەڵکی سوریا بوو، ئەگینا ئەوانی دیکە هەموویان بەرگرییان لەمن کردبوو، گوتبوویان ئەوان دەستدرێژیان کردووە وزۆرتر جنێویان داوە، ست ماتیلداش گوتبووی زۆر بەرێک وپێکی هاتوون داوای رادیۆیان کردووە منیش داومنەتێ وپەشیمان نیم.

منیان بانگ کردەوەو، ست ئەمەل زۆر بە تووڕەییەوە قسەی لەگەڵدا کردم، جاران زۆر بەسۆزەوە قسەی لەگەڵدا دەکردم، بەلاّم سێ چوار مامۆستا لەوێ دانیشتبوون یەکێک لەوانە (نوهاد عەونی) بوو، زانیم تووڕە بوونەکەی لەبەر ئەوانە وڕاست نییە، گوتی بلێ من کە ئەمەم کردووە عەسەبی بووم وئیستفزاز کراوم، گوتم ڕاستە ئیستفزاز کراوم بەلاّم من خۆشێت نیم لەبەر ئەعساب ئەمەم کردبێ، من پەشیمان نیم ئێستاش ئەو قسانەم پێ بڵێن هەروا وەلاّمیان دەدەمەوە. ئەوان دەپانزەیەک بوون من یەک کەس بووم گوتیان ئەی کچە کوردەکانی کە کێت لەگەڵدا بوو؟ گوتم: هەرخۆم بووم (هەموو ڕایان کرد) وئیتر

دادگەکاری بەردەوام بوو ڕۆژی دووسێ جار بانگیان دەکردم، دەمێک دەیانگوت بلێ هیستریام لەگەڵدایە، دەمێک دەیان گوت بلێ ئەعسابمە، من ئەوانەم هیچی نە دەگوت، زۆر پێم خۆش بوو فەسڵم بکەن ورزگارم بێ.

مامۆستاکان هەموو بەرگریان لێ دەکردم، بەهیە فەرەجوللا نەبێ دەترسا چونکە کورد بوو، بەڵام نوهاد عەونی زۆر دژی من بوو، جاریکیان گوتی ئەوانە نابێ بواری خوێندنیشیان پێ بدرێ، گوتم ئێمە وڵاتی خۆمانە، بەڵام تۆ بێگانەی هاتووی لەسەر خاک وئاوی ئێمە دەژی، مافی ئەو قسانەت نییە، حەفتەیەک ئەمە بەردەوام بوو، ڕۆژانی پێنج شەممە وهەینی دەبووا کاغەزی ئەو ماڵە بێ بۆ بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان کە دەچوویتە لایان، خانەخوێی من لەوێ ماڵی (ئەمین زەگی بەگ بوو) ئەو هەفتەیە چوو بووم، شەممە کەدەوام کرایەوە عەمشە هات بەشوێنمدا گوتی: تۆیان دەوێ، منیش بەبێزارییەوە چووم کە چووم چوار پیاو لەوێ دانیشتبوون ئەمین زەکی بەگ وعەلی جەودەت ئەیوبی کەوەزیری مەعاریف بوو ودوو پیاوی تر نەمدەناسین، کە چاوم بەئەمین زەکی بەگ کەوت قولپی گریانم هات، ئەمین زەکی بەگ هەر کە چاوی بەمن کەوت هەنسکە برکێمە، گوتی: (اشکرکم.. اول من تنطرد بنت اخویە، والسبب سبب سیاسی) لەگەڵ عەلی جەودەت سەیرێکی یەکیان کردو، بێ دەنگ بوون، دەستی بەسەرمدا هێناو گوتی: برۆ بابە فەسڵیش بکرێی گوێی مەدەرێ.

هەموو کەس دەزانێ لەسەر چییە، ئیتر من چوومە دەرەوە ودوایی عەمشە هات گوتی پیاوەکان ڕۆیشتن ست ئەمەل بانگت دەکات، کەچووم ست ئەمەل بەزەردە خەنەیەکەوە گوتی (خلصناک) گوتم: (نەخێر مامم، رزگاری کردم) ئیتر کۆبوونەوەیەکی بەهەموو قوتابیەکان کردو گوتی ئێوە دەبێ خوشکی یەکتر بن ولەگەڵ یەکتردا رێک بن، چونکە وەک بیستبووم مەسەلەکە بەرەو گەورە بوون دەچوو، قوتابییە کوردەکانی بەغدا کاغەزی هەڕەشەیان بۆ ست ئەمەل نارد بوو، دوو وەزیریش هەبوو نارەزاییان دەربڕیبوو، بۆیە مەسەلەکەیان بڕاندەوە..

لەقۆناغی سێیەمدا بووین (ست ئەمەل) هات گوتی: لێرەوە یەکسەر دەتوانن تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی بدەنەوە، بەمنی گوت تۆ بۆ نایکەی، منیش گوتم ئەگەر تۆ حەز بکەی دەیکەم، حەسیبە قەزازی خوشکی قادر قەزازیش ئەویش گوتی تاقیکردنەوە دەکەم، چووینەوە سلێمانی لەقوتابخانەی فەیسەڵییەی کوڕان

لەگەڵ ئەوان تاقیکردنەوەمان کرد ئەو ساڵە لە ٢٥-٣٠ قوتابی چوار کەس دەرچووبووین یەکێکیان من بووم حەسیبەش دەرنەچوو، ئیتر دەمتوانی بچمە خانەی مامۆستایانی ئەوەلی کەدوو ساڵ دوای ئێمە کرایەوەو ئەوەی ئێمە بڕوا نامەکەی بەرامبەر بە (٣) بوو، دایکم زۆری پێ ناخۆش بوو بچم، دەیگوت سێ ساڵە لەوێی ودوو ساڵی دیکەشی بێتە سەر ناکرێ، بەڵام مامۆستاکانم بەتایبەتی ست ئەمەل (سریە خواجە) زۆریان پێ خۆش بوو ئەوە بوو نەچووم چوارەم ساڵی خانەی مامۆستایانیشمان هەروەک عبور بوو تانزیکی تاقیکردنەوەکان کە تاقیکردنەوە نزیک بووەوە، شەڕی ڕەشید عالی گەیلانی لە ئایاری (١٩٤١) هەڵگیرسا، بەڕۆژ پەتوو شتیان لەهۆڵەکان دادەخست تا لەسەری پاڵ بکەوین، دوو ڕۆژ بوو ئەم هەرایە دەستی پێ کردبوو (نەجمەدین جەلال) کوڕی پوورم بوو لە کۆلێجی پۆلیس دەیخوێند هات بەشوێنمدا بەست ئەمەل وست ماتیلدای گوت من دەڕۆمەوەو دەبێ برازاکەشم لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە، ئەوانیش گوتیان، بۆمان بنووسە وئیمزای بکە ئینجا ببە، ئەویش گوتی کێی دیکەش دێت دەیبەمەوە. نوسرەت حیلمی وحەسیبە قەزازیش هاتنەوە بووین بەچوار کەس وڕۆیشتین، کە دەچینەوە دەبینین ڕێگە گیراوەو ئۆتۆمۆبیل نییە، هاتووچۆ نییە، عارفەفەنی ئامر لیوا بوو شتێکی لەو بابەتە بوو، نەجمەدینی پوورم پێی گوت، ئەو سێ ئافرەتەم لەگەڵدایە دەیانبەمەوە، بەڵکو ئۆتۆمۆبیلێک هەبێ، ئەویش ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی دابووە نەجمەدینی پوورم، کەگەیشتینە سلێمانی نزیک ماڵی خۆمان بووینەوە، لەدوورەوە بینیم سەربانی خۆمان یەکێکی دیکەی نەدەگرت، یەکێک گوتی دەبەسە شێخ سەلام ئەوە هاتنەوە، نەجمەدین هێنانیەوە، لەوێ پروپاگەندە وا بڵاوبووبووە خانەی مامۆستایان بۆردومان کراوە بۆیە زۆر پەرێشان بووبوون، ماینەوە بۆ ساڵی دوایی تاقیکردنەوەمان دووبارەکردنەوەو نمرەکانمان بۆ هاتەوە سلێمانی ودەرچووم، کەتەواو بوو، لەقوتابخانەی (سەدیق)ی سەرەتایی دامەزرام بەمامۆستا ئەو کاتە من لە حزبی هیوا بووم و(ڕەفیق حیلمی)ش کەسەرۆکی حزبی هیوا بوو بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بوو..

ئیتر کەوتمە ژیانی مامۆستاییەوە، ئەویش هەربە هۆی کوردایەتییەوە گیروگرفتی روو بەڕوو دەکردمەوە کەچووم شیعرەکەی فایەق بێکەسم بەقوتابیان دەگوتەوە کەدەڵێ:

تۆ چیت؟ من کوردم

خۆ ترسنۆک نیت، حاشا نەبەردم

چی تۆی لەناو برد؟ دوو دڵی ونیفاق

دەرمانی دەردت؟ تەنیا ئیتیفاق

مامۆستایەکی دیکە کەئێستا ئەمری خوای کردووەو نامەوێ ناویشی بێنم، ئەو عەرەبی دەگوتەوە، هات بەڕێوەبەرەکەشمان دانیشتبوو، یەکسەر گوتی تۆ چۆن ئەو شیعرە بەقوتابییەکان دەڵێیتەوە، ئەو جۆرە شیعرە قەدەغەیە، گوتم بۆ قەدەغەیە ئەو شیعرە لەدیوانەکەی بێکەسدا هەیە، ئەو دیوانەشی بە فەرمانی حکومەت چاپ کراوە، کەچوومە پۆلەوە، دوو قوتابی زیرەکمان هەبوو، درەخشانی شێخ جەلال وپرشنگ واحید بوون، گوتیان مامۆستا ئەو مامۆستایە پێمان دەڵێ، ئەو شیعرانە لەبەر مەکەن، درەخشان گوتی مامۆستا دەزانی خۆی چیمان پێ دەڵێتەوە:

انا لا اعرف غير العرب امة تفدى بأمي وأبي

لولا نزول الدين من ربي لتدينت، بحب العرب

لەڕاستیدا منیش زۆر پێی تێکچووم (هیوایی) بووم وسەرۆکی حزبەکەم بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، کەسیش نەیدەزانی ڕەفیق حیلمی سەرۆکی هیوایە، منیش پێم گوتن ئەوەی لەبەری بکات زمانی دەبڕم، گوتیان ئێمە لەبەری ناکەین، منیش لەکاتی وچاندا بە مامۆستاکەم گوت، ئەوەتۆ ئەو شیعرەت فێر کردوون ئەوەی کردووتە تاوانە، ئەوانە منداڵی کوردن، دەبێ میللەتی کورد بناسن، ئیتر پێم گوت تۆ بەدنەکی کوردی، گوتی من ئەوەیان پێ دەڵێم کێ پێ ی ناخۆشە باپێ ی ناخۆش بێ، بووە شەڕە قسە منیش گەنج بووم وخوێن گەرم بووم، یەکسەر کورسیەکەم هەڵگرت پیامدا کێشا، بەڕێوەبەرەکەمان کەوتە نێوانمانەوە، بەڵام دوایی شتەکە درا، ڕەفیق حیلمی خۆی هات بۆ قوتابخانەکەمان چۆن بوو شتەکە ئاوا بۆیان گێڕایەوە، ڕەفیق حیلمی گوتی ئێ توخوا هەقی نییە، من خۆم بوومایە بەردەمانچەم دەدا، ئەوە بگوترێ بەڵام ئەوە نەگوترێ، بەڵام من خۆم بەرەفیق حیلمیم گوت من لەم قوتابخانەیە نامێنم، گوتی بۆ نامێنی، گوتم دەچم بۆ باخچەی منداڵان، لەوێ لەگەڵ ئەو منداڵانە پێک دێم، گوێزرامەوە بۆ باخچەی



رەنج، رزگار، راست، روژ، نوری شاوەیس

منداڵان، هەریەک باخچەش هەبوو لەسەری نوسرابوو (مدرسە الاحداث)، پرشنگی عەبدولواحید نوری ودرەخشانی شێخ جەلال جانتاکانیان هەڵگرتبوو بەدوای مندا هاتبوون، بەڕێوەبەرەکە هەواڵی بۆ باوکیان ناردبوو گوتبووی چۆن دەبێ مامۆستایەک بڕوا بەشوێنیدا بچن، گوتبوویان ئیمە شانازی بەوەوە دەکەین بەدواییدا چوون، چونکە منداڵەکانی ئێمە کوردن، کەچوومە باخچەی منداڵان، فاتمە خانی محێدینە فەنی بەڕێوەبەری باخچە بوو ئافرەتێکی ڕێک وپێک وکامڵ وبەساڵاچوو بوو، هەموو کاروباری قوتابخانەی خستبووە ژێر دەستی منەوە، ئەوە بوو خۆپیشاندانێک لەسلێمانی کرا، منیش هەموو قوتابیانی باخچەکەم ڕێک خست وبردمن بۆ خۆپیشاندانەکە وچووینە بەر دەرگای قایمقام داواکارییەکان لەسەر نەورۆزو ئەم باباتە بوون، قایمقام بەڕێک وپێکی هاتە لای خۆپیشاندەران وگوتی چیتان دەوێ، ئەو کاتە ڕەفیق حیلمی لەپەروەردە نەما بوو مستەفا فەنی بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، ناردی بە شوێنمدا، گوتی ڕۆڵە ها ها ئەوەندەی لەسەر مێزەکەی گەڕا شتی بچووکی نەدۆزیەوە، قەڵەمێکی هەڵگرت، گوتی ها ها ئەوەندە بچوکی بۆم دەچی بەگژی بەریتانیای عوزمەدا، گوتی ئەم شتە بەمنداڵە وردکە ناکرێ، ئەوە حاجی تۆفیق وئەوانە ئەو شتەیان دەکرد، گوتم قوربان ئەو منداڵە بچووکانە نەوەی دوا ڕۆژن، تۆ وخاڵە حاجی ووەتەنییەت کوجا مەرحەبا، گوتی ڕۆڵە ئاخیرت خێر بێ.

هەرلە باخچەی منداڵان مامۆستای وەرزش بووم کۆتایی چلەکان نەورۆز هات وئەو کاتە (مەعروف چیاووگ) پارێزگاری سلێمانی بوو، کارتیان بۆ ناردبووین گوتبوویان خۆت وقوتابیەکانت لەکارێزی وەستا شەریف ئامادەبن، کەچووین چادریان لەکارێزەکە هەڵدا بوو، (ئەدمۆنز) ومەعروف چیاووگ لەوێ بوون، ئیبراهیم ئەحمەدیش لەوێ بوو، قوتابی دواناوەندیش هاتن ودووسێ گۆرانیان گوت کۆمەڵێک شیعری نیشتمانی خوێندرایەوە، گوتیان فایەق بێکەس شیعرێکی زۆر خۆشی هەیە (مەعروف چیاووگ) نەیدەزانی شیعرەکە چیە، گوتیان با فایەق بێکەس بێت شیعرەکە یخوێنێتەوە، ئەویش گوتی هەتا جەنابی موتەسەریف ئەمر نەکات شیعرەکە ناخوێنمەوە، (ئەدمۆنز) دانیشتبوو لەشانێکی حاجی تۆفیق دانیشتبوو، لەشانێکی ئیبراهیم ئەحمەد دانیشتبوو، موتەسەریف گوتی باشە کاک فایەق فەرموو، مێزێکیان بۆ فایەق بێکەس هێناو چووە سەری وشیعری (٢٧) ساڵەی گوت:

(٢٧) ساڵە من سەپانی تۆم

بەنان وئاوو جلو بەرگی خۆم

هەر چوارینەکەی دەخوێندەوە قوتابیانی دواناوەندی بەیەک دەنگ بەدوایاندا دەگوتەوە (هەی سەگی سەگباب ئینگلیز)، مەعروف چیاووگ هاواری دەکرد بەسە، بەڵام فایەق بێکەس (٢٧) چوارینە بوو هەمووی خوێندەوە دەیگوت مادام هاتووم دەستم پێکردووە تاتەواوی نەکەم دانابەزم، با کاک (ئەدمۆنز)یش گوێی لێ بێ، هەر لەوێوە خەڵکەکە خوێنی گەرم بوو، کۆمەڵێک بەدوای (عیزەتی تۆپچی) کەوتن وبەخۆپیشاندان چوون بەرەو بەردەمی ماڵی موتەسەریف، نەبووە شەڕو کوشتارو شتی وا، من خۆم لەو ڕووداوە مێژووینە لەوێ بووم.

# حزبی ڕێی ڕاست وگۆڤاری تروسکە

من هەر لەو باخچەی مندالانە بووم، چوومە ریزی حزبی (ڕێی ڕاست)، ڕێی ڕاست حزبێکی بچوک بوو، هەر لەهیوا جیا بوو بووەوە لەوانەی لەو حزبە کاریان دەکرد ودەمناسین حەمە سەعید خەیات ورەفیق چالاک ورەئوفی سالحەفەنی کەهەر بە گەنجی مرد، وئەحمەد سەعیدی برای قالە ڕەشو، غەفوری میرزا ئەحمەد، ئەویش خۆی خۆی کوشت، من هەر ئەمانەم لێ دەناسین.

کەلەو حزبە کاریان دەکرد، گۆڤارێکیان دەردەکرد ناوی (تروسکە) بوو، (لوتفییە)ی مەلا سدیقی کۆیی ئەو کاتە لە (دار المعلمین العالی) دەیخوێند، مەلا سدیق حاکمی گەورەی سلێمانی بوو، گۆڤارەکە وێنەی کوڕێکی لەسەر بوو رانکو چۆغەی لەبەردا بوو ئالای کوردستانی هەڵگرتبوو چۆن گۆڤارەکەمان دەردەکرد، هەموومان کۆ دەبووینەوەو وتارو بیروڕای خۆمان دەنووسییەوە لەسەر دەفتەرێکی (١٠) فلس بایی هەموویمان پڕ دەکردەوەو دوایی لاپەڕەکانمان لەیەکتر جیا دەکردەوەو بەدەرزی ودەزوو دەمان دوورییەوەو، دەماندایە کۆمەڵێک منداڵ (سەبریەی مام ئەحمەد) یەکێ بوو لەوانە بە ماڵاندا بڵاویان دەکردەوە، ئەمە هەرایەکی زۆری نایەوەو بە پانزە ڕۆژ جارێک بەڕێکو پێکی دەردەچوو، مەعروف چیاووگ وبەڕێوەبەری پۆلیس کە کابرایەکی عەرەبی دڕبوو، داوایان لە مەلا سدیق کردبوو ئەو شتە بدۆزێتەوە کەلە کوێ دەردەچێ، (لوتفییە) بۆ پشوو هاتبووەوە، باسی گۆڤارەکەم بۆ کرد، ئەویش گوتی باشە دەتۆ ئەمشەو وەرە بۆ ماڵی خۆمان تەواوی دەکەین، ماڵی (لوتفییە خان) خانوویەکی دوورو درێژ بوو، دالانێکی لەبەردەمدابوو یەکەم ژووری لای دەرگاکەوە ژووری میوان بوو، لەو ژوورە درەنگانی شەو بوو خەریکی گۆڤارەکە بووین، ڕێکمان خستبوو لوتفییە دایکی خۆی نەما بوو، (مەعسومە خان) باوەژنی بوو، ئافرەتێکی زۆر ڕێکو پێک بوو، دەیزانی ئێمە هەر چرپە چرپ دەکەین بەڵام نەیدەزانی چییە، زۆر حەزی دەکرد بزانێ، بۆ مەلا سدیق شەو هەڵناستێ تەماشای کردبوو چرای دیوەخان ئیش دەکات، هاتبوو چرایەکە بکوژێنێتەوە بە ئەسپایی هاتە ژوورەوە وبینی من و لوتفییە ئەمەمان لەبەر دەستدایە (بڵاوکراوەی تروسکە)، بەهەردوو چەپۆک کێشای بەسەری خۆیدا وگوتی:«هەی بابەڕۆ ئەوەی لۆی دەگەڕێم لەماری خۆمدایە».. من هەڵوێستی لوتفییەم زۆر پێ ناسک بوو، چونکە باوەژنی هەبوو

وقوتابیش بوو، مەلا سدیق چووە دەرەوە، ماڵی ئێمە لە ماڵی لوتفییە زۆر نزیک بوو، گوتم لوتفییە من دەڕۆمەوە گوتی تۆ دەڕۆیتەوە ئەی من، گوتم بابزانین سبەینێ چی دەبێ، چوومەوە لەدەرگام دا، پیاوێکمان لابوو، ناوی نەریمان بوو دەرگای کردەوە، باوکم گوتی نەریمان کێیە گوتی (ناهییە)، باوکم گوتی، کوڕی بابی ئەی نەتگوت من ئەمشەو لای لوتفییە دەبم، سبەی دووسبەی دەڕوانەوە، ئەی ئیزنت وەرنەگرت، گوتم وەڵلا بابە تاقەتم چوو، گوتی هەی هەی لەتاقەتی تۆ، لەدڵی خۆمدا دەمگوت تاقەتی چی وشتی چی، سبەینێ دەمانبەن بۆ دادگا سەری لوتفییەش دەتاشن، چوومە سەر جێگاکەم، هەر لەوخەیاڵانەدا بووم، تابەیانی زۆر کزو عاجز بووم، بەیانی تازە خۆر کەوتبوو، خوشکەزایەکی مەلا سدیق کچی مریەم خانی خوشکی ناوی زەکیبیە بوو، هاتە ماڵی ئێمە من ئەژنۆم شکا، بەباوکمی گوت: خاڵە سەلام کوا ناهیدە، خاڵم دەڵێ هەردەبێ بێ چام لەگەڵدا بخوا، باوکم گوتی هەستە بابە هەستە تۆ هەر جوان نەبوو، بەو شەوە ئەو ماڵەت بەجێ هێشتووە، بچۆ، کە چووم لەڕێ پرسیارم لە (زەکیبیە) کرد ئەو هیچی نەدەزانی، گوتی خاڵم گوتوویەتی کوا ناهیدە گوتمانە ڕۆیشتووە، گوتویەتی هەر دەبێ بێ نانم لەگەڵدا بخوا، کەچووم سەیرم کرد مەعسومە خان سەماوەری گەرم کرد بوو، سینیەکی گەورە دانرابوو، قەیماغ وشانەیەکی هەنگوینی سپی جوانی لەسەر بوو، هەرکە چاوی بەمن کەوت، گوتی وەرە بابە دانیشە ئەوەی شەوان درەنگ بنوێ دەبێ سبەینان قەیماغ وهەنگوین بخوا، قەیماغ وهەنگوینم خواردوو، بانگی کردمە ژوورەوە (کوفییە)یەکی دامێ گوتی هی سەردەمی عەبدولمەلیکی کوری مەروانە بەدیاری دەیدەم بەتۆ، ئەو پیاوە ئەوەندە سەربەرز بوو، تەنانەت بەڕووی لوتفییەشی دانەدابوو، کە(کوفییە)کەشی بە دیاری دابە من مانای ئەوەیە شتەکەی زۆر لاپیرۆزە.

شێخ مستەفای قەرەداخی باوکی کامەران قەرەداخی کەرۆژنامەنووسە لەلەندەن دادەنیشێت موتەسەریفی سلێمانی بوو بارودۆخەکە لەگەڵ شێخەکاندا زۆر ئاڵۆز بوو بەتایبەتی شێخ مەحموود وشێخ لەتیف، شێخ مەحموود لە داری کەلی بوو هەندێک بەیاننامە وشتی وا فڕێ درابوو، جا شێخ مستەفا خۆی زۆر کورتە باڵا بوو، لەبەیاننامەکاندا نووسرابوو (تو کورتی، کورد نی)، ئیتر هەندێک کەسیان گرت لەوانە نوری شاوە یس قوتابی شەشی ئامادەیی بوو، شێخ لەتیفی دانساز بوو ئەوانە لەسەر ئەوەش گیرابوون ئاگری نەورۆزیان کردبۆوەو خۆی قەدەغە

کرابوو، چەند کەسێکی دیکەش، ئێمەش سەر بەڕێی ڕاست بووین وحەلاوە خانی کچی شێخ مەحموود کەلەدایکی شێخ لەتیف نەبوو لەگەڵ ئێمەدا ئیشی دەکرد، گوتی وابزانم شێخ لەتیف وبابا عەلی گیراون چی بکەین گوتم خەمت نەبێ ئەمشەو وسلێمانی هەموو دەکەین بەبەیاننامە، کاغەزمان هێناو دانیشتین نزیکەی (٤٠٠-٥٠٠) دانەمان نووسی (سەبریەی مام ئەحمەد) ئەو کاتە منداڵ بوو لەگەڵ منداڵی دیکە هێنامان، بەیاننامەکانمان بەسەر منداڵان وئافرەتی خۆماندا دابەش کرد، بۆ سبەینێ تەنانەت قەنارەی گۆشت فرۆشەکان بەیاننامەی پێوە بوو، هەمووی لەسەرەوەی نووسرابوو (تۆ کوردنیت، کورتیت)، من وباوکی ڕۆژ ئەو کاتە هیچ پەیوەندیمان نەبوو، تەنیا سدیق شاوەیس خوالێی خوشبێ وئیسماعیل شاوەیس وباوکم کوردایەتی کۆی کردبوونەوە، من مامۆستای کچەکانی شێخ مستەفا بووم بەو بیانووەو دوو سێ جار چوومە ماڵی شێخ مستەفاو بەیاننامەکەم فڕێ دایە ماڵیشیانەوە دوایی لەخۆم ترسام وهەستام چووم بۆ دێیەکەی خۆمان دێی (دۆلان)، تاقمێک کۆبووینەوە گوتمان بابچین بۆ سەردانی شێخ مەحموود لەداری کەلی یەکێک لەوانە ئەحمەدی مەلا قادری سۆفی بوو وئەحمەد بانی خێلانی بوو ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بوو، پوروزایەکی خۆشم (حەسەن ئەمینی ئیمام) ئەویش شیوعی بوو، یەک دوویەکی دیکەش لەگوندەکەش یەکێک ناوی کەریمی کاکل بوو یەکێکی دیکەش ناوی جیهان بوو چووین بۆ داری کەلی شێخ مەحموود لەدوورەوە بەپیرمانەوە هات، گوتی بیستوومە شتی باشتان کردووە، کوتم ئیمە نەمان کردووە هەموو خەڵکی سلێمانی داخ لەدڵە وئەمەی کردووە، ئیتر شێخ مەحموود هەر پێکەنینی دەهات ودەیگوت (تۆ کورتی کورد نی) دەیگوت ئێ خۆ درۆناکەن کورتە، پرسیاری حەلاوە خانمی کچی کرد، گوتم حەلاوە تاقەتی سیاسیەتی نییە، گوتی (نا نا ئەوە سیاسەت نییە، خوشک وبرایەتییە)، ماوەیەک لەدێیەکەی خۆمان ماینەوە کە بارودۆخ ئاسایی بووەوە چووینەوە بۆ سلێمانی من هەر مامۆستا بووم.

## پەیوەندی کردن بە «ژ.ک» و«رزگاری»یەوە

کۆمەڵێک پەیوەندییان پێوە کردم، گوتیان ئێمە کۆمەڵەی «ژ.ک»ین وگۆڤارێکمان هەیە ناوی (نیشتمان)ە وحەز دەکەین هاوکاریمان بکەی، کەهیوایی بووین گۆڤاری (نیشتیمان) مان بۆ دەهات، رۆژێکیان گوتیان گۆڤاری (نیشتیمان) لایەن رەفیق حیلمییەوە چووە بۆ (شۆکەر)، ئیتر قسەیان بەرەفیق حیلمی دەگوت دەیانگوت، پیاوی ئینگلیزە وجاسوسە، شوفێرەکەی رەفیق حیلمی هیوایی بوو ئەم قسەیەی گێرابووەو منیش وەک باوک تەماشای رەفیق حیلمیم دەکرد، چوومە لای گوتم مامە تۆ بۆ ئەمەت کردووە، پێکەنی وگوتی بابە، ئەگەر ئێمە هەر خۆمان لەئەڵقەی خۆماندا بسوڕێینەوە بۆ چی چاکە دەبێ خەڵک بمان ناسێ، ئیتر باسی ئەوە بکرایە من داکۆکیم لەسەر دەکرد دەمگوت ئەو راست دەکا دەبێ ئینگلیز بمان ناسێ زۆر جار دەیانگوت (موحامی وەک تۆی هەبێ چی دەوێ)، دیارە پیاوی هەڵکەوتوو هەر تووشی ئەم هەڵوێستانە دەبێ.

چووم بۆ دیدەنیان، لەوێ ئیبراهیم ئەحمەدو، سامی خەڵکی بادینان بوو ومەئمون لە کۆگەی پەروەردە بوو وفایەق بێکەس ومەدهۆش وعوسمان دانش وسدیق شاوەیس وئیسماعیل شاوەیس ونوری ئەحمەدی تەهای لێ بوو، گوتیان حەز دەکەین ئافرەتمان لەگەڵدا بێ، دەزانین تۆش تاقمێکت لەگەڵدایە، بادوو کەستان بێتە ئێرە وئەوانی دیکە وەک رێکخستن ئیش بکەن، منیش لەگە ئەوانەی لەگەڵمدا بوون قسەم کردو چووینە ریزی (ژ.ک) عوسمان دانش تەتەر بوو زۆر پاک وشەریف بوو، هەموومان نزیکەی (١٦٥) دینارمان کۆ کردەوە، دامانە ئیبراهیم ئەحمەد بیبا بۆ ئێران بەڵام نەمانزانی چارەنووسی پارەکە چی بەسەرهات، عوسمان دانش گوتی نەگەیشتووە.

(ژ.ک) لەچالاکی بەردەوام بوو، چاپخانەمان نەبوو، پەروەردە چاپخانەیەکی هەبوو، (سامی) خۆی بەرپرسی کۆگەی پەروەردە بوو ئێمەش بیرمان لەوە کردەوە بەهۆی (سامی)یەوە، رۆنیۆیەکەی پەروەردە بدزین، من ئەمسەری کۆڵانم گرت ویەکێکی دی ئەو سەری گرت وسامی رۆنیۆیەکەی هێنایە دەرەوە، دزیمان وبردمان بۆ ماڵی مەدهۆش، ماڵی مەدهۆش جێی گومان نەبوو، چونکە بەرگ دروو بوو بەمەکینەی دروومان وشتی تێ دەگەیشتن ناومان لێ نابوو (تەعە تەعە کەرەکە)،

بەياننامەو شتمان هەموو پێ چاپ دەکرد، دادگا ودادگاکاری کرا، ئێستا وئەوساش ڕۆیی وپێیان نەزانی ئەو ڕۆنیۆیە ئێمە بردوومانەتە دەرەوە واتە دزیومانە، ئەو کاتە کوردایەتی بەو شێوەیە دەکرا، ئینجا ئافرەتێک لەماڵی (ئیسماعیل شاوەیس) بوو ناوی (کەتان) بوو تۆزێ شتمان تێ گەیاندبوو هەندێک جار برە پارەیەکمان دەدایە ئەو ژنە تەعە تەعە کەرەکەی لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ دەگوێزایەوە، لەو ئافرەتانەی کە لە (ژ.ک) دائیشیان دەکرد زەکیە بابان کەدوایی بەخۆی وکۆمەڵێک ئافرەتەوە چوونە ڕیزی حزبی شیوعی ونەعیمەی خوشکی ئیبراهیم ئەحمەد ولوتفییەی مەلا سدیق ئەو هەر لەگەڵ مندا بوو وفەخریەی ژنی واحیدەفەنی وحەلاوە خانی کچی شێخ مەحموود، کەهەر ئەو تاقە کچەی هەبوو لە (ژ.ک) لەگەڵ مندا بوو شەفیقەی ژنی جەمال خەفاف وشەفیقە سەعید وفاتمەی محەی سالە سور، ئەوانە لەگەڵ مندا بوون نەعیمەش چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو وزەکیە بابانیش چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو کەدوایی بوونە شیوعی، لوتفییەش چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بوو ئیتر کەسەکانی دیکەش کەسی دیکەیان لەگەڵدا بوو، ڕێکخستنەکە بەو شێوەیە بوو، هەر کەسەو ئەوەی لای خۆی دەناسی.

ڕۆژێکیان (ئەمە وەک نوکتە دەیگێڕمەوە) من وزەکیە بابان ونەعیمە، دەبووا بۆ کۆبوونەوە بچین بۆ ماڵی فایەق بێکەس نوری، ئەحمەدی تەهاش زۆر کۆمێدی وئەنتیکە بوو، ئێمەش هەرسێکمان عەباو پێچەمان گرتبووەوە کەس نەیدەناسین نوری ئەحمەدی تەها بەدواماندا دەهات وزوو دەیگوت بەقوربانی ئەو قەدو باڵایانەتان بم بۆ کوێ دەچن، وەڵلا نەیبریەوە وئەمجارە وایگوتەوە منیش گوتم،بۆ ئەو جێگایە دەچین کەتۆ بۆی دەچی چونکە ئەویش بۆ کۆبوونەوەکە دەهات، لە کۆبوونەوەکە ئەوەندە بەخۆیدا شکابووەوە ئەو چاوەی خستیە سەر زەوی هەڵی نەبڕی، دەترسا قسەیەکی پێ بڵێین.

عوسمان دانش هەروەک ئاماژەم پێ کرد تەتەر بوو ئەو کاتە سەردەمی کۆماری مەهاباد بوو، عوسمان دانش هاتو چۆی دەکرد، کە لە ناوچە کۆبوونەوەمان دەکرد، هەرچیمان هەبوو دەماننووسی ودەیبرد، بەشێکی هەر بەپێ هاتووچۆی دەکرد.

ئەوە بوو نوری ئەحمەدی تەهاو هەر چوار ئەفسەرەکە (مستەفا خۆشناوو

مەحەمەد قودسی وخەیروڵلا وعیزەت عەبدولعەزیز) چوونە پاڵ کۆماری مەهاباد ولەدواییدا کە کۆماری مەهاباد لەناوچوو وقازی لەسێدارەدرا، ئەوان هاتنەوە وهەر چوار ئەفسەرەکە لەسێدارە دران ونوری ئەحمەدی تەها وجەلال ئەمین فەرمانی بەندی هەتا هەتاییان بۆ دەرچوو، ئەو کاتە من دوو ساڵ بوو لە (١٩٤٦) شووم بەباوکی ڕۆژ کردبوو ولەسلێمانی چووینە لای نوری ئەحمەدی تەها، دەست وپێی کەلەپچە بوو، کەچاوی بە ئێمە کەوت، گوتی یاخوا بەخێر بێن هەردوو نونەکە، گوتم بۆ لای نونی سێیەم هاتووین، گوتی بەخوا ئەم نونەیان خەریکە تیابچێ، گوتم ئینشائەڵلا تیاناچێت وبەسەلامەتی دەردەچی، ئەوە بوو بارودۆخ گۆڕاو نوری ئەحمەدی تەها وجەلال ئەمین ئازاد کران.

دوای ئەوە حزبی رزگاری هاتنە لامان تا بچینە ریزی ئەوان، ئیبراهیم ئەحمەد بەمە رازی نەبوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆر گوتیان دەچین، چونکە تازە کۆماری مەهاباد نەما وئێمەش دەبێ هەنگاوێکی دیکە بهاوێین، من وئافرەتەکان، تەنانەت نەعیمەی خوشکی ئیبراهیم ئەحمەدیش پێی مەعقول بوو زەکیە بابان چووە لای شیوعییەکان، جگە لەوەی ئێمە هەموو رازی بووین، کە چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئێوارە ئیبراهیم ئەحمەد هات بۆ ماڵی ئێمە، گوتی خوشکێ ئێمە ماوەیەکە پێکەوەین ئێستا ناشیرینە جیا ببینەوە وئەم قسانەی کرد، گوتم من رای خۆم وبەڕاست دەزانم، من ژمێریار بووم لەناوچە (٦٠-٧٠) دینارمان هەبوو، گوتی، دە دیارە تۆ زۆر کەللەڕەقی ئەو پارەیەمان بدەرەوە، گوتم بلێ بۆ پارەکە هاتووم.

ئیتر خەریکی چالاکی بووین وڕێکخستنمان دەکردو پارەمان کۆدەکردەوەو یارمەتی هەژارانمان دەدا، بازاڕێکی خێر خوازیمان کردەوە، ئەو کاتە (ڕەشید نەجیب) قائمقامی سلێمانی بوو، خێزانەکەی زۆر یارمەتی دەداین، ئەگەر ڕەزامەندی قائمقام نەبووایە نەماندەتوانی بازاڕی خێرخوازی بکەینەوە، حەبسە خان لەقوتابخانەی ناوەندی کچان کەلەنێوان مزگەوتی گەورە وماڵی خۆیاندا بوو، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵدا کردین لەوێشدا چەند وتارێک وەک چالاکی ئافرەت پێشکەش کرا، منیش بەشداریم تێدا کرد، لەو کۆبوونەوەیەشدا پارەیەکی باشمان کۆکردەوە ودوو خانوومان کڕی بۆ دوو ماڵی هەژار کەپیاویان نەبوو.

ساڵی ١٩٤٩ دوای وەثبەی کانون لەبەغدا بوو، ئەو کاتە سێ ساڵ بوو پارتی



**نوری شاوەیس، ڕوژ - کرکوک**

دامەزرابوو، ڕۆژێکیان ژنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد گوتی (یاخوا موزاهەرە ببێ وخەڵکی بکوژرێ) منیش گوتم گەلاوێژ چۆن دڵت دێ قسەی وابکەی، گوتی بۆ ئەوەی باوکی هێرۆ ئیشی محامیتی هەبێ وپارەی هەبێ منیش بیدەم بەپێنج ریلەیی مەبەستی پێنج لیرەیی بوو.

ئێمە تا ١٩٤٩ لەسلێمانی بووین هەر (ڕۆژ)مان هەبوو، ئیتر باوکی ڕۆژ گوێزرایەوە بۆ حیللە، کە لەحیللە بووین، پەیوەندی حزبایەتیمان هەر هەبوو بەڵام دور بووین، لەوێوە گوێزراینەوە بۆ هەولێر، من (رزگار)ی کوڕم لە ١٩٥٠ لەشەقڵاوە بوو، من لە شەقڵاوە بەڕێوەبەری قوتابخانە بووم، ئێستاش زۆر کەس لە شەقڵاوەوە دێن بۆ لام ودەڵێن قوتابی تۆ بووین، هەندێکیان باش دەناسمەوە، تەنانەت باسی ئەو شیعرانەم بۆ دەکەنەوە کەفێرم دەکردن، لەقەڵای هەولێر ئەو زستانە نمایشێک سازدەدرا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ئێمە(ئەستێرە سەعید) بوو، ئەستێرە هاوەڵی خۆم بوو، من حەزم لە وەرزش دەکرد، گوتی با بەرپرسیارێتی نمایشەکە لە ئەستۆی تۆبێ نمایشەکەمان ڕێک خست، کۆمەڵێک جووتیار و کۆمەڵێک گوڵفرۆش و کۆمەڵێکیش بە دەوریاندا دەسوڕانەوە و داوای گوڵیان دەکرد، شیعرەکەم لەبیرە کەدەیانگوتەوە:-

هەی گوڵ،هەی گوڵ، بروانە گوڵ

خۆشیە بۆ دڵ ، هەی گوڵ هەی گوڵ

مامەی گوڵفرۆش ، مامەی گوڵفرۆش

پێم بڵێ گوڵ بەچەند ؟ پێم بڵێ گوڵ بەچەند ؟

ئەوانەی دیکە دەیانگوتەوە:

گوڵ نافرۆشم نایدەم بەپارە

چونکە خوێناوی کوردی هەژارە

یان: نەگوڵ ئەفرۆشم، نەگوڵ ئەسێنم

برا کوژراوم تۆڵە ئەسێنم

هەر لە وازیگەکە بە جلوبەرگی نمایشکاران لەرەنگی زەردوسوروسەوزوسپی سەوز بەیداخێکی کوردستانمان دروست کرد، ئەو کاتە لە هەولێر(عەونی یوسف) دەستی دەڕۆیشت و کوردایەتی دەکرد، هاتە وازیگەکە و ئەمەش نمایشەکەی گەرم تر کرد.. بۆ بەیانی باس باسی ئەو نمایشە بوو، گۆشت فرۆش و سەوزەفرۆش دوکانداروکاسبکار دەیانگوت هەی گوڵ، هەی گوڵ بروانە گوڵ

عەبدولمەجید حەسەن بەڕێوەبەری پەروەردە بوو پیاوێکی خراپ نەبوو بەڵام ئەوکاتە بارودۆخەکە زۆر ناسک بوو، جامی یەکەم و دووەمی نمایشەکە هەبوو جامی یەکەمی دا بەو قوتابخانەیەی کە هەموو چالاکیەکانیان بەعەرەبی بوو، جامی دووەمیشی دابەئێمە، منیش جامەکەم لەسەر مێزەکەی دانایەوە و گوتم بۆ جامی یەکەم و دووەمان نەکردووە و بۆ ئەوەمان کردووە لە هەولێر دا بە کوردی نمایش بکرێ، لەسەر ئەوە ئاگادارییەکی وەزیفییان وەک سزا بۆ ڕەوانە کردم،(عەونی یوسف) چوو لە پۆستە رایکێشایەوە، گوتیان بچۆ جامەکە وەرگرە گوتم وەرم نەگرتووە و وەری ناگرم،(ئەستێرە سەعید) گوتی ناهیدە بەقوربان مەیکە بەبەزمەکەی(خانەی مامۆستایان)بچۆ جامەکە بێنەوە،دەمگوت بۆ خۆت بچۆ من ناچم، دەیگوت ئاخر دەبێ تۆ بچی ئیمزای بکەی، هەر نەچووم.

دووساڵ لە هەولێر ماینەوە دوای ئەوە باوکی ڕۆژ بوو بە(ئەندازیاری هەرێم) گۆزراینەوە بۆ کەربەلا، جا لێرەدا شتێک (وەک نوکتە دەگێرمەوە)، دیارە کەشتێکی وادەبێ خۆشی دەکەوێتە ماڵەوە، لەماڵی ئێمەش بەو شێوەیە بوو، هەفتەیەک لەوەوپێش(ڕۆژ) لەکۆلان شەری کردبوو لە منداڵی پۆلیسێکی دابوو، گووتمان بابە گیان شەرمە، تۆ چۆن شەڕ دەکەی لەگەڵ کەسیشدا نا لەگەڵ منداڵی پۆلیس،پۆلیس ئەو کاتە زۆر زاڵم و دەسڕۆیشتوو بوون، ئەویش منداڵ بوو سەرەتای ١٩٥٢بوو، ئیتر پۆلیس زۆر بەگەورەوموهیمی چوو بووە مێشکیەوە، کەدەبینی باوکیشی گۆزراوەتەوە بۆ وەزیفەیەک ئێمە زۆرمان پێ خۆشە باوکی هاتەوە هەر دەرگای کردەوە (ڕۆژ)بەرەو رووی رایکرد و گوتی(ئۆخەی بابە شوکر بووی بە پۆلیس). هەر لەکەربەلا بووین(شێخ حسێنی شێخ عەبدولکەریم)ی کەسنەزان، مێردی (مەندان)ی خوشکم بوو نەخۆش کەوتبوو، جا ئەوان خێزانێکی زۆر ناودارن (شێخ حسێن) یان هێنابوو بۆ بەغدا، لە نەخۆشخانە کەوتبوو ئێمە هەواڵمان بۆ ناردن کە بچین سەری لێ بدەین من و باوکی ڕۆژو (ڕۆژ) و(ڕەنج)مان برد، ڕەنج تەمەنی دووساڵان بوو، کەچووین شێخ حسێن

لەسەر قەرەوێڵەیەک کەوتبوو شێخ عەبدولکەریم و دایکی و حەبسە خانی کچی شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕ لەوێ بوون، کاتێکمان زانی دەنگە دەنگێک دروست بوو ئەو رای دەکردو ئەو رای دەکرد گوتمان چییە. گوتیان ساڵح جەبر دێ سەر لە شێخ حوسێن دەدات ڕۆژ گوتی چییە، گوتمان ساڵح جەبر دێ،کە ساڵح جەبر هات کورسیان بۆ دانا و ساڵح جەبرو تۆفیق وەهبی و باوکم دانیشتن ڕۆژ هاتە بەردەمی ساڵح جەبر و دووسێ جار گوتی(نوری سەعید قوندەرە ساڵح جەبر قەیتانە)، ڕۆژ ئەو کاتە منداڵێکی زۆر جوان و پاک و خاوێن بوو، تۆفیق وەهبی گوتی شێخ سەلام ئەوە مندالی کێیە؟ باوکم بەشەرمەوە گوتی، کاک تۆفیق خۆت دەزانی من کوڕم نیە ئەوە کوری ناهیدەیە شێتە،ڕۆژ هەرکە گوێی لە شێتە بوو گوتی نەوەڵلا بابە شێخ سەلام شێت نیم نوری سەعید قوندەرە ساڵح جەبر قەیتانە یەک دوو جاری دیکە دووبارەی کردەوە، ساڵح جەبر هەر خۆی گێل کردەبوو وەک لەگەڵ ئەوی نەبێ، کەڕۆیشتن باوکی ڕۆژ ئەولاو ئەملای ماچ کردو گوتی ئەوەی خەڵک خۆپیشاندانی بۆ دەکا تۆ رووبەروو پێت گوت. بردی بۆ بازاڕ قاتێک جلی کاوبۆی بۆ کڕی ئەم دروشمەی میللەت باو بوو هەر کاتێک جەماوەر خۆپشاندانیان دژی رژێم دەکرد دەیان گوتوتەوە.

لە کەربەلا چالاکی حزبیمان بەو شێوەیە نەمابوو بەڵام باوکی ڕۆژ هەر مولتەزیم بوو لە کەربەلاوە پاش ساڵ و نیوێک لە ۱۹۵۳ گۆزراینەوە بۆ (کوت) لەکوت (ڕۆژ) چووە باخچەی منداڵان، مەلیک فەیسەڵ ئەو ساڵە سەری لەکوت داو چووە باخچەی منداڵانیش لەوێ لەناو ئەو هەموو منداڵە عەرەب و بەچکە کوتاوییە بۆ بەخێر هاتنی مەلیک(ڕۆژ)یان هەڵبژارد بوو، (ماجد مستەفا)ش یاوەری مەلیک بوو،(ڕۆژ) بەخێر هاتنی کردبوون و، زۆر بەجوانی وتەی پێشوازی ئیلقا کردبوو، مەلیک بانگی کردبوو و چوکلێتێکی دابوێ ئەویش گوتبووی «های های الملیک اشکبراتە ینطینی چکلیتە،ابوی ینطینی قوطیە» واتە مەلیک بەگەورەی خۆی یەک چوکلێتم دەداتێ، خۆ باوکم یەک قوتووم دەداتێ، مەلیک زۆر پێکەنی بوو بانگی کردبوو وێنەیەکی لەگەڵ گرتبوو،دوایی وێنەکەیان لە دیوایی مەلیکیەوە بە دیاری بۆ ناردینەوە. ساڵی ۱۹۵۳یش لە سلێمانی هەڵبژاردنێک هەبوو مارف بەرزنجی و باوکی ڕۆژ چوون خۆیان بپاڵێون، دوایی هەڵبژاردنەکە نەبوو گەڕانەوە بۆ بەغدا.

# بەغداو چالاکبوونەوەلە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای ئەوە ئێمە گوێزراینەوە بۆ بەغدا، باوکی ڕۆژ بوو بە ئەندازیاری ناوچەی ناوەڕاست، لەو کاتەی هەرچی هەڤاڵانی و دۆستانی پارتی هەبوون، باوکی ڕۆژ ئیشی بۆ دۆزیبوونەوە و کاریان دەکرد و لە پەنای ئەوەشدا ڕێکخستنی چالاکیان دامەزراندبوو. لەوێ دووروودراوی سەیر هەیە حەز دەکەم باسیان بکەم (ئیبراهیم ئەحمەد) لە ماڵی ئێمە خۆی شاردبووە،ئیسماعیل شاوەیس دەستبەسەربوو و نەفی کرابوو بۆ دیوانییە(سدیق شاوەیس)ی برای کە باپیرەی ڕۆژە، ئەندازیاری تاپۆ بوو لە دیوانییە کە فەرمانی گوێزانەوەی ئیدارییەکەی دەرچوو بۆ دیوانییە هەموو ڕۆژێک لە ماڵی(سدیق شاوەیس)ی برای دەنووست، بەیانییان دەچوو ئیمزای دەکرد کە لەوێیەو دەست بەسەرە، ئێمە لەبەغدا لەگەڕەکی(کەڕادەی شەرقی)بووین، سدیق شاوەیس هات گوتی وەڵڵا منیشیان بۆ رومادی گوێزاوەتەوە وکاکم لەوێ بە جێ ماوە ئەو بەستەزمانە دەبێ لەوێ چی بکات، ئەگەر ئەویشیان بگوێزایەتەوە وبهاتایە رومادی باش بوو، ئیبراهیم ئەحمەدیش لەگەڵماندا دانیشتبوو، ئەوکاتە سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ بوو، گوتیان ئەمە لە دەستی سەعید قەزازە، باوکی ڕۆژ پێکەنی و گوتی وەڵڵا بابە شێخ سەلام وسەعید قەزاز زۆر برادەرن، ناهیدەشی زۆر خۆش دەوێت، بابینێرین پێی بڵێ، من هەستام چووم بۆ ئەوێ، وەزارەتی ناوخۆ لای بەڕێوەبەراتی پۆلیسەوە بوو، سەرکەوتم چووم،فەڕاشەکە لەبەر دەرگا بوو پێم گوت، دەمەوێ بچم بۆ لای وەزیر گوتی، بڕۆ بەسکرتێرەکەی بڵێ(ناهیدە شێخ سەلام) هاتووە من نامەوێ بچم بۆلای سکرتێر، وەڵڵا سەعید قەزاز لەژوورەوە گوێی لەم قسانەی ئێمە بوو بوو، لەپڕ دەرگای کردەوە گوتی، ئەمە چی تۆی هێناوەتە ئێرە، چووینە ژوورەوە ئەمین رواندزی لای دانیشتبوو پێی گوت ئەمە دەناسی کچەکەی شیخ سەلامە، منیش ئیشەکەم پێ گوت، گوتی جا ئەمە زۆر ئاسانە منیش گوتم بۆ من ئاسان نییە بۆیە هاتووم بۆلای جەنابت، گوتی باشە، بەڵام دەبێ نیوەڕۆ بێی بۆلای دایکی پەری، زۆر باست دەکات جا من و زەکیەی خێزانی لە منداڵییەوە هاوەڵی یەکتر بووین و ئەوکاتە هاتووچۆم نەدەکردن گوتی ئەمە یەکەمیان و دووەم ئێوە زۆر شێتن، مەبەستی حزب بوو ،تۆزێک عاقڵ بن،گوتم کاکە سەعید دوعا بکە هاربین،گوتی

بۆ؟

گوتم ئێمە شێتین تۆ وەزیری ناوخۆی،ئەگەر هاربین دەبی بە(سەرۆک وەزیران) ئیتر زۆر پێکەنی گوتی بەگۆڕی باوکم بۆتانی دەگوێزمەوە، تۆ ناگەڕێیتەوە ماڵەوە من تەواوی دەکەم، بەڵام سڵاوم بە میوانەکەتان بگەیەنە، ئەحواڵی چۆنە،تەندروستی چۆنە،گوتم میوانمان کێیە؟ گوتی دەئیتر خۆت منداڵ مەکەرەوە بەمیوانەکەتان بڵێ کاک سەعید زۆر ئەحوالی دەپرسی(سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ بوو و میوانەکەشمان ئیبراهیم ئەحمەد بوو)چوومە ماڵیان زکیە خانم بینی و زۆر پێی خۆش بوو، کە عەسر گەڕامەوە، لە دوور وە گوێم لە پێکەنینی ئیسماعیل شاوەیس بوو،سەعید قەزاز یەکسەر بەڵێنەکەی خۆی جێ بە جێ کرد بوو،کەچوومە ژوورەوە زۆر یان پێ خۆش بوو بە باوکی ڕۆژم گوت بەخوا ئەوەندە داخم لە دڵدایە، باوکی ڕۆژ گوتی بۆ؟ ئیتر مەسەلەکەی میوانەکەم بۆ باوکی ڕۆژ گێڕایەوە دیار بوو سەعید قەزاز ئاگادار بوو لەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە ماڵی ئێمەیە.

لە١٩٥٥، بوو، باسی ئەوەمان کرد دەمێکە هەواڵی مەلا مستەفا بارزانی نازانین،یەکێک دەسنیشان کەین بچێت بۆ روسیا، ئەو کاتە بەناوی چینی میللیەوە هاتووچۆیەک هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە جەلال تالەبانی دەستنیشان کرا، ئێمەش بەناوی ئافرەتانەوە هەندێک هێلەک وشتمان دروست کردو کۆتری سپیمان تیا چنی، لێمان نووسی بوو ئاشتی وئازادی ودروشمی لەم بابەتە وهەندێک پارەمان کۆکردەوەو دامان بە جەلال تالەبانی، ئێمە دەستڕۆیشتوو تر بووین بەشێکی زۆری پارەکەمان دا جەلال تالەبانی چوو وچەند مانگێکی پێ چوو، من تازە بروسکەم بوو بوو کەهاتەوە کلاوێکی پەمەیی بەدیاری بۆ بروسکە هێنا بوو هەروەها دیاری بۆ مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقاش هێنا بوو، لە ماڵی ئێمە هەموو کۆبووینەوە حەبیب محەمەد کەریم وعەلی عەبدوڵلا وعومەر دەبابە وهەندێکی دیکەشی لێ بوون منیش نانم بۆ ئامادە کردبوون بۆم دادەنان، جەلال تالەبانی زۆر وەسف وسەنای بارزانی نەمری کرد، گوتی لەوێ پلەی ژەنەڕاڵی وەرگرتووە ئێستا گەورەترین میلیتاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەموو دەمانگوت خۆزگەمان بەخۆی.

هەرکەماڵمان لەبەغدا بوو، لەگەڵ شێخ مەحموود وەک باوک وکچ وابووین،

وابزانم شێخ مەحموود لە نەخۆشخانەی (مەجیدیە) بوو، من وباوکی ڕۆژ هەستاین چووین بۆ لای بابا عەلی کوڕی لەناو دەرگاکەوە وەستا بوو ڕووی کردە باوکی ڕۆژو گوتی: دکتور قەدەغەی کردووە کەس بێتە لای، کەوتبووە ئۆکسجینیان لەسەر لووتی دانا بوو، دەستێکی هەڵبڕی وگوتی: بانگیان کە دڵم پێیان دەکرێتەوە چووینە ژوورەوە رووی کردە باوکی ڕۆژو گوتی: نوری ئەها ئەم نەقیزەیان خستووەتە سەر لووتم زۆر پێی ناڕەحەتم.

کەساڵی ١٩٥٦ بووین، ماڵی ئیبراهیم ئەحمەد لەکەرکووک بوو ئەو کاتە حزبایەتی زۆر ڕێک وپێک بوو حزب بە ئابوونەی ئەم وئەو بەڕێوە دەچوو، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتە حزبێکی هەژار خەڵک بەخێوی دەکرد، ئێستا حزبەکان دەوڵەمەندن وخەڵک هەژارن.

لەکەرکوک بووین شێخ ئەحمەدی بارزان کە دەستبەسەر بوو هاتەوە بچێتەوە بۆ بارزان خەڵکەکە بەپیریەوە چوون، من وکاک عومەر دەبابەش چووین بۆ پێشوازی کردنی، ئەو کاتە لە نێو بنەماڵەی تاڵەبانییەکان وسەید ئەحمەدی خانەقادا ململانێ پەیدا بوو، لەپێش (توز خورماتو) کاک حسێن بەمنی گوت: من زۆر حەزدەکەم شێخ ئەحمەد بێت بۆ ماڵی ئێمە، شێخ ئەحمەد دابەزی وتەوقەی کرد، یەکێک لەتاڵەبانییەکان گوتی قوربان حەزدەکەم بێی بۆ تەکیەی ئێمە ومن گوتم حەزدەکەم بچی بۆ ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا، گوتی تۆ چی دەڵێی من وا دەکەم، منیش بەپرتا وکاک عومەرم بانگ کردو گوتم بۆ خاتری خوا بچۆ بۆ ماڵی سەید ئەحمەد وپێیان بڵێ شێخ ئەحمەد میوانی ئێوەیە، عومەر دەبابە گەڕایەوە، لەتوز خورماتووەوە تا گەیشتینە کەرکوک دوو سەعاتمان پێ چوو، هەر خەڵک بوو دەهاتنە سەر ڕێگە، تەوقەیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد دەکرد، کەگەیشتینە کەرکوک داروبەردو ئەرز خەڵکی نەدەگرت، کەگەیشتین شێخ حسێن زۆری پێ خۆش بوو، گوتی ئافەرین شێرە ڕەش سەرت بەرز کردمەوە، گوتم وەڵڵا خۆی حەزی دەکرد بێتە ئێرە، حەیوانێکی زۆریان سەربڕی بوو، ماڵی سەید ئەحمەد نانەواخانەی خۆیان هەبوو دوو فڕن ئیشی دەکرد بەتەشت گۆشت سوور کرابووەوە نزیکەی ١٢٠٠ کەس دەبوو لەماڵی سەید ئەحمەد بوو، ئەو کاتە مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقا لەحزبدا لەگەڵ ئێمەدا ئیشی دەکرد ئەوبوو دیاری بۆ مەلا مستەفا نارد بووو دیاری بۆ هاتەوە، مریەم خان ئافرەتێکی زۆر بەنرخ ورۆشنبیرو خوێندەوار بوو.

هەر ئەو ساڵە بوو شێخ مەحموود ئەمری خوای کرد تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی، کەتەرمەکەی شێخی نەمر هاتەوە هەر لە کەرکوکەوە تا سلێمانی لەو بەرو لەوبەر خەڵک وەستا بوو ولەخۆیان دەدا، لەسلێمانی شێخ لەتیف گیرابوو، (عومەر عەلی) پارێزگاری سلێمانی بوو، کە تەرمەکە گەیشت گوتیان بەڵکو شێخ لەتیف لە بەندیخانە بێتە دەرەوە چاوی بەتەرمی باوکی بکەوێ، ڕازی نەبوون خەڵکی سلێمانی کردیانە خۆ پێشاندان پۆلیس تەرمەکەیان بەر گوللە دا ئافرەتێک سەر بەپارتی بوو ئەختەری ژنی ڕەشوڵی دەنگ خۆش بوو شەهید کرا، ئەمەیش ڕاپەرینێکی دیکەی سلێمانی سەردەمی پاشایەتییە، خەڵکێکی زۆریان گرت وماموستایەکی زۆریان بۆ لادێکان گوێزایەوە تا ماوەیەکیش شێخ لەتیف هەربە بەندی مایەوە.

## کۆچی دوایی باوکم وشەڕی شەواف
## وکۆنگرەی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان

باوکی ڕۆژ ساڵی ۱۹۵۷ لە کەرکوکەوە گوێزرایەوە بۆ موسڵ، ئەو کاتە عەلی سنجاری هاتە ناو حزبەوە، پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، (ساڵح یوسفی) یش لەحزبدا ئیشی دەکرد، حزب کەسانی زۆر باش ودڵسۆزی تێدا بوو، کەساڵی ۱۹۵۸ شۆڕشی (١٤)ی تەمموز هەڵگیرسا ئێمە لە هاوینەهەواری (سوارەتووکە) بووین، بەیانی (١٤)ی تەمموز بوو (ڕۆژ) بەپرتاو ڕایکرد گوتی بابە ئینقلاب بووەو مەلیک کوژراوە (عبدولئیلاە) کوژراوە، ئەویش گوتی دەگاڵتە مەکە، ئیتر ڕادیۆی ئۆتۆمۆبیلەکەمان کردەوە، بەیاننامەو پەیامی دەخوێندەوە، بەڕاستی ئەوکاتە بۆ ئێمە شتێکی خۆش بوو چوزانین ئاکامەکەی وادەبێ، باوکی ڕۆژ بڕیاری دەرکرد، هەموو کرێکارەکان (۳) ڕۆژ پشوویان دەبێ دەتوانن بچنەوە ماڵی خۆیان ئێمەش گەڕاینەوە بۆ موسڵ تەماشامان کرد خەڵکی لەموسڵ زۆری پێ خۆشە، شیوعییەکان خۆیان دەرخستبوو چونکە موسڵ شیوعی زۆر لێ بوو، من زووتر بەنهێنی لە بزووتنەوەی ئاشتی کارم دەکرد، ئەو کاتە ئاشکرا بوو، چوومەوە ڕێکخستنەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە نووسینگەی هەمیشەیی ئاشتی توفیق مونیر وعەزیز شەریف لەوێ بوون، ئافرەتێکی خەڵکی (موسڵ)یشمان لەگەڵدا بوو ناوی نەزیرە بوو دەرمانساز بوو لە کۆبوونەوەکانی بزووتنەوەی ئاشتی پرو پاگەندەم بۆ پارتی دەکرد تا ساڵی ۱۹۵۹ کە باوکم ئەمری خوای کرد، کە (باوکی ڕۆژ) هەواڵی پێ گەیی بوو باوکم ئەمری خوای کردووە، هاتەوە ماڵەوە بەڵام بەمنی نەگوت، تیشک تەمەنی (١٤-١٥) ڕۆژ دەبوو، بەڵام گوتی حەزدەکەی بچینەوە بۆ سلێمانی، منیش گوتم کێ بێ حەز نەکات، بەڵام ئەو کاتە نوری ئەحمەی تەها بەرپرسی پارتی بوو لەسلێمانی داوای چەکی کردبوو، ئێمەش ڕەشاشێکمان هەبوو، گوتم بۆ ڕەشاشەکەی بۆ نەبەین باوکی ڕۆژ، گوتی چۆن دەردەچێ وچەک دەرناچێ گوتم باشە، بەڵام بێ ئاگایی ئەو من ڕەشاشەکەم کرد بەمەلۆتکە وکڵاوێکم لەسەر کرد بوو هەتا سلێمانی هەر وایدەزانی مەلۆتکەیەو لەکوێ رامان دەگرت وایاندەزانی مەلۆتکەیە، لەسلێمانی پێم گوت دەزانی ڕەشاشەکەم هێناوە، هەر سەری سوڕما ئەو وای دەزانی (تیشک)ە، ئێمە منداڵەکانمان هەموو لای ئافرەتێک بەجێ هێشتبوو کە لە ماڵمان بوو ناوی



علی بابا، رزگار،روژ، نەوروز، هەڤالێکی عەرەب، جەوهەر شاوەیس - رومادی لە پەنجاکان

(گوڵچین فرج) بوو، پێمان دەگوت (دادە)، ژنێکی زۆر ڕێک وپێک ودانسقە بوو، زۆر بەسەلیقە بوو لەمندالٚ بە خێو کردندا، ئێمە لەپرسەکەی باوکمدا دانیشتبووین، یەکێک هات گوتی دەڵێن لەموسلٚ شەڕو فەرتەنەیە، منیش منداڵەکانم هەموو لەوێ بوون، ئەو فەرتەنەیە شەڕی (شەواف) بوو، باش بوو کوڕێکی خاڵوزای باوکم هەبوو بەڕێوەبەری ناحیەی میرەکەپرە بوو، ناوی عەباس بوو، عەباسی ئەحمەد بەگ، خێرا چوو بوو بۆ لایان، دادەش منداڵەکانی هەموو کۆکردبووە وبردبوونی بۆ هەولێر، بۆ ماڵی ئامۆزایەکی باوکیان کەلەهەولێر بوو (نامق شوان) بوو، باوکی ڕۆژ ناچار منی بەجێ هێشت وڕۆیشتەوە پاش ماوەیەک منیش چوومەوە، چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان هێشتا خەڵک بانگ دەکراو خەڵک ڕادەکێشرا، کوشتار مابوو، لایەنگرانی شەوافیان دەکوشت وچەندان تەرم لە دەوری شار فڕێ درا بوو خەڵک لەسێدارە دەدرا، باوکی ڕۆژ منداڵەکانی بردبووەوە ماڵی خۆمان.

ئینجا لەبادینانەوە هێزێکی زۆر هات بۆ پارێزگاری قەومییەکان، خەسرۆ تۆفیق برای دارا توفیق بوو بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بوو ئەویش هاتبوو بۆ موسلٚ بۆ ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە، کەمەلا مستەفا گەڕایەوە ئێمە لەموسلٚ بووین، ئەو پێشوازییەی لەسەرتاسەری عێراقدا بۆ مەلا مستەفا کرا بۆ کەس نەکراوە، باوکی ڕۆژیش بۆ بەغدا گوێزرایەوە، خانووێکی کوڕەکەی (نوری سەعید) لەبەغدا هەبوو دایان بەمەلا مستەفا ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ شەعبیەتی مەلا مستەفا لەسەرتاسەری عێراقدا لەپەرەسەندندا بوو، هەموو حزبەکان لەدەوری کۆبوو بوونەوە ئەو کاتە حزب لەوێ زۆر دەستی دەڕۆیشت پێش کۆنگرەی (٥)ی پارتی عەبدولکەریم قاسم کەبوو بوو بەسەرۆک وەزیران گەورەترین پلەی حوکمڕانی بوو لە عێراقدا، بەناوی ئافرەتانەوە چووین بۆ لای عەبدولکەریم قاسم ودیارییەکمان بۆ برد ئەویش وێنەیەکی خۆی بەدیاری دا بەئێمە پێم گوت: جەنابی سەرۆک وەزیران ئەوە وەک ناسنامەیەکە بۆ ئێمە، کە حکومەت بەڕەسمی باسی ئافرەتانی کوردستان بکات.

لەکۆنگرەی ئاشتی جیهانیدا کەلە بەغدا گیرا باسی کوردمان کرد بەڵام بەشێوەیەکی وانەبوو، دوای ئەوە لەو باڵەخانەی بارەگای بزاڤی ئاشتی تێدا بوو کۆبوونەوەیەکمان کرد، هەستان باسی کۆریا وکوبایان کرد من دەستم هەڵبڕی وگوتم زۆرم پێ ناخۆشە ئێوە فرمێسکی تیمساحانە بۆ وڵاتان دەڕێژن، ئەوە کورد

بێ مافە وکوردستان وێران بووە کەچی جورئەت ناکەن باسی کورد بکەن عەزیز شەریف هەستا گوتی (یاست ناهیدة، احنا في وقت الحاجة نشيل السلاح لندافع عن السلم)، ئیسماعیل شاوەیس لەو کۆبوونەوەیە بوو هەستا سەر پێ وبەقسەیەکی دوورو درێژ باسی کوردو ئاشتیخوازی کوردی کرد لەو کۆبوونەوەیەدا گوتیان عێراق (حەوت ملیۆنە وچواردەی شیوعییە) بە دەست هەلبڕین.

ئەوە بوو وەک بزاڤی ئاشتی کۆبوونەوەمان دەکرد، شیوعییەکانمان لەگەڵدا بوو خۆپیشاندانیان دەکرد دەیانگوت (الجبهة الوطنية، بها عرب والاكراد كلها شيوعية) ئینجا ئێمە نارەزاییمان دەربڕی گوتمان کەواتە ئەوەی ئێمەی تێدایە بەرە نییە، هەر لە بزاڤی ئاشتی من نوێنەری کوردەکان بووم چووین بۆ قونسولییەی کۆریا کاتێک کە کرایەوە، عەزیز شەریف ناردی بەدوامدا گوتی ئێمە وەک وەفدی بزاڤێکی ئاشتیخواز بۆ پیرۆزبایی دەچین، شتی نەتەوەیی وئەمانەی باتیادا نەبێ، گوتم باشە دەزانم چۆنە، کە چووین تەوقەم لەگەڵ قونسوولەکەدا کرد گوتم من ئافرەتێکی کوردم بەناوی ئافرەتانی کوردستانەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم، عەزیز شەریف لەولاوە گوتی وەڵڵا پێمان نەوێرای،

ئینجا کە کۆنگرەی ئاشتی لە هیند گیرا (من وڕوز ئەلخوری ونەزیهە دلیمی) یان هەڵبژارد کەبچین، دەبووا ئەوانەی سەفەر دەکەین، دەرزی لەخۆمان بدەین، هەرسێکمان چووینە نەخۆشخانەیەک لە (باب الشرقي) من دوای ئەوان چوومە ژوورەوە، کابرا گوتی (های اش جمعكم) چونکە هەر یەکەو سەربە حزبێک بووین منیش گوتم (الحق جمعنا)، بەڵام بۆ کۆنگرەکە عەزیز شەریف هات بۆ لام گوتی ست ناهیدە عەبدولکەریم قاسم گوتوویەتی ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام گیروگرفتی زۆر هەیەو بارودۆخەکە لەبار نییە حەزناکەم ئەو بچێت، ئەوە بوو من نەچووم، بارودۆخەکە تێکچوو بزاڤی ئاشتی چاودێری دەکرا، بەڵام من هەموو دووشەممەیەک دەچووم بۆ کۆبوونەوەی خۆم تا خەڵکەکە هەموو تەفروتونا بوو.

ئینجا کۆنگرەی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا گیرا لەو کۆنگرەیەدا مەلا مستەفا لەوێ بوو لەهەندێک مەسەلە زۆر تووڕە بوو، قسەیەکی کردو ویستی کۆنگرەکە بەجێ بهێڵێ، منیش ڕێگام لێ گرت، پێم گوت ڕێگات بۆ دانایین وئێستاش دەتەوێ سەرگەردانمان بکەی، بگەڕێرەوە، ئێمە هەرچی بین

جەنابت سەرۆکمانی.

ئەوە بوو لەو کۆنگرەیەدا بووم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، من یەکەم ئافرەت بووم لەمێژووی حزبەکانی کوردستاندا کەبارزانی نەمر هەڵی بژاردم بیم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کۆنگرە تەواو بوو ئیش وکار دابەش کرا، زەکییە ئیسماعیل حەقی لە لیژنەی چاودێری وپشکنین دانرا وئیش وکاری پەیوەندییەکان بەمن سپێردرا.

هەر لە ١٩٥٩ دا کۆنگرەی مامۆستایان لەشەقڵاوە گیرا، پاش کۆنگرە هەموو چووینە لای (ئیسماعیل عارف) وەزیری پەروەردە بوو، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان هەبوو، هەموو لایەنەکانی تێدا بوو لەسەر ناوی خوێندنی کوردی ڕێک نەدەکەوتن بوو بە دەمەتەقێ ئێمە دەمانگوت ناوی دەنێین (مدیریة معارف کوردستان). مامۆستایەک هەبوو ناوی (حەمە عەلی) بوو، موحازەرەیەکی دوورو درێژی دا وگوتی: ناو هیچ نییە خوێندنی کوردی بێت یان مەعاریفی کوردستان کە هاتە خوارەوە وتەواو بوو، منیش بانگم کرد (عەبدولکەریم، عەبدولکەریم)، کابرا سەری سوڕما گوتم قادر لەگەڵ تۆمە گوتی بێ قەزا بی ناهیدە خان من حەمە عەلیم، گوتم ئەی ئەوە نییە، تۆ دەڵێی ناو هیچ نییە بڵێم هەرچی دەبێ وەڵامم بدەیتەوە، خەڵکەکە هەموو هەستانە سەرپێ وکردیان بەچەپڵە ڕێزان ئیتر ناومان نا (مدیریة معارف کوردستان).

پێش ئەوەی شۆڕش هەڵگیرسێت ئێمە لە بەغدا بووین، شێخ مارفی بەرزنجی وئەوان گیرابوون، درەخشانی شێخ جەلال میوانمان بوو، لەگەڵ درەخشان چووین لەبەندیخانە سەریان لێ بدەین، کەچووین شێخ مارف بەئاسودەیی لەنێو گۆڕەپانی بەندیخانەکەدا پیاسەی دەکرد، گوتم کاکە شێخ مارف وەرە بابت دزین، دە دینار دەدەین بە پاسەوانی بەر دەرگاو دەتبەینە دەرەوە، بۆ خۆت برۆ، گوتی ئێی ئەوە لایەنگر بۆ خۆتان پەیدا دەکەن، گوتم بەقوربان ئێمە لایەنگرمان زۆرە نەوەڵڵا پیاوەتی دەکەین، پاش ئەوە بەماوەیەک برایەکی دیکەی هەبوو شێخ حسێنی برای شێخ مارف، میوانی ئێمە بوو گوتی: دەچم خۆم تەسلیم دەکەم، تا ناو دەرگاکە دوای کەوتم گوتم کاکە مەچۆ بابزانین چی دەبێ، ئەگەر ئەو بێ تاوان دەرچوو، تۆش بێ تاوان دەبی، هەرچەند گوتم بەقسەی نەکردم گوتی بارودۆخ باشەو هیچ نییە، گوتی دەتەوێ یەکێک لەپارتی زیاد بکەی، گوتم کاکە بەخوا ئێمە ئەوەندە



کاتی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤییەت ساڵی ١٩٥٩

زۆرین سن وکوللەین، بەڵام من دەمەوێ چاکەت لەگەڵدا بکەم، بەقسەی نەکردم، چوو خۆی دابەدەست حکومەتەوە دوای کودێتاکەی حزبی بەعسی ١٩٦٣ لەسێدارە دران، ئەمەش زیانێکی دیکەی گەلی کورد بوو چونکە زۆر ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو بوون.

# هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول

بارودۆخەکە لەو کاتەوە تێک چوو، سەرەتای ١٩٦١ ڕۆژێک لەبارەگا بووم بارزانی نەمر ناردی بەشوێنمدا من چووم، گوتی خوشکە تۆ دەبێ بچی بۆ سلێمانی بۆ ماڵی حەمەی ئاورەحمان ئاغا لەوێ چەند کەسێکی لێیە، پێیان دەڵێی ئەگەر شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە دەتوانن هاوکاریمان بکەن، نابێ ئەوەش کەس بزانێ، من هەر لەوێوە منداڵەکانم لای (دادە) بوون، بەرەو سلێمانی ڕۆیشتم وچوومە ماڵی حەمەی ئاورەحمان ئاغا کەچووم شێخ حوسێنی بۆسکێن وکاکە زیاد ویەکێک لە ئاغایەکانی پشدەرو شەش حەوت کەسی دیکەی لێ بوو، منیش مەسەلەکەم بەزمانی بارزانی نەمرەوە تێ گەیاندن، کاکە زیاد گوتی ئەگەر شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە بەسەرو بەماڵ ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا داین، شێخ حوسێنی بۆسکێن گوتی ئەوەندەم فیشەک هەیە ئەوەندەم فیشەک هەیە بەشی ساڵێکمان دەکات، ئەوانەی دیکەش هەرهەمان وەڵامیان هەبوو، من یەکسەر گەڕامەوە بۆ بەغدا، بۆ سبەی ودوو سبەی لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ من پێک هێنا گوایە من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیم بێ پرس چوومەتە سلێمانی، ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتی لیژنەکەی دەکرد، دەستی بەقسەکردن کردو بەشێوەی خۆی گوتی: تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەبووا پرس ورا بکەی ئینجا بچی بۆ سلێمانی، چ ئیشێکت هەبوو گوتم ئیشێکی تایبەتی خۆم هەبوو، گوتی دەبووا پێمان بڵێی هەر چەندی کردی هیچم پێ نەگوت، ئینجا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێ کرد وساڵح یوسفی وعەلی حەمدی ونوعمان بارزانی وعەلی عەسکەری وعومەر دەبابە وباوکی ڕۆژ وئیبراهیم ئەحمەد کە خۆی سکرتێر بوو لێیان دەپرسیم چۆن وبۆچی چووم بۆ سلێمانی، ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت دەبێ پێمان بڵێی هەچی هەستێ وبێ پرس بروا بەرەڵلایی لێ دروست دەبێ، گوتیان مەحزەر بنووسرێ، مەحزەرەکە کاک عومەر دەبابە دەینووسی، لەمەحزەرەکەدا نووسیان (٦) مانگ تەجمید بکرێ، ئیبراهیم ئەحمەد گوتی نا هەر دەربکرێ، ئیبراهیم ئەحمەد زۆر ڕقی لە من بوو دەیگوت تۆ حزبایەتی ناکەی تۆ دەروێشی، منیش گوتم ئیشم هەیە دەچمە دەرەوە، ئیتر خۆ ناتوانن لێم قەدەغە بکەن، هەستام چوومە دەرەوە تەلەفۆنێکم کرد بۆ ماڵی مەلا مستەفا نازانم یان کاک مەسعود بوو یان کاک ئیدریس بوو هەڵی گرت، گوتم گەمارۆ دراوم وەزعم خراپە

وبا باب بەفـریام بکەویّ، هەر ئەوەندەم گـوت وهاتمەوە ژوورەوە ودانیـشـتم پاسەوانەکە بەپەلە هات گوتی مەلا مستەفا هات.

مەلا مستەفا نەدەهاتە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، بۆیە سەریان سورما ، سلاوی کردو دانیشت پرسیاری کرد چیتان هەیە، چیتان نییە، منیش خۆم زۆر بیّ تاقـەت کـرد، گـوتیـان هەندیّک بابەتی دارایی وشـتی وایە، منیش هەردەمگوت: دە ئیّوە مەسەلەکەی من ببڕنەوە، ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت باشە دوایی قسەی لیّ دەکەین، هەر قسەیان نەکرد، ناچار گـوتم ئاخـر من تەجمید کراوم، نابیّ گـوتیم لەبڕیاری لیژنەی مەرکەزی بیّت، مەلا مـسـتەفـا گـوتی چییە خوشکە ناهیدە چییەتی، ئیبراهیم ئەحمەد گوتی ئەوە ئەندامی لیژنەی مەرکزییە وگـویّ بە ڕیّکخستن نادات پیّـریّ بیّ پرس چووە بۆ سلیّـمـانی، مـەلا مـسـتـەفـا گوتی: بۆچی چووی، گوتم: ئیشی خۆم هەبووە ئەو هەقی چییە بەسەرەوە!

مەلا مستـەفا گوتی: یەعنی هەر پیّمان نالّیی، وەللا کاک ئیبـراهیم ڕاست دەکا هەقـە سزا بدریّ!، لەدلّی خۆمـدا گوتم ئەی خوایە خۆی پەندەکەی پیّ داوم ئیّستـا لای ئەوان چی دەلّیّ، بەلاّم مەلا مستـەفا هەر زەردە خەنەیەکی لەسەر لیّو بوو پیّیی خۆش بوو من بەو حالّە، نهیّنییەکەم نەدرکاندبوو، گوتی باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، باوکی ڕۆژ بۆ دەرکردنەکە زوو دەستی هەلّبڕی، سالّح یوسفی لە مەلا مستـەفا شارەزا بوو بۆ بەرژەوەندی من دەنگی دا، نوعمان بارزانی هەروا، عەلی عەسکەریش هەر بۆ بەرژەوەندی من دەنگی دا، لەئەنجامدا دەنگەکان وەک یەک بوو، مەلا مستـەفا گوتی: منیش دەنگم هەیەو یەکسـەر بۆ من دەنگی داو کاغەزەکانی هەمـوو وەرگرت ودڕاندی وخستـیە سەبەتەی خۆلّەوە، هەستا خوا حافیـزی کردو ڕۆیی، ئەو کاتە ئیّمە ئۆتۆمـۆبیلیّکی (شۆفرلیّت)مـان هەبوو، هەمـوو ڕۆژیّک کـاک براییمـان دەبردەوە، ئەوو باوکی ڕۆژ لەپیّشـەوە دادەنیـشتن، منیش لەدواوە، ئەو ڕۆژە ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: ئەو هاتنەی مەلا مستەفا زۆر سەیر بوو، باشە خۆ ئیّمە ڕامان نەگەیاندبوو کۆبوونەوەمان هەیە، باوکی ڕۆژیش هیچی نەدەزانی، گوتم ئیّوە دەتانویست زولّم لە من بکەن منیش پاکم، خوا مەلا مستەفای بۆ ناردم.

ماوەیەکی زۆر زۆری بەسەرچوو شیّخ حوسیّن بۆسکین هاتبوو بۆ مالّی ئیّمە، باوکی ڕۆژ گـوتی ناهیـدە بەخیّـر هاتنی بکە، منیش چووم، گـوتی ئەوە دایکی

ڕۆژە، شێخ حوسێنی گوتی ئێمە دەمێکە یەکتر دەناسین، ئەو کاتەی مەلا مستەفا بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلوول ناردبووی بۆ ماڵی حەمەی ئاورەحمان ئاغا، ئینجا باوکی ڕۆژ لەمەسەلەکە تێ گەیشت، زۆر خۆشحاڵی دەربڕی، گوتی دایکی ڕۆژ، تۆ هێندەی دیکە ڕێزت لای من پتر بوو کە ئەو نهێنییەت، تەنانەت لای منیش باس نەکردووە.

دوای ئەوەش کۆبوونەوەیەکی دیکە بوو، من دەمزانی مەلا مستەفا دەڕوات، مەلا مستەفا لەکۆبوونەوەکەدا گوتی: عەبدولکەریم قاسم بەمن دەڵێ پارتی لەگیرفانی مندایە پارتی ناچێتە گیرفانی کەسەوە ئەگەر خوێڕی هەبێ بیەوێ ببێتە پیاوی ئەو ئێمە ڕێی لێ ناگرین، زۆر توڕە بوو حیلمی شەریف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لەتەنیشت مەلا مستەفاوە دانیشتبوو، حیلمی خۆی زۆر لاواز بوو، دەستێ جلی خۆڵەمێشی لەبەر دابوو، قاچی خستبووە سەر یەکتری، مەلا مستەفا سەیرێکی کردو گوتی بۆ قسە ناکەی چوویتەتە کەسپوڵی ڕێویەوە، من بە کەسپوڵی ڕێوی زۆر پێکەنینم هات، هەر کەسەری حیلمیم کرد قاچەکانی لەسەر یەک دانا بوو لێم بوو بەکلکی ڕیویەکە، بەقاقا پێکەنینم هات مەلا مستەفا گوتی بەچی پێ دەکەنی، گوتم بێ قەزا بێ لەگەڵ قسەکەی جەنابت قاچی حیلمیم لێ بوو بەکلکی ڕێویەکە، هەموو پێکەنینیان هات ومەلا مستەفا توڕەییەکەی خۆی بیرچووەوە، هەندێک بڕیار دراو گوتیان کۆبوونەوەی داهاتوومان پێنج شەممەیە من لەدڵی خۆمدا پێکەنینم دەهات دەمزانی مەلا مستەفا دەڕوات، ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکە گوتیان مەلا مستەفا ڕۆیشتووە ئیتر ئەندامانی سەرکردایەتی یەک یەک دەڕۆیشتن.

(حەسەن ڕەفعەت) وەزیری ئەشغال بوو تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی (عەبدولکەریم قاسم) دەیەوێت بت بینێ، من زووتر بەناوی ئافرەتانەوەو جارێک کەلە کۆمیتەی ناوەندیش دەرچووین چووین بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، کەچووین ئەو کاتە گوتی (تریدون چای لو حليب)، گوتم: (حليب سادە نريدها لاتنخبط) لەسەر قسەکەم هەڵوێستەیەکی کرد، جارێکی دیکەش سکرتێرەکەی تەلەفۆنی بۆ کردم چووم، (ماجد محەمەد ئەمین) و(عەبدولکەریم جمرە) کە ئامر ئینزیبات بوو، هەموو لەوێ بوون، نانیان بۆ عەبدولکەریم قاسم ومیوانەکانی دانا برنج وفاسۆلیای وشک ومریشک بوو گوتی ئەم خواردنە ناجیەی خوشکم بۆی ناردووم هەموو ڕۆژ ئەو چێشتم بۆ لێ دەنێ من ناجیەی خوشکیم دەناسی، بەمنیشی گوت فەرموو،

بەشی کورد

دانیشتم، یەک چارەکە نانی بۆ لێکردمەوەو دایە دەستم من لە ئیشەکەی تێ دەگەیشتم مانای کورد بەشی هەر ئەوەندەیە، بۆیە یەکسەر پێم گوت تۆزێکی دیکەش، ئەویش زانی لەبەر ئەوە داوای نانی دیکە دەکەم گوتی تەواو بەشی خۆتت وەرگرت، ئەمانە هەموو پێشی شۆڕش بوون، جاکە شۆڕش دەستی پێ کردبوو ومن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم لەبەغدا مابوو مەوە (حەسەن رەفعەت) گوتی، عەبدولکەریم قاسم دەیەوێت بت بینێ، ئەمانەم هەموو بەبیر دەهاتەوە، ئەو کاتە باوکی ڕۆژیش گەیشتبووە ناو شۆڕش (کوردستان) ولەبەغدا نەما بوو، منیش چووم ماڵەکەمان بەئەمن دەورە درابوو چووم بۆ لای عەبدولکەریم قاسم ژوورێکی دوورو درێژ بوو بەخێر هاتنی کردم وگوتی ئێوە وازتان لێ نەهێنام ئەگینا کوردستانم دەکرد بەگلۆپ لەسەوزو شین ومۆرو سوری تێ نەخست، منیش گوتم لەگلۆپیشدا لەسور دەترسن، دایە قاقای پێکەنین وگوتی (انت ملعونە) گوتی: باشە ئەمانە بۆ وایان کرد مەلا مستەفا بۆ ڕۆیشت، ئەوان بۆ ڕۆیشتن گوتم بۆ لە من دەپرسی، گوتم باشە تۆ دەتوانی بڕواو متمانە بگەڕێنیتەوە ئەوە لوقمان گیراوە بەرەڵلای بکە، بۆ گرتووتە گوتی: (أختی انت شاطرە لقمان مجرم عادی، متهم بسرقە قاصە میرگەسور)، گوتم ئەوانەی دیکەش هەمووی تاوانباری عادین، گوتی باشە پرسیارێکت لێ دەکەم (مەلا خائینە؟)، جاوەرە لەوێ وەلامی ئەم پرسیارە بدەرەوە، گوتم (سیدی، ئەوە ئامر ئینزیباتە، ئەو هەموو هێزە لێرەیە. ئێرە کۆشکی کۆماری یە، ئەو هەموو شتە ڕەچاو بکە من دەڵێم مەلا خائین نییە). گوتی: تۆ خوشکی منی، جاپێم گوت سیدی من لەناو ئەو هەموو هێزە واباسی مەلا مستەفا دەکەم، لەوێ بەسەربەستی باسی تۆ دەکەم، ئەمەی پێ خۆش بوو، گوتی بۆ هەواڵ نانێری بەدوای (نوری)دا نوری بێت ئیشم پێیەتی، کوتایی ١٩٦١ بوو، بۆ ووتوێژی بوو لەگەڵ پارتی گوتم باشە، ناردم بەدوای عوسمان سەعید، بۆ ئەوە بوو وەلام بۆ نوری بنێرێ، عوسمان سەعید پێش ئەوە کردی بە ڕاپۆرت وناردی بۆ سەرەوەو پاش هەفتەیەک نوری هاتەوە، عەبدولکەریم قاسم پێ ی گوتم ئەگەر نوری هاتەوە بە (حەسەن رەفعەت)دا هەواڵم بدەنێ، ئەوەبوو ئیتر ئەو وتوێژەی پارتی سەری نەگرت، باوکی ڕۆژ لای من قسەی نەدەکرد، من چووم بۆ لای عەقید سدیق لێم پرسی، گوتی بەخوا ئەوەی ئەو دەیەوێت بەئێمە ناکرێت وئەوەی ئێمەش دەمانەوێت بەو ناکرێت.

ئەوە بوو ئیتر ئێمە شرو شیتاڵمان کۆ کردەوە وگەڕاینەوە بۆ سلێمانی من بووم بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (چیمەن) دوو دەوام بوو لەگەڵ قوتابخانەی گوڵاڵە، کەخوالێخۆشبوو (مەعسومە سالح) بەڕێوەبەری بوو، ئەو کاتە من هەر پەیوەندی حزبایەتیم هەبوو، سەردەمی زەعیم سدیق بوو (١٩٦٢)، ئەو سەردەمە بوو کە خەڵکێکی زۆر کوشت وبڕ کراو قەسابخانەکەی گوندی (سیارە)ی نزیک دەربەندیخان ئەنجام درا سلێمانیش گەمارۆی لەسەر بوو.

ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری پەروەردە(موسا سەمەد) تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی ناهیدە خان بەئەرکی نەزانی تائیرە وەرە، کەچووم گوتی حەزناکەم بگیرێیت وئەمانە لەبەغدا داوایان کردووە دەبێ بچی بۆ بەغدا گوتم بۆ، گوتی نازانم، وابزانم گواستنەوەو شتە ئیتر لەپەروەردە هاتمە دەرەوە، نەمدەوێرا بچمە ماڵەوە نەبادا پۆلیس بمگرێت، تۆزێک بەبازاڕدا ڕۆیشتم (١٠٠) دینارێکم لەئاشنایەک وەرگرت لەوێوە خزمێکی دایکم ئێستاش ماوە ناوی (حاجی قادر)ە لەناو بازاڕ پێم گەیی گوتم: حاجی قادر ئەگەر بەئەرکی نەزانی ناتوانی تا بەغدا لەگەڵمدا بێی، گوتی بەسەر چاو، منیش هەرلەوێ ئۆتۆمۆبیلێکم راگرت یەکسەر بۆ بەغدا چووم بۆ وەزارەتی پەروەردە، ئیسماعیل عارف وەزیری پەروەردە بوو من لەکۆنگرەی مامۆستایان ناسی بووم، سکرتێرەکەی وەزیری پەروەردەم دەمێک بوو دەناسی چونکە لەسەردەمی (خەلیل کەنەوە) هەر ئەوە بوو لەسەردەمی ڕەشید عالی ودوای ئەو هەر ئەوبوو، لەسەردەمی مەلا مستەفاشدا کەلەبەغدا بووین، ئەگەر ئیشێکمان لەپەروەردە هەبووایە هەرمن دەچووم بۆ لای ئەو پێیان دەگوت (ئەبو بەلقیس) کە چووم دەرگام کردەوە، گوتی (ئەمە تۆ لەکوێی؟)، چووە ژوورەوەو هاتەوە دەرەوە، گوتی فەرموو، چوومە ژوورەوە ئیسماعیل عارف دانیشتبوو، بەخێر هاتنی کردم ودوای ئەوە گوتی پرسیارێکمان هەیە تۆ لە کوێ بووی، گوتم لەسلێمانی گوتی هەر لەسلێمانی گوتم بەڵێ، تەلەفۆنەکەی هەڵگرتبوو، دیارە ئەوەی تەلەفۆنی بۆ کرد دەبێ لەخۆی گەورەتربێت خۆی وەزیر بوو، دەبێ یان عەبدولکەریم قاسم بێت یان ئەحمەد سالح عەبدە، گوتی (هسە یمی موجودە)، واتە لای منە، دووسێ جار گوتی: (فەرمانتە گەورەم) بەمنی گوت بجۆ بۆ بەرگری (دفاع) بۆ لای حاکمی سەربازی گوتم باشە لەبازاڕەوە هاتبووم جلەکانم بەکەڵک نەدەهات، ئیتر لەگەڵ حاجی قادری خزمان چووین بۆ بازاڕ چاکەتێکی یەخە چەرم وتەنوورەیەکم کڕی وبەڕێوەبەرێتی پەروەردە لەوێوە نزیک

بوو، (بەڕێوەبەری خۆیەتی)م دەناسی وچووم گوتم ئەو ژوورەم بۆ چۆڵ کە، چووە دەرەوەو جلەکانم گۆڕی وجلەکانی دیکەم لە ڕۆژنامەیەک پێچاو هەڵم گرت لەگەڵ حاجی قادر بەرەو (بەرگری) ڕۆیشتین، لەوێ (جاسم) پاسەوانی عەبدولکەریم قاسم بوو گوتی ئەوە چییە، دواکەوتی، سەیری ڕۆژنامەکەی کرد کەجلەکانی تێدا بوو گوتی ئەوە چییە، گوتم ئەوە جلوبەرگە بۆ پێویستی پێمە چونکە چارەنووسی خۆم نازانم، کەسەرکەوتین دوو پێ پلیکانە هەبوو، لایەکیان دەچووەوە لای عەبدولکەریم قاسم، منیان لەلایەکی دیکەوە برد زانیم دەمبەن بۆ لای حاکمی سەربازی کەچووین سکرتێرەکەی گوتی تۆ ست ناهیدەی گوتم بەڵێ، تۆزێک چاوەڕێ کە وەفدێکی بیانی لایە، زۆری پێ نەچوو وەفدەکە ڕۆیشت من چوومە ژوورەوە، هەستاو بەخێر هاتنی کردم، گوتی: (ست ناهیدە، أحنا عدنا عتاب وياك)، کەکوشت وبڕەکەی زەعیم سدیق بووە گوتیان دەبێ هەموو لەبەڕێوەبەری فەرمانگاو قوتابخانەکان بروسکە بۆ (بەرگری) بکەن بڵێن، ئاسایش وئارامی باڵی بەسەر سلێمانیدا کێشاوە من لەپارتی هەواڵیان بۆ ناردم گوتیان نابێ ئەوە بکەی، (حەمە عەلی) ش هەبوو شیوعی بوو، ئەوانیش شیوعیەکان هەمان هەواڵیان بۆ نارد بوو، ئێمە بروسکەمان نەکرد، گوتی زەعیم سدیق بەتۆی گوتوە (أختي) وشەی (أختي) زۆر پیرۆزە، کەچی هەموو سلێمانی بروسکەی کردووە تۆ نەبێ، گوتم هەر لەبەر وشەی (أختي)، گوتم دە ئەمانە هەموو درۆ دەکەن هەڵپەرستن، من ڕاستم کردووە خوشک خیانەت لەبرا ناکات لەسلێمانی ئارامی وئاسایش نەبووە، گوتی دەڵێن تۆ لەگەڵ مەلا مستەفای، گوتم ڕاست نییە من لەسلێمانی دانیشتووم وبەڕێوەبەری قوتابخانەم، خەریکی ماڵ ومنداڵی خۆمم، ئیتر ئەحمەد ساڵح عەبدە گوتی باشە نەتبیستووە دەڵێن مەلا مستەفا بریندارە وڕای کردووە، منیش گوتم (لامقتول ولامجروح ولاهارب)، گوتی ئێ باشە دەڵێی من ئاگام لەونییە ئێستاش ئەو قسەیە دەکەی، گوتم ئەوە زۆر ئاسانە من ئەم بەیانییە لە (سلێمانی)یەوە هاتووم ئەگەر وابووایە شین وشەپۆڕ دەبوو وگریان دەبوو، پێش نیو سەعاتیش هاتمە ئێرە ئەگەر وابووایە دەهۆڵ وزوڕنا دەبوو، من هیچیانم گوێ لێ نەبوو، ئەحمەد ساڵح عەبدە زۆر پێکەنی، گوتی ست ناهیدە باشتێکت بۆ بگێڕمەوە گوتی دوو سەحابە هەبوون چوونە لای پێغەمبەر (د.خ) زاڵم وزوڵم لێکراو بوون پاش دادگایی کردن گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا تۆ هەقت دا بەزاڵمەکە، نەتدا بەخاوەن هەق، ئەویش گوتی (النطق غلب الحق) ئیتر

من تێگەیشتم دەرگایەک کرایەوە عەبدولکەریم قاسم هاتە ژوورەوە گوتی: (أكرر انتي اختي، بس هسة تشرب چاي لو حليب)، گوتم من هەڵویستم دیارە نەمگوڕیووە تەنیا شیرم دەوێت، ئیتر چووەوە ژوورەکەی خۆی گوتی چی دەوێ وای بۆ بکەن. کەڕۆیشت گوتم من هیچم ناوێ، بمنێرنەوە قوتابخانەکەی خۆم بروسکەیەکیان بەناوی ئەحمەد ساڵح عەبدەوە کرد گوتیان کار بەبروسکەی ژمارە ئەوەندە مەکەن، بۆمان دەرکەوتووە راست نییە، ست ناهیدە بگەڕێتەوە قوتابخانەکەی خۆی.

ماڵی ئێمە کە دەبیستن من چووم بۆ بەغدا زۆر دڵتەنگ دەبن، تەلەفۆن بۆ ئەملا وئەولا دەکەن کە بروسکەکە دەچێ زەعیم سدیق یەکێک دەنێرێت بۆ ماڵەوە دەڵێ ست ناهیدەوە دێتەوە، هەروەها (موسا سەمەد)یش یەکێک دەنێرێت بۆ ماڵەوە.. (دادە) لەوێ دەبێ پێی دەڵێ: ناهیدە خان دێتەوە، ئیتر ماڵی ئێمە دەکەونە خۆشی وێنەیەکی بروسکەکەشیان دابەخۆم، چووم بەژنەکەی (عەلی حەمەدی)م گوت (ناوی ناهیدەیە)، بۆ نایەی بۆ سلێمانی، گوتی وەڵڵا دەترسم، گوتم وەرە لەسەرخوا، یەک پرتەقاڵ بۆ سلێمانی دەرنە دەچوو، من چووم یەک سندوق پرتەقاڵ وتەنەکەیەک دۆشاوم کڕی گڵۆپی سەر بێتەڵی حزب سوتابوو کوڕێک ناوی جاسم بوو چوو لەسەربازگە گڵۆپی بۆ دزین وبەیاننامەو بروسکەو گوتیە جلیشمان لای ئافرەتانی بەغدا کۆکردەوەو، بەهیوای ئەوەی ئەو بروسکەیەی ئەحمەد ساڵح عەبدە ڕێمان بۆ ئاسان بکات چووین بۆ نەقلیات، شوفێرێکی ناسیاوی لێ بوو، پێم گوت، دەمبەی بۆ سلێمانی، گوتی سەرچاو گوتم بەڵام وەرە پێت بڵێم چی خوا حەزی لێ ناکات پێمە، هەرچی دژی حکومەتە، ئەگەر دەمبەیتەوە ئەوا من پێم گوتی، ئەگەر گیراین بڵێ نازانم، ئەگەر نەگیراین ئەوە خوا ڕەحمی کردووە، گوتم مادام پێت گوتم ئەگەر سور بزانم دەگیرێین بەسەری باوکم دەتبەم.

ناهیدە خانی ژنی (عەلی حەمدی)یشمان لەگەڵدابوو، لەڕێگا تەماشا دەکەم تاچاو بڕکا ئۆتۆمۆبیل راگیراوە ودەیان پشکنن وجل وبەرگیش هەڵدەتەکێنن، ئێمەش وەستاین ومن دابەزیم پشتی ئۆتۆمۆبیلەکەم کردەوە، ئەفسەرێکی ئێسک سووک لەوێ بوو بانگم کرد «تعال ابنی تعال» کەگوێی لێ بوو یەکسەر هات گوتم «انی مستعجل شوف هاي البرقيە»، هەرکەدیتی پێشی ئۆتۆمۆبیلەکانی

خستین ورۆیشتین کابرای شۆفێر گوتی بەخوا لێرە رزگارمان بوو ئەفسەرەکە تەنیا ئەوەندەی لێ پرسیم گوتی تۆ بەیانی نەرۆیشتی گوتم با ئەرکێکی رەسمیم هەبوو بۆ ئەوە چووم گەڕامەوە.

دوای گەیشتینە دەربەندیخان، لەتونێلەکە کە هاتینە دەرەوە ئەمنێک کورد بوو، گوتی ئەم شتانە چییە هەمووی قەدەغەیە دایگرن، هاتە بەرچاوم گوتم بەخوا لەوسی لێ نادەی مالّی یەکێک نییە بەتۆ بخورێ، من لەبەغداوە بەو هەموو بازگەیەدا دەرم کردووە، بۆ چی تۆ لەهەموویان پیاو تری کابرایەکی ئینزیباتی عەرەبیش هات گوتی، ها خێر، گوتم وەلّلا شتەو کڕیومە ودەیبەم بۆ بەرپرسێکی گەورە، ئیتر رۆیشتین، گەیشتینە نزیک سلێمانی لەسەرکارێز، گوتیان ئەمە قەدەغەیە وچییە، دایگرت، گوتم خۆتان کەڕ مەکەن، لەوێوە هێناومانەتە ئێرە ئێستا ئێوە دەلّێن چی، ئیتر لەوێش رۆیشتین گەیشتینە مالّەوە تەماشا دەکەم مالّی خۆمان وەک شایی وهەلّپەرکێیە، (عەلی حەمدی) بەرپرسی لقی چوار بوو لەمالّی ئێمە خۆی شاردبووەوە، بانگم کرد گوتم وەرە دیاریم بۆ هێناوی چونکە خێزانەکەی ئەویشم لەگەلّدابوو، لەرێگا تەسبێحێکی بەدەستەوە بوو، کۆمەلّ کۆمەلّ لێی لادەدا، دەنکەکانی حساب دەکرد (الله، محمد، علی، أبو جهل) لەگەلّ ئەبو جەهل تەواو دەبوو، یەکسەر دلّی تەنگ دەبوو دەیگوت، خەتەرە، ئەگەر (الله) تەواو دەبوو دلّی خۆش دەبوو، بەلاّم من بەوم نەگوتبوو چیم پێیە، کە لەسلێمانی شتەکانم دەرهێنا گوتی «الله یرضی علیك أنی هسه أخاف» ئینجا زەعیم سدیق ناردی بەشوێنمدا گوتی دەبێ لێمان ببوری کە، ئێمە لێرەوە هەوالّیان پێ دابووین کەتۆ پارتی وبەئەنقەست بروسکەت لێ نەداوە، بەدەستی ئەوان بووە، تۆ بەبرای خۆتم دابنێ، هەرچی ئیش وکارێکت هەبوو من ئامادەم بۆتی بکەم، گوتی (من زۆر لەعەبدولکەریم قاسمەوە نزیکم).

کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی بوو لەگوندێکی بناری پیرە مەگرون لە (یالاّن قۆز) نووسراوێکیان بۆ ناردم گوتیان ئەگەر بکرێ (عەلی حەمدی) دەرباز بکەی، بیرم کردەوە زەعیم سدیق بەقسەم دەکات، ئەو واتێ دەگات من پیاوی عەبدولکەریم قاسمم، گوتم کاک عەلی شتێکی وام بۆ هاتووە، دەچم بۆ لای زەعیم سدیق بەلّکو (عدم تعرض)ت بۆ بکاو دەربازت بکەم گوتی باشە.

چووم بۆ لای زەعیم سدیق، گوتی بەخێر بێی، چ ئەمرێکت هەیە، گوتم وەلّلا

دایکم لە گوندی دۆڵانە لەقەرەداغ، نەشەکری هەیە نە چای هەیە، پیرەمێردێکی خۆمان هەیە بینێرم، تۆزێک شتی بۆ ببات، گوتی باشە خۆی بابێ، کەچوومەوە پێم گوت، گوتی باشە دێم لەگەڵتدا، ڕۆیشتین گەیشتینە لای حامیە تەماشا دەکەم کاتژمێرێکی لەدەستدا بوو ئەو کاتە بایی (١٠٠) دینار دەبوو، پاندانێکی ئاڵتونی بەیەخەوە بوو، بەڵام دەستێ جلی شڕی لەبەر کردبوو، سەیرم کرد گوتم بەخوا خزمەتکارێکی باشی، هەتیو بێنە ئەو سەعات وپاندانە، گوتی ئاوەڵڵا منیش بیرم نەبوو، پاندان وسەعاتەکەم لێ وەرگرت وخستمە جانتاکەمەوە چووینە لای زەعیم وچایان بۆ هێناین، گوتم هەتیو هەستە ئەو چایەمان بۆ دانێ، سینییەکەی هەڵگرت ودەستی لەرزی لەدەستی کەوتە خوارەوە، چەپۆکێکم پێدا کێشا گوتم عەمرت نەمێنێ، گێژەی وێژە، زەعیم گوتی ئەمە زۆر باشە منیش کچم زۆرە خۆزگە یەکێکی وەک ئەو کابرایەت بۆ پەیدا دەکردم بۆماڵەوە، لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر دەزانی، عەلی حەمدی خۆی کڕ کردو دانیشت گوتم کاغەزێکی بدەرێ، کاغەزێکی دایە بۆ شەکرو چاو جگەرە بۆ دایکم، هاتینەوە، ئەو ڕۆژە گەڕاین ئۆتۆمۆبیل پەیدا بکەین، بەشێخ محەمەدمان گوت بەرپرسی شۆفێرەکان بوو وخەڵکی بانە بوو وهەتا ئێوارە لەلۆرییەک زیاتر هیچی دەست نەکەوتبوو، لۆری هاتە بەردەرگا، کاک عەلی کاغەزی (عدم تعرض)ی پێ بوو عەلی بەشۆفێرەکە دەڵێ لەڕێی کانی ماسییەوە بمبە، شۆفێرەکەش دەڵێ نا حزب فەرمانی کردووە من لەم ڕێیەوە دەتبەم، کوڕە بابە بۆ خاترای خوا، دەڵێ نا فەرمانی حزبە، بەقسەی نەکرد بوو کاک عەلی دەیگوت ئەوەندەم لاخۆش بوو دەڵێ فەرمانی حزبە، پێی دەڵێ بۆچی دەچی، دەڵێ شەکروو چا دەبەم بۆ ماڵی دایکی فلان کەس، دەڵێ سەیرە چۆن ئەم کاغەزەت وەرگرتووە، پێچ دەکاتەوە بۆ سەر تانجەرۆ، تەماشا دەکات نوری ئەحمەدی تەها بە دوو ئەسپ هاتووە بەرەو پیری، ئەسپێک بۆ خۆی وئەسپەکەی دیکە بۆ ئەو ئیتر لەگەڵ نوری ئەحمەدی تەها باوەش بەیەکتردا دەکەن شوفێرەکە دەزانێ ئەوە عەلی حەمدییە، دەڵێ باوکەڕۆ بۆ پێت نەدەگوتم، ئیتر دەچن بۆ یالان قۆز کە عەلی حەمدی دەردەکەوێت دەڵێن چۆن دەرچووی دەڵێت چووم بۆ لای زەعیم سدیق دەڵێن هەرچووی بۆ لای خۆی دەڵێ ئەرێ وەڵڵا چووم بۆ لای خۆی، دەڵێن ئێ ئێمە گوتمان خوشکە ناهیدە ڕۆمانی ئارسین لۆپین بخوێنێتەوە بەڵام نەمانگوت ببێ بەئارسین لوپین، گوتبوویان ئەی باشە بگیرایتایە دەیانگوت چوو تەسلیمی کرد، گوتبووی ئێوە هەربەو جۆرە بیر دەکەنەوە، کۆبوونەوەکەیان ئەنجام دابوو، سوپاس بۆ خوا ئەو جارە

سوپاسێکیان بۆ ناردم، شەکرو چایەکەش هەر بۆ خۆیان بوو، (عەلی حەمدی)ش، هەموو ئەو قسانەی کە لای زەعیم سدیق دانیشتبووین وزەعیم سدیق دەیکرد، تەنانەت گوتی سیاسەتی (جینۆساید) بەکار دێنین، هەمووی لەکۆبوونەوەدا باسی کرد بوو،

دوای ئەوەی بەعس (١٩٦٣) کودێتای بەسەر (عەبدولکەریم قاسم)دا کرد، زەعیم سدیق ناردی بەشوێنمدا، کەچووم کابرایەکی لەلا دانیشتبوو، گوتی ئەوە (عەبدولرەحمان عارف)ە، فەرماندەی هێزە، برای (عەبدولسەلام عارف)ە، ڕووی تێ کردو گوتی ئەوە ئەو کەسەیە کەلەگەڵ یاخیبووەکان (متمردین)ە، نهێنی ئێمەی دەبرد بۆ ئەوان، گوتم گەورەم تۆ بەو هەموو حوکم ودەست ڕۆیشتنەوە، کە دەزانی من ئەوە بووم، بۆچی نهێنی خۆتانت لای من باس دەکرد، عەبدولرەحمان عارف دەستی کرد بەپێکەنین (جا زەعیم سدیق وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم)ی بەیەخەوە بوو، لێ ی کردبووەوە لەوێ سەیرێکم کرد تاتێ بگات، گوتم زۆر چاک بزانە من (چ ڕێیەکم گرتووە، هەر ئەو ڕێیە دەگرم) کەئەمەم گوت لەقسەکەی خۆی تێ گەیی، ئینجا عەبدولرەحمان عارف باسی (متمردین)و شتی وای کرد، گوتم من ئەوە ئافرەتێکم دانیشتووم سەر بەکەس نیم، زەعیم سدیق زۆر باشم دەناسێ، منیش باشی دەناسم، عەبدولرەحمان عارف گوتی: فەرموو بڕۆ ماڵی خۆتان، کەمنیان بانگ کرد، هاتووچۆ قەدەغە بوو (منع التجول) بوو، گوتم بەچی بڕۆمەوە، عەبدولرەحمان عارف گوتی بابە ئۆتۆمۆبیلەکەی من بگەڕێتەوە ماڵەوە، کە هاتمە دەرەوە، تەماشا دەکەم ئەو شەقامانە دەبابەو زرێپۆشی وای پێدا دەڕوات یەکی هێندەی خانوویەک دەبێ، بارودۆخەکە زۆر ناهەموارە هەر ئافرەتەو کوڕێکی خستووەتە ژێر عەباوەو بەم کون وئەو کوندا دەیفرێنێ، هەر خەڵکەو هاوار دەکات، سەربازیش بەسواری دەبابەوە هەر کەسێکیان دەست بکەوێ بەژێریەوە دەکەن ودەیپلیشێننەوە.

من چوومە ماڵی شەفیقە سەعیدی عوسمانی قادر ئاغا کەماڵەکەیان بەرامبەر کارگەی جگەرە بوو، هیچ شتێک لەبازاڕدا دەست نەدەکەوت، شەفیقە خان چووە بازاڕو هاتەوە گوتی وەڵڵا بامیەم دیت لەدوکانێک بەڵام چەندی داوام لێ کرد گوتی دایکەکەم نایفرۆشم دەیبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان گوتم وەڵڵا من دەچم چەندی بوێ بامیەکەی لێ دەکڕم، چووم جووتێ سولم لەپێ کرد وعەبایەکم دا بەسەرمداو پەچەم گرتەوەو بەرەو دوکانەکە چووم هەرچۆنێک بوو لێم سەند..

(ڕۆژ) و (ڕەنج) پێشتر لەگەڵ مامێکیان توانیان بەرەو ماوەت وگردەڕەش دەرچن کەبارەگای مەکتەبی سیاسی لێ بوو (رزگار)یشمان دەرباز کردبوو بۆ قەرەداخ بۆ گوندی (دۆلان) من هێشتا لەماڵی شەفیقە خان بووم (راست) منداڵ بوو هات لەدەرگاکەوە گوتی دایە، حاجی جەلال وپوورە مەندانە خۆیان ئامادە کردووە دەرت دەکەن بۆ قەرەداخ، ئیتر هاتن بڕۆین، بازگەیەکیان لەئابلاخ دانا بوو، من ومەندانەی خوشکم وحاجی جەلال و(ڕاست)یشمان لەگەڵدابوو گەیشتینە لای مزگەوتەکەی ئابلاخ، حاجی جەلال گوتی ئەوە سەربازن، من بەعەرەبییەکی ڕەوان قسەم لەگەڵدا کردن، گوتم بەقوربانت بم یارمەتیم بدە گوتی چۆن گوتم برایەکم ئەفسەری سەربازییە ناوی (جاسم)ە، (متمردین) گرتوویانە ئێستە چاوساغێکم لەگەڵدایە ودەمەوێت بچم بەدوایدا بگەڕێم، بەمەندانەی خوشکمی گوت ئەوە چییە، پێم گوت ئاخر ئەوە چاوساغەکەمە بۆ ئەوەی پتر دڵنیا بێت پێم گوت (های الكلبه) کابرا گوتی فەرموون گوتی لەو سەریشەوە دەگەڕێیتەوە، گوتم بەڵێ دەگەڕێمەوەو ئینشائەڵڵا هەواڵی (جاسم)ی براشم دەزانم، گوتی جاسم پلەی چییە گوتم (ملازم اول)ە، گوتی (خطیە)، هەر ئەو سەربازە تا ئەو سەری ڕێگاکە لەگەڵماندا هات، لەو سەر گوتی ئیتر من ناتوانم بێم ئەوە (متمردین)ە، دووسێ ئافرەت لەسەر ڕێگەکە بوون، پێم گوتن ئەرێ خوشکێ گیان ڕێی کانی ماسی لەکوێوەیە، بارەگای خۆمان لەوێ بوو، ئافرەتەکە جنێوێکی بەمن داو گوتی سەربازەکە ڕەوانەت دەکا وبەجاسووسی دەچێتە ناویان، خۆم سەربازەکەم نەدیت ڕەوانەی کردی، پێی نەگوتم، پێشم خۆش بوو.

تۆزێک چووینە ئەولاتر، خوالێی خۆشبێ بلەی حەمە خورشە دەرپەڕی ولەگەڵ نەجمەدین بەرەو ڕووم هاتن کاکە بلە بەئافرەتەکانی گوت تومەز هەر خزمی خۆی بوون، دەک داوەشێن ئەوە ناهیدەی شێخ سەلامە، ئافرەتەکان خەریکی مەڵۆو شت بوون بەرەو ڕووم هاتنەوە، سەدجار گوتیان لێمان بوورە بەقوربان، پێم گوتن، من بەقوربانی ئێوە بم مادام ئێوە هێندە دڵسۆزن.

لەوێوە ڕۆیشتین بەرەو کانی ماسی، هێستریکیان بۆ پەیدا کردین سەگبابێک بوو ئەو بستە ڕێیە گوتی بە (٧) دینارتان دەبەم، ئێمەش چارمان ناچارە گەیشتینە کانی ماسی، کانی ماسی دیمەنێکی سەیری هەبوو، هەربستێک دەڕۆیشتی دوولقە داریان چەقاندبوو پەڕۆیەکیان پێدا دابوو وخێزانێک لەبەری دانیشتبوون، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژن ومنداڵ وبێشکەو پیرەمێرد وپیرەژن





یەکەم کۆنگرەی مامۆستایان لەشەقلاوە

لەسەر ئاوەکەی کانی ماسی وەک ڕەشماڵ هەڵدرابوون، کابرایەک هاتماڵی ئاوابێ، گوێ درێژێکی بۆ پەیدا کردین، من سواری گوێ درێژ بووم دەمو چاوم رووشا، گەیشتینە بەرزاییەک پێش ئەوەی خل ببێتەوە بۆ ناو چەمی تانجەڕۆ تەماشام کرد غەرقی رەحمەتی خوا بێت (عوسەی ئامە) لەوێیەو کلیمێکی بۆ داخســـــتین وچایەکی بۆ لێنایین وهەندێک چەرەسی بۆ دانایین، تۆزێک ماندوویتیمان حەسایەوە، (ڕاست وتیشک)مان لەگەڵدابوو، (بروسکە) زۆر منداڵ بوو لەلای (دادە) جێمان هێشتبوو، (ڕەهێڵ) کەلەبروسکە گەورەتر بوو لەماڵی باپیری بوو لای خوشکێکی باوکی ڕۆژ، چوون لە سەرچەمەکەی تانچەڕۆ دەموچاویان شۆری (راست) بەراکردن هاتەوە، گوتی دایکە خاڵە عەلی و حەمەی کاک حەسەن هاتن، حەمەی کاکە پیاوێک بوو لای باوکم بوو، خاڵە عەلی زاوامان بوو کوڕی شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕبوو، مێردی(بەهێ)ی خوشکم بوو، دایکم لە دۆڵانەوە ولاخ و فەردەیەک ناوساجی بۆ ناردبووین، گوتیان لەگەڵتاندا دێین بۆ گلەزەردە دوو ڕێگا دەچێتەوە سەرگلە زەردە بە یەکێکیاندا پێپیلکە پێپیلکە سەرکەوتین- سەر لە ئێوارە تەواو ماندووبووبووین لەوێ ماینەوە دوو فەردە ترۆزبیان بۆ هێنایین و فەردەیەک ناوساجیمان پێ بوو.

چایان لێناو، ئەوشەوە هەتا بەیانی لەسەر مەڵۆیەک نووستین، چونکە بە هەمووویان یەک پەتۆمان پێ بوو ئەویشیان دابە من، ڕۆژ بووەوە بەرەو دۆڵان چووین و چووینە لای دایکم لەوێ تۆزێ ماندووبوونمان حەسایەوە، لەوێ کرێکارم گرت و رزگاری کوریشم لەوێ بوو دەستمان کرد بەخشت برین و دوو ژوورو هەیوانێکمان دروست کرد، هەر کەسێک دەهات میوانداریم دەکرد، پێشمەرگە دەهاتن، یەکێ لەوانەی کە هات (عەونی یوسف) بوو، سەید نوری نەقیب، خالیدی شەمسەدین، عومەر جوری ودووسێ جار کەمال موفتی هات، زۆپایەکی دارمان هەبوو دامان دەخست، هەرچی پێشمەرگەی خۆمان لەوێوە تێپەڕدەبوون سەرێکیان هەر لێ دەدایان.

بە هەر شێوەیەک بوو (ڕۆژ ورەنج)م بەردو ماوەت لای باوکیان دەرباز کرد دوای ماوەیەک لە پەنای خانووەکەی خۆمان دانیشتبووم (حەمەی دۆڵانی) ئێستە لێرە پێشمەرگە هاواری کرد باجی کاکە ڕۆژەو کاکە رەنجە هاتن، کە نزیک بوونەوە باوکیشیان لەگەڵدابوو ماوەیەک مانەوە پاشان گەڕانەوە، لە گەڕانەوەدا لای عەربەت کەمینیان بۆ دانابوون، خوا بەزدیی بەمندا هاتەوە.

بەو ڕێگایەدا نەڕۆیشتبوون وبەڕێگایەکی دیکەدا ڕۆیشتبوون ئەگینا زەعیم سدیق ئەوەی تەمەنی لە (١٤) ساڵان پتر بووایە لەسێدارەی دەدا، خەڵکەکە هەمووی ڕووی کردبووە (کانی ماسی).

ساڵی ١٩٦٤ بوو، جەلال تاڵەبانی لەیالان قوزەوە ناردی بەشوێنمدا گوتی مەلا مستەفا خاتری تۆی زۆر دەوێ دووسێ کەسمان گیراوە مەحموود کەپێ ی دەڵێن(ڕێزان) وبلەی حەمە خورشە، بەڵکو بچی بەرەڵلایان بکەی، هەستام چووم بۆ ڕانیە بۆ لای مەلا مستەفا لەقوتابخانەیەکی گەورەدابوو، دەرگایەکی گەورەی هەبوو، کاک مەسعودو کاک ئیدریس لەو دیوەوە لەژێر چادرێکدا بوون لەدەرگا گەورەکەدا لەشێوەی پرسگە پرسیاریان لێ دەکردی، شەهید (عومەر ئاغای دۆلەمەڕی) لەکونێکەوە پرسی تۆ چیت؟ گوتم من گورگم، ئیتر نازانم نەکاک مەسعود بوو نەکاک ئیدریس بوو گوێیان لێ بوو گوتی ئەوە دایە ناهیدەیە، کەچوومە ژوورەوە پێکەنین بەوەی گوتم من گورگم، گوتم کاکە ئێمە دەڵێین تۆ کێیت ناڵێین تۆ چیت، بۆیە منیش بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە.

چوومە ژوورەوە بۆ لای مەلا مستەفا کەدانیشتین ئەوەم بۆ گێڕایەوە دوو دڵ بوو گوتی باشە ڕاست دەکات؟ ئیتر پێم گوت ماڵت ئاوا بێ تۆشتی زۆر سەیر دەکەی، گوتی وەک چی، گوتم ئەم خوێڕی وخاڵانەی قسەیەک دەکەن تۆ دەیانگری و واگەورەیان دەکەی، ئیتر گوتی تۆ دەڵێی چی، گوتم بەریان بدە باهێندە گەورە نەبن، گوتی بەریان دەدەم بەو مەرجەی هیچی دیکە خراپە نەکەن، لەگەڵ خۆمدا بردمنەوە بۆ سلێمانی لە جاران خراپتریان دەکرد، وابزانم هەردووک کوژران...

دوای ئەوە جەلال تاڵەبانی هات بۆ لام گوتی مەلا مستەفا لێمان توورە بووە دەبێ تۆ بچی بۆ لای وتۆزێک هێمنی بکەیتەوە منیش نەمدەزانی ئەوان چییان لەژێر سەردایە، هەستام چووم بۆ لای مەلا مستەفا لەناوچەی پشدەر پێم گوت بێ قەزابی تۆ بۆ وادەکەی ئەمانە حزبین وتۆ شەڕیان لەگەڵدا دەکەی، دەمانچەکەی فڕێ دایە سەر زەوی، گوتی چی دەکەی بیکە گوتم هەق نییە وا لەگەڵیاندا بجووڵێیتەوە، تووڕە بوو وژوورەکەی بەجێ هێشت، لەحەوشەکە بەلۆعەیەکی ئاوی لێ بوو هەر ئاوی دەکرد بەسەروچاویدا، دوای ئەوە سواری جیبەکەی بوو وڕۆیشت، شەهید عومەر ئاغای دۆلەمەڕی هات گوتی ئەوە تۆ چیت کرد، گوتی تەنیا یەک جاری دیکە مەلا مستەفا لەگەڵ بێریا بوو بەشەڕی بەو شێوەیە تووڕە بوو، ئێستاش ئۆتۆمۆبیل ئامادەیە حەزدەکەی بڕۆردوە، گوتم کاک عومەر تا

خواحافیزی لەخانەخوێ نەکەم چۆن دەڕۆمەوە، کورسییەکەم لەبەر ژوورەکەیدا دانا تا بانگی شێوان نەهاتەوە، ئینجا دەنگی ئۆتۆمۆبێلەکەی هات، هاتە ژوورەوە من هەر لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم بەزەردە خەنەیەکەوە گوتی ئەوە هەر نەڕۆیشتیتەوە، گوتم میوان نابێ دوعا خوازی لەخانەخوێ بکات، دەستی خستە سەر شانم گوتی بابچینە ژوورەوە، گوتی بۆ نەچوویتە ئەوبەر بۆ لای دایکی مەسعود، گوتم من ئەمجارە بۆ لای جەنابت هاتووم بۆ لای دایکی مەسعود نەهاتووم، گوتی باشە ئێستا من چی بکەم، گوتم بروسکەیەکیان بۆ بکە، بڵێ ئێوە کوڕی منن، من هیچ ناکۆکییەکم لەگەڵ ئێوەدا نییە، ئیتر بروسکەیەکی بەو شێوەیەی بۆیان کرد، تومەز ئەوە پەند بوو وبەمن کرابوو، تا مەلا مستەفا غافڵ بێت وئەوان لەولاوە لەقەرەداخ کودێتاکەی خۆیان جێبەجێ کرد وبەیاننامەکیان دەرکرد گوایە مەلا مستەفا کوردی بەسێو وپرتەقاڵ فرۆشتووە هۆیەکەش هەر ئەوە بوو، دوای ئەو هەموو خۆشەویستی ودڵسۆزی وماندووبوونەم لەسلێمانی تەقەیان لێ کردم و (٥-٦) گولله بەرکەوت، بەڵام باش بوو، نەمردم.

دوایی کە لەدۆڵان گەڕامەوە بۆ سلێمانی کۆتایی بەخزمەتەکەم هاتبوو واتە (فەسڵ) کرابووم، چووم بۆ بەغدا سەولەنوێ تێستی چاوو ئەوانەم کردەوە وسەر لەنوێ دامەزرامەوە، ئەو کاتە (ئەنجومەنی خزمەت) هەبوو، مەسعودی کوڕی مەلای گەورە لەوێ بوو، مامەڵەی دووبارە دامەزرانەوەم تەواو کردو هاتمەوە بۆ سلێمانی.

ئیتر ئەو کاتە لەسلێمانی جەلال تاڵەبانی وئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەهەموو کەس پتر دەستیان دەڕۆیشت، ئەوەی ئەوان سەریان نەبڕیبووایە، سەرنەدە بڕرا، چووم بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردە، فەرمانی ئیداریم برد بۆ سکرتێرەکەی (نوری چەلەبی) دووسێ کەس لەلای دانیشتبوون، عەلی عەسکەری لەوێ بوو چۆنی وچاکی لەگەڵدا کردم، گوتی خێرە، گوتم هاتووم دووبارە دابمەزرێمەوە، گوتی کوا فەرمانەکە، پیاوێکی لێ بوو ناوی (حەمەی سارۆ) بوو، بانگی کرد حەمە، فەرمانەکەی لەدەستی من وەرگرت ودایە دەستی حەمە گوتی بیدڕە، ئیتر لەبەردەممدا دڕی، منیش دامە قاقای پێکەنین عەلیش هەڵی دایە گوتی چاوت لێ یە ئێمە خەڵکی وامان هەیە بڵێین بمرە دەمرێ، گوتم وەڵڵا کاک عەلی من دەمزانی ئەگەر ئێوە بەمانە بڵێن بمرە دەمرێ، بدڕە دەدڕێ وبقیڕێنە دەقیڕێنێ، بەڵام نەمزانیبوو بڵێن (بحیزە دەحیزێ) بوو بەپێکەنین گوتی خوا بتگرێ قەت بۆ

قسه ناوەستی، گوتم وادرێ ئەم فەرمانە (١٠) دانەی دیکەی هەیە، گوتی دەوێری لەگەڵمدا بێی هەتا ئەو سەرجادەیە، گوتم وەڵلا بۆ نایەم لەهیچ ناترسم تەنیا لەیەک شت دەترسم خەڵک بڵێن ناهیدەی شێخ سەلامیش بوو بە (جاش) ئەگینا برۆ بچین، ئەو کاتە حاجی عەبدولرەزاق بوو بوو بە پارێزگاری سلێمانی لە دامەزرانەوەکەدا زۆر هاوکاری کردم.

ڕۆژێک نوری ئەحمەدی تەهام پێ گەیی گوتی ئێستا چووم بۆ ماڵی ئێوە لەوێ نەبووی، گوتم بۆ، کاک نوری گوتی ئەحمەد ئاغای سەردۆشی لەئێرانەوە هاتووەو لەئێران حوکمی لەسێدارەدانی هەیە، لێرە لەئوتێل گیراوە، ئەو کاتە حاجی عەبدولڕەزاق پارێزگار بوو گوتی بەڵکو بچی بۆ لای حاجی عەبدولڕەزاق، بەر بدرێ.

زووتر جارێکی کە من یەک دوو ئامۆزام هەبوو خەڵکی ئەحمەد برنەو بوون، کاتی خۆی لەگەڵ شیوعییەکان بوو بوو بەشەریان یەکێکیان لێ کوشتبوون وچووبوونە ناحیەیەک پێ ی دەڵێن (قاینەجە) من کاتی خۆی لەگەڵ ئەحمەد بەگی جاف وعیزەت بەگ چوو بوومە لای حاجی عەبدولڕەزاق، ئەحمەد بەگ وعیزەت بەگی جاف ئامۆزای باوکی ئامۆزاکانی من بوون، واتە دایکیان ئامۆزای منە وباوکیشیان حەمەد بەگی مستەفا بەگی عەولا پاشایە، دوای ئەوە حاجی عەبدولڕەزاق ناردی بەدوامدا گوتی من واتێ گەیشتووم تۆ کەسێکی پاکی ولەگەڵ کەسدا هەڵە ناکەی کەچی تۆ هەڵەت لەگەڵ مندا کردووە، گوتم بۆ، گوتی بەگزادەی جافەکان هاتوون دەڵێن ئەوانە ئامۆزای ئێمەن وتۆش گوتت ئامۆزای منن تۆ شێخی وئەوان بەگزادەن، منیش پێکەنیم گوتی یان تۆ ڕاست دەکەی یان ئەوان، گوتم هەردووکمان ڕاست دەکەین، گوتی چۆن گوتم ئەوانە دایکیان ئامۆزای منەو باوکیان ئامۆزای ئەوانە، کەواتە هەردووکمان ڕاست دەکەین، ئیتر تێ گەیشت گوتی ببورە من خراپ تێ گەیشتبووم.

ئیتر کەنوری ئەحمەدی تەها بۆ ئەحمەد ئاغای سەردۆش پێی گوتم، گوتی دەبێ فریای کەوین ئەگەر بیدەنەوە ئێران لەسێدارە دەدرێ، گوتم کاک نوری ئەم پیاوە شێوەی چۆنە گوتی پیاوێکی نیمچە پیاوە خزمەتکارێکی لەگەڵدایە ئەویش گیراوە ئەو کەڵەگەتە وئەحمەد بەگ لوتیشی تۆزێک خوارە، گوتم باشە، هەستام چووم بۆ لای حاجی عەبدولڕەزاق گوتی خێرە، گوتم لەبیرتە ئەو جارە ئامۆزاکانی منت گرتبوو وبەرەڵلات کردن، بەڵام ئێستا چووی لەژێر ناوێکی کە یەکێکیانت

گرتووە، ئەمە شتێکی شەرمە، گوتی کامیانە، گوتم ئەوەیە ئەویش کەوتبووە گومانەوە، گوتی باشە ئێستا دەنێرم بەدوایدا بیهێنن ناردی وهێنایان، کەهاتە ژوورەوە من سەغڵەت بوو بووم چونکە ئەو پیاوەم قەت نەبینیبوو ونایناسم وا کردوومە بەئامۆزام ئێستا ئەوچوزانێ، بەڵام دیار بوو ئەو پیاوێکی وریا بوو، زانیم ئەوەی پێشەوە ئەوە وئەوەی دواوە خزمەتکارەکەیە، منیش یەکسەر پێم گوت ئۆخەی پێم خۆش بوو وایان لێ کردی کردیانی بە ئەحمەد بەگ تۆ لەگەڵ باوکمدا عاجز بوو بووی خۆ ماڵی مامت مابوو، ئەوە شێخ سەلام هەموو کەس دەیناسێ من ناهیدەم وکوڕی ئەو باوکەم، هەقی ئەوەی نەهاتیتە ماڵی ئێمە شوکور کردیانی بە ئەحمەد بەگ کابرا زۆر ژیر بوو، یەکسەر لەلامەوە دانیشت، گوتی ئامۆزا گیان چۆنی، بەڕێوەبەری پۆلیس وبەڕێوەبەری هەواڵگری ناوی (عەقید سالم) بوو لەوێ بوون کەئێمە بەم شێوەیە قسەمان دەکرد، تەماشای یەکدییان دەکرد، گوتم وەڵڵا خێرێک دەکەم تۆیان کرد بە ئەحمەد بەگی سەردۆش حاجیش پیاوێکی باشەو نایەوێت خراپە بکات یەکێک لەجێی یەکێکی دیکە بگرێت، هەستا تۆقەی لەگەڵدا کردو گوتی ببورە وامانزانی یەکێکی دیکەی، هاتینە دەرەوە لەپلیکانەکان هاتینە خوارەوە، ئەحمەد بەگ گوتی دەچم بۆ ئۆتێل، گوتم کوڕە

بڕۆ بابچین بۆ ماڵی خۆمان ئێستا ئەمنمان بەدواوەیە بزانن لێک جودا دەبینەوە یان نا، چووینە ماڵی خۆمان لەسابونکەران، ناردم کەبابیان هێنا دانیشتبووین کەبابمان دەخوارد، سابیرە لوتە ئەمن بوو هات خۆی کرد بەژووردا، گوتی ئەوە خزمەکانت لەلاتن، گوتم بەڵێ خۆ ئەمجارەش نایانگرنەوە، گوتی هەندێک تومەنیان لەگیرفاندا گیراوە وابزانم (١٢٠٠) تومەن بوو، وەرمانگرت و(٢٠٠) تومەنم لێ دا بەسابیر، چونکە گوتم هەڵی گرە بۆ خۆت گوتی نەوەڵڵا ئەگەر خۆت شتێکم بدەیتێ، ئەحمەد بەگ وخزمەتکارەکەی هەر ئەوشەوە ڕۆیشتن ورزگاریان بوو، دوای یەک دوو ساڵ باوکی ڕۆژ پێشمەرگە بوو ڕێی کەوتبووە ماڵی ئەحمەد بەگ لەسەردۆش، باوکی ڕۆژ تاقمێک پێشمەرگەی لەگەڵدا دەبێ، ئەحمەد بەگ باسی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ ئەو فریشتەیە نەبووایە من لەسێدارە درابووم، باوکی ڕۆژ دەزانێ باسی من دەکا یەکێک لەو پێشمەرگانە پێ دەکەنێ ودەڵێ: دە ئەو میوانەت (نوری شاوەیس)ە و، مێردی ئەو ئافرەتەیە، گورج هەڵدەستێ ودەستی نوری ماچ دەکات دەڵێ تەڵاقم کەوتبێ دەبێ یەک هەفتە

لێرەبن خزمەتتان بکەم، ئەحمەد بەگ ئێستا ئەمری خوای کردووە.

لە ١٩٦٧ لەسلێمانی ڕۆژێک فەرهادی شێخ قادری بەرزنجی خزمی نوری شاوەیس بوو، هەواڵی بۆ هێنام گوتی پووریێ، رزگارو ڕاست وکەمال حەسەن گیراون وتاقمی حەمەی حاجی تایەر بردیانن، منیش هەستام چووم بۆ لای حەمە، گوتم بۆچی گرتووتانن گوتی وەڵڵا ئەمانە تەکەتوولات دەکەن ومەلایین، گوتم لەبەر ئەوە گوتی بەڵێ، گوتم حەمە مەگەیەننەئێنم، من دەمەوێ ئەمانە بخوێنن، ئەگینا ئێستاش توانام هەیە خەیاتان بەرم، گوتی چۆن، گوتم دەچمە سەر ئوتێلەکەی نوری عەلی هەرچی لەدیزەکەتاندا هەیە بەئەسکوێ دەری دەهێنم، گوتی چۆن یەکێک لەوپێشمەرگانەمان جنێوێکت پێ بدا حەیای سەد ساڵت دەبا، گوتم قوربەسەر باوکی باوکت بۆمن نەسرینی خێزانی تۆم یان گەلاوێژی ژنی ئیبراهیم ئەحمەدم بەجنێو حەیام بچێ وخەڵک بڕوا بەجنێو بکات، من کەی جنێوم پێ بدرێ بەرز دەبمەوە، گوتی خوشکە ناهیدە عاجز مەبە لەم شارەدا تەنیا کوڕەکانی تۆیان لەگەڵدایە، ئەو کاتە رزگارو ڕاست لەڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان ئیشیان دەکرد، ئیتر رزگارو ڕاست وکەمال حەسەنیان هێنا گوتیان بیان بەوە.

چووینەوە ماڵەوە (١٥-٢٠) کچی ناوەندی ودواناوەندیمان کۆ کردەوە یەکێکیان نەسرینی بووکم بوو خێزانی رزگار هەندێک کاو جۆم هێناو کردمانە گیرفانیانەوە، گوتم ناوێرن هیچتان لێ بکەن بچنە بەردەرکی سەراو بڵێن (هانێ کا هانێ جۆ بمرێ جاشی بەکرەجۆ) ئەو کاتە سیروان جاف یاریدەدەری پارێزگار بوو بەوێدا ڕۆیشتبوو شەش حەوت دەنکە جۆ کەوتبووە گیرفانیەوە، ئێوارە هات گوتی توخوا دادە ئەمە حاڵە، گوتم چییە؟ گوتی بەقەبری ئەو خاڵۆیەم ئەم هانێ کا هانێ جۆیە لەم ماڵە چووەتە دەرەوە.

لەو کاتەدا من تەلەفۆنێکم کرد بۆ حەمە، گوتم حەمە ئەم دەنکە چییە لەبەردەرکی سەرا، گوتی جا ئەوە چییە شەش حەوت کەس نابن، گوتم کاکە شەش نین، گوتی، ئەی؟ گوتم دوانن، گوتی، وایە، گوتم بەڵام ئەم دوانە کوڕەکانی من نین، گوتی ئەوە هەر بۆ ئەمە ئەم تەلەفۆنەت کرد.

ساڵی ١٩٦٩ پێش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار، لەکاتێکدا لەسینەمای ڕەشید لەسلێمانی فیلمێکی مێژوویی نیشان درابوو، خەڵکێکی زۆر ئامادە بوو

بوون بۆ سەیر کردنی فلیمەکە، هەر کە گلۆپی سینەماکەدا کوژا بووەوە، تەقە لەکۆمەڵێک پیاوی ڕژێم وئەمن کرابوو کەئازارێکی زۆری خەڵکی سلێمانییان دەدا، دوای ئەو ڕووداوە (٢٠-٢٥) گەنجیان لەبەر دەرکی سەراگرت رزگاری کوڕم یەکێک بوو لەوانە، چووم بۆ حەوشەی سەرا ئەوسا سەرای کۆن لەبەرامبەر باڵاخانەی نوری عەلی بوو، چووم ئامر لیوا لەوێ بوو گوتی بۆچی هاتووی گوتم هاتووم بڵێم ئەو هەموو گەنجە بۆچی دەگرن، ئەی بۆ پیرێکیشتان نەگرت، ئێوەش خۆتان کرد بەزەعیم سدیق، گوتی کامەیان کوڕی تۆیە بیبەوە گوتم ئەوانە هەموویان کوڕی منن، ئەگەر هەموویان بەرەڵڵا دەکەی باشە، ئەگەر نا با کوڕەکەی منیش لەگەڵ ئەواندا بێ گوتی باشە لەبەر خاتری تۆ هەموویان بەرەڵڵا دەکەین، هەموویان هاتن بەرەڵڵا کران دەستیان کرد بەچەپڵەرێزان دەیانگوت بژی دایە ناهی.

هەر ئەو ساڵەش بوو پێش دەرچوونی بەیاننامەکە پوورزایەکم لەقەرەداغەوە هات گوتی ئەحمەدی برام گیراوە لای ئامر لیوایەک ناوی (ئیدریس)ە، دەڵێن زۆر پیاوی چاکە، دەبێ لەگەڵما بێی قسەی لەگەڵدا بکەی بەڵکو بەری بدات. لەگەڵیدا چووم بۆ لای بەڕێوەبەری ناحیە ناوی (فەرەیدون) بوو وبەخزمایەتی دەگەیشتە خێزانەکەی ئیسماعیل شاوەیش، تەلەفۆنی کرد بۆ ئامر لیوایەکەو گوتی ئافرەتێک هاتووە دەیەوێت بتبینێ، گوتی ئافرەت! پێی گوت بەنەزەری ئێمە ئافرەتێکی ئاسایی نییە حەز دەکەم بیبینی، گوتی باشە چووین بۆ حامیە بۆ قەرەداغ، دوو ئینزیبات لەبەر دەرگا وەستا بوون، بەپێچ وپەنایەکدا ئێمەیان برد لەژوورێک دایان ناین، هاوەڵی ئامر لیوایەکە هات گوتی ئامر دەڵێ ئیشەکەی چییە، گوتم من ئیشم لای ئێوە نییە، ئیشم لای خۆیەتی، یەکێکی دیکە هات گوتی ئامر دەڵێ چی دەوێ بۆی بکەم، گوتم کاکە من ئیشەکەم بەئێوە ناڵێم بەخۆی دەڵێم، دوایی هاتن گوتیان فەرموو، منیش جلێکی کوردیم لەبەر دابوو، سەرپۆشێکم بەسەرەوە بوو، چوومە ژوورەوە، دوای بەخێر هاتن کەوتینە قسە وگوتی قسەکردنت لەگەڵ جلەکانتدا نییە، گوتم جا جل هەقی چییە بەسەر ئەوەوە، هەیە چاکەت وپانتۆڵ لەبەر دەکاو مێشکی چۆلەکەیەکی نییە، دەستی کرد بە پێکەنین، گوتی ئیشەکەت چییە، گوتم (٢٨) کەستان گرتووە بێ تاوانن، گوتی ئەوانە دەڵێن تراکتۆریان هەیە (متمردین)ی پێ دەگوێزنەوە وشەو نانیان دەدەنێ گوتم من قسە ناکەم بەڵام تۆ ئامر لیوای جلەکانی خۆت بگۆڕە وەرە دەچین

من قەرەداغ یەک دوو دێم هەیە، گفتت دەدەمێ کەس قسەت لەگەڵدا ناکات، بەڵام وەرە ئۆتۆمۆبێلی لەگەڵ خۆتدا بێنە دێن دەڵێن ئۆتۆمۆبیلەکەمان بدەرێ، دەتوانێ نەیاندەیتێ. یارمەتی ئێوە دەدەن ئەوان دەیانکوژن، یارمەتی ئەوان دەدەن ئێوە دەیانکوژن، ئەم میللەتە لەبەردەستاندا قوڕی بۆ گیراوەتەوە، خزمەتیشیان دەکەن، نانیشیان دەدەنێ لەترسی گیانی خۆیان ولەبەر بەخێو کردنی ماڵ ومنداڵیان وا دیاربوو کابرا پیاو خراپ نەبوو مات بوو، گوتی باشە خزمەکانی تۆکێن ناوەکانیانم بدەرێ بەرەڵلایان دەکەم، گوتم نابەرەڵلایان مەکە، گوتی تۆ ژنێکی سەیری من لەتۆ تێ ناگەم گوتم ئاخر لەبەر ناوی خۆت، گوتی بۆ، گوتم من لەقەرەداغ ناسراوم، هەموو دەزانن هاتووم بۆ لای تۆ بۆ تکا ئەگەر ئەو دووانە بەرەڵلا بکەی، دەڵێن ئاخۆچ بەرتیلێکی بۆ بردووەو ئەوانی بەرەڵلا کردو هەژارەکە مایەوە، سەردانێکە هاتووم بۆ لای تۆ ماڵت ئاوا بێ، یەکسەر بانگی یاریدەدەرەکەی کرد گوتی ئەو (٢٨) کەسە هەموویان بەرەڵلا بکەن، هەر (٢٨) یان هێنان، هەندێکیان بەرپێیان بوو بوو بەپلۆق، یەکێکیان دەستی شکا بوو، هەورامییەکیان لەگەڵدابوو، هەورامییەکە یەک فەردە پێڵاوی باتەی هێنا بوو بەپێشمەرگەی بفرۆشێ ئەویشیان بەخۆو بەپاتەوە گرتبوو، دەیگوت (خانم ببم وەساقەی سەرێ ئەی پاتەکانم، خانم وە قوربانت بم ئەی پاتەکانم، ئامر لیوایەکە گوتی چی دەڵێ، گوتم ئاوا دەڵێ، گوتی بچن بۆی بهێنن، هێنایان دانیشت خەریکی ژماردنی بوو بزانێ چەندی لێ نەماوە.

خۆشیەکی زۆر کەوتە قەرەداغەوە، (٦-٧) یان خەڵکی قەرەداغ بوون، ئامر لیوایەکە پێش ئەوەی بیانهێنن دەیگوت، ئەوانە بەشەو تەقەمان لێ دەکەن، گوتم ئەگەر ئیتر تەقە کرا، من ناهیدەی شێخ سەلام نەبم، گوتی چۆن، گوتم من ئەگەر نەتوانم ئەوە بکەم، ناتوانم ئەو داوایەش لەتۆ بکەم، ئیتر لەو ناوچەیەدا تەقە نەکرا.

دوای چەند ساڵێک ئامۆزایەکی من فەریق روکن بوو یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا بوو لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیکە دادەنیشن، ئەو ئامر لیوایەی لێ دەبێ باسی کورد دەکات ودەڵێ کورد زۆر بوێرن، دەڵێ بەڵام ئافرەتێکم دیوە لەناو کورددا وباسی من دەکا، ئامۆزاکەم گوتبووی بامن جارێ هیچ قسە نەکەم، گوتی کەتەماشام کرد باسی ئازایی وبوێری وقسە زانی کرد، ئیتر گوتم وەڵلا ئەوە ئامۆزامە، گوتی لەئێوە زۆر بوێرترە.

## (١١)ی ئادار

هەواڵمان بۆ هات، کەوا ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار، جێبەجێ کراوە، باوکی ڕۆژ وەزیرەو وعەزیز شەریف وەزیرە، ئەو هەواڵەمان پێ گەیشت، یەکێک هەواڵی بۆ من هێنا گوتی ئاگەداربن چەند کەسێک بەسەرکردایەتی نەوشێروان دەیانەوێت نارنجۆک بخەنە دواناوەندی کچانەوە، کوڕەکەی ویستی نارنجۆکەکە فڕێ دا گرتیان ولەسێدارە درا، ئەوە بوو سەرباری ئەو بارودۆخە، مەلا مستەفا بڕیاری لێبوردنی بۆ جەلال تاڵەبانی وئەوانەی لەگەڵیدا بوون دەرکرد.

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ڕاگەیەنرا بوو بەخۆشی وشادی وهەڵپەرکێ، دارو بەرد جلی سەوزو سورو ئاڵاو والآی پۆشی، ئێمە لەسلێمانی بووین، خەڵکی شارەکانی دیکە بەچەپڵە ڕێزان وهەڵپەرکێ دەهاتنە سلێمانی، هەرچی ماڵی سلێمانی هەیە دەرگای خستە سەرپشت، هەرماڵێک (١٥) ماڵ میوانی بوو کەناشیان ناسێت، نان و چێشت وبەزم وهەڵپەرکێیان بۆ ساز دەکردن، گەرانیان بۆ سازدەکردن، هەر لەوماوەی ئاهەنگ وبەزمەدا، (حەنا یوسف) ئێستا لەفەرەنسایە، بەخۆیی و(٢٠-٣٠) (راهبە) خۆیان کرد بەماڵی ئێمەدا، حەنا یوسف لەگەڵ خۆمدا ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی بوو، ئاهەنگ وبەزمێکی خۆشمان بۆ ساز کردن، دوای ئەوە ئیتر ماڵمان پێچایەوە چووین بۆ بەغدا لە (ئەعزەمییە) خانوویەکمان گرت.

من لەوێ توانای حزبایەتی وئەو شتانەم نەما بوو، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ بزاڤی ئاشتی هەر هەبوو بۆ کۆنگرەو شتی وا دەچووم، کەبوو بە (استسلام) محەمەدی حاجی قادر هاتە ماڵمان گوتی من ئەمڕۆ دەست لەکار دەکێشمەوەو ئیشتان لەگەڵدا ناکەم، گوتی ئەی لەگەڵ ئەواندا گوتم پەیوەندیم لەگەڵ ئەوانیشدا نییە، بەڵام بنەماڵەکەمان هەر لەگەڵ ئەواندا بووەو لەگەڵیاندام بەڵام بەڕێکسختن نا، بەڵام حاشا لەچارەی ئێوە، بۆم دەرکەوتووە ئێوە نەپەیڕەوتان هەیە نە نیشتمانپەروەرن، نەئارەزووی ئاشتی دەکەن تاقمێکن خوا بۆ شەڕو شەڕانگێزی دروستی کردوون، لەو کاتەشدا بزاڤی ئاشتی زۆر لاواز بوو..

لەبەغدا ڕۆژێک کاک ئیدریس لەماڵی ئێمە بوو نیوەڕۆ لای ئێمە نانی خوارد،

کەرۆیشت کلیلێکی پێ بوو دای بەمن گوتی: دایە با ئەو کلیلە لای تۆ بێ، ماوەیەک کلیلەکە لای من بوو، رۆژێک لەگەڵ کاک حەمید ویەک دوو برادەری دیکە بە ئۆتۆمۆبیل بەشەقامی ڕەشیددا تێپەڕدەبن، کاک ئیدریس کلیلەکەی بەبیر دێتەوە دێت بۆ ماڵی ئێمە بۆ کلیلەکە وئەوان بەجێ دەهێڵێ، لەو کاتەدا تەقە لەئۆتۆمۆبیلەکە دەکەن وادەزانن کاک ئیدریسی تێدایە ئەویش ئەو کاتە هاتبوو بۆ کلیلەکە بەڵام بەو تەقەیە کاک حەمید برینداربوو بوو، ئەو کلیلە بووە هۆی ئەوەی کاک ئیدریس رزگاری ببێت.

ئەو ماوەیە باوکی ڕۆژ لەبەغدا وەزیر بوو خۆی نەخۆشی دڵی هەبوو نەیدەتوانی زۆر دەوام بکات (٥-٦) مانگێک لەمۆسکۆ لەنەخۆشخانە بوو، دوای ئەوە لەئەمریکا نەشتەرگەری دڵی کرد، ماوەیەک لەلەندەن بوو تەندروستی زۆر خراپ بوو، زۆر ماندوو دەبوو، هەر لەو ماوەیەدا بوو کە پیلانەکە دژی مەلا مستەفا جێبەجێ کرا وبەسەلامەتی دەرچوو، ئەو پیلانەی کە مەلاکان لەحاجی ئۆمەران خۆیان تەقاندەوە... ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەت لەوانە (سەبریە قەشلاش) ئافرەتێکی عەرەب بوو زۆر ڕێک وپێک بوو، پاکیزەی رەفیق حیلمی وشوکری خانی خێزانی شامل یەعقوبی وتوبا جاف کۆبووینەوە بچین بۆ چاوڕوونی وسەلامەتی مەلا مستەفا، چووین بۆ هەولێر، لەهەولێر شێخ ڕەزای گولانی بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، تاقمێکی لەگەڵدا ناردین چووین بۆ گەلاڵە لەوێ لەدیلمان بوو، دووشەو لەگەلاڵە ماینەوە زۆر ڕێزیان لێ گرتین، هەواڵمان بۆ مەلا مستەفا نارد کەدەچین بۆ لای، گوتی نا من دێم بۆ لای ئەوان، هات بۆ لامان وچاوڕوونیمان لێ کرد، گوتی ئەوانە کێن، هەموویانم پێ ناساند، بەڵام سەیرێکی (توبا)ی کردو پێی گوت تۆ (توبا جاف)ی، بەسەرسوڕمانەوە وایگوت، وابزانم لەبەر ئەوە بوو وەختێک جەلال تاڵەبانی پارەی خۆیانی دەدایە توباو ئەو دەینارده بانکی لوبنان، شتێکیشی لەو بابەتە درکاند.

ئیتر گەڕاینەوە بۆ بەغداو حکومەتیش دەیزانی ئێمە بۆ ئەوێ چوو بووین هیچ حاڵ وحیسابیان لەگەڵدا نەکردین، بەڵام ئێستە کە (١٠)ی مانگی کانونی دووەمی (١٩٩٧)، لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا حەفتا جار ناسنامەت پێ دەردەهێنن ولەسەر پارچە کاغەزێک بۆی هەیە بگیرێیت وتا ماوەیەک کەس نەزانی لەکوێیت.

# پیلانی نەگریسی جەزائیرو شکستی کاتی شۆڕش
## سەربوردەی هەڵاتنمان بۆ ئێران

ئەو ماوەیە لەبەغدا چالاکی قوتابیان ولاوان وئافرەتان زۆر بەهێز بوو ڕۆڵێکی زۆریان دەگێـڕا، پارتیش لەوپەڕی بەهێـزیدا بوو، تا سـاڵی ١٩٧٤ پیـلانە مەزنەکەی لەسەر شۆڕشی کورد جێبەجێ کرا کۆتایی بەو بارودۆخە هێنا، ئەو کاتە موکەڕەم تاڵەبانی ویەکێکی دی هاتن بۆ لای باوکی ڕۆژو چوونە ژووری میوان، باوکی ڕۆژ پێی گوتن: کاکە پارتی بەو هەموو هێزەوە پیلانی دژ بەرپا دەکرێت، ئێمە نەمێنین ئێوە (حزبی شیوعی) بەرگەی چەپۆکێک ناگرن، موکەڕەم تاڵەبانی گوتی: ئێوە چوار ساڵە دەیخۆن بائێمەش دوو ساڵ بیخۆین، گوتی ئاخر ئێوە وەک ئێمەتان پێ ناکرێ، ئێمە دەیخۆین دوایش سەربەرزین، چونکە ئێمە خیانەتمان لە میللەتەکەمان نەکردووە، بەڵام ئێوە شتێکی وابکەن رووی خۆتان ڕەش دەکەن من بۆ مێژوو پێتان دەڵێم، تا هاتووچۆی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا تەواو بوو باوکی ڕۆژوکاک ئیدریس هاتووچۆیەکی زۆریان کرد، ئەنجامەکەی ئەو ڕۆژە ڕەشە بوو کە روویداو بە ناهەق و قـوڵێکەوە چەند لایەنێکی ئەقلیـمی و جیـهـانی شۆڕشە مەزنەکەی کوردیان بۆ ماوەیەکی کەم بەڵام لەکاتێکی ناسکدا شکست پێ هێنا ئەمەش دیارە لە دەسەڵاتی کەسێکدا نەبوو و کەس لێی بەرپرسیار نییە بەڵکو بارودۆخی سیاسی ئەوکاتەی جیهان وای دەویست، ئینجا باوکی ڕۆژو ئەوانیش بەغدایان بەجێ هێشت و گەیشتنە لای بارزانی نەمر.. ئێمە زووتر دەمانزانی حکومەت نیازی باش نییە دەیەوێت سود لەکات وەرگرێت تا شۆڕشەکە تێک بدات چونکە بێجگە لە تەقینەوەی مەلاکان جارێکی دیکە پیاوێک لە سوریاوە هات بوو بەخۆی بەکۆمەڵێک نارنجۆکەوە پێیان زانیبوو گرتبوویان، جارێکی دیکەش پرتەقاڵی ژەهراویان بۆ مەلا مستەفا هێنابوو دەرکەوت ئەمانە هەمووی بە دەستی حکومەتن، شوکور بۆ خوا هەمووشی لەکاتی خۆیاندا پووچەڵ بوونەوە.

لە ١٩٧٤ کە گفتوگۆ تێکچو وباوکی ڕۆژ ئۆتۆمۆبیلی وەزارەتی ئەشغالی پێ بوو لەگەڵ شوفێرەکەدا ناردیەوە بۆ حکومەت وخۆی ڕۆیی و، ڕۆژێک (صفاء الحافظ) شیـوعی بوو زۆر پیـاوێکی باش ورێک وپێک بوو هات بۆ لامـان بۆ سەردان گوتی ئێوە ئەمانەتن لە ئەستۆی ئێمە، من زۆر بڕوام نەکرد هەر خەریکی ماڵ کـۆکـردنەوە بووم، دوای ئەوە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ناردی بەشوێنمدا

وچووم، گوتی چۆنن، گوتم وادانیشتووین ئینشائەڵلا هەر ڕێککەوتن دەبێ، بۆ سبەینێ مەلا ماتۆڕو ئەوانە بوون بەوەزیر، مەلا ماتۆر هاتبوو بۆماڵی ئێمە بزانێ هەواڵ چییــە، منیش زۆر باش دەیناسم، مــەلا مــاتۆڕ گــوتی بڕوا مــەکــە تازە ڕێککەوتن ببێ، منیش لەڕقی ئەو گوتم وابزانم ڕێککەوتن هەردەبێ، ئەویان کرد بوو بە وەزیرو پێنج شەش حزبیان دروست کردبوو حزبی شێخ جەبارو شێخ ستارو ئەوانە هەر بە حزبە شیوعیەکەی (داود صائغ)م دەهاتەوە بەرچاو کەعەبدولکەریم قاسم دروستی کرد بوو.

شەوێک خەریکی جل شۆرین بووین ئەوەندەمان زانی نەموسەلەحەیەک نە دوان نەسیان بەر دەرگاو ئەم دیوو ئەو دیویان گرتین، لەدەرگایان داو گوتیان (٥) دەقــیــقــە وەرە لەئەمن دووسێ پرســیــارتان لێ دەکــەن ودەگــەڕێنەوە، ئێــمــەش کوڕەکانمان هەموو دەرچوو بوون تەنیا تیشک وپشکۆم لامابوو ودادە وئافرەتێکی دیکەشــمــان لابوو لەگــەڵ کــچــێکی دیکەدا هەمــوومــانیــان پێــچایەوەو بردیانین کــەگــەیشــتــینە ئەمنی گشتی گۆڕەپانێکی گەورە بوو لەپشــتــەوە تەمــاشا دەکــەم دەپانزە خــێــزانی کــوردی لــێــیــە، هەمــوو بەجلی مــاڵەوەو بەنەعلەوە بووین، لەوێ دایکی (زەکــیــە ئیســمــاعــیل حەقی) وباوکی مــونزر نەقشــبــەندی وئەحــمــەدی حەمــەدەمین وبراکــەیی ومــاڵی د.دارا ئەحــمــەد تۆفــیق وچەند کــەســێکی دیکەم هەرلەوێ دیت، بەخاووخێزانەوە خستیانیە ناو ئۆتۆمۆبیلێکەوە ژمارەمان ١٣٨ کــەس دەبوو، ئۆتۆمــۆبیل لێی خــوڕی کــەس نازانێ بۆ کــوێ دەڕوات، هەر کــەســەو قســەیەکی دەکــرد، بەشــەو هێنایانین، بەیانی بوو گــەیشــتــینە کــەرکــوک دابەزین بەنزین پڕکــەن ئێــمــەش دابەزین منداڵەکــان هەمــوو دەگــریان، من کــراسی مۆدەم لەبەردا بوو بەنەعلەوە، ماڵی مەلا ڕەشید کچێکیان ناوی جەمیلە خانە بەوێدا هات گوتی ئەمە چییە، ئیتر بۆم باسی کرد گوتم بەم شێوەیە هاتووین کراسێکی لەبەردا بوو لەژێر عــەباکــەیەوە بۆی دانام گــوتی بۆ خــاتری خــوا ئەمــە لەبەرکــە، هێنایانین تا گــەیشــتــینە هەولێــر لەبەر دەرگــای ئەمــنی هەولێــر تۆزێک وەســتــان وئینجــا بەبێ نان وئاو بەو وەزعــە شــڕە بەرەو خــەلیــفــان ڕۆیشــتــین، لەوێ ئامــر لیــوایەک ناوی تەها شەکرچی بوو بەخراپی وخوێنڕێژی ناوی دەرکرد بوو، هات گوتی لەگەڵی عەلی بەگ بەرەڵلایان کەن، کە گەیشتینە دوا پرد دەستمان کرد بەهاوار هاوار پێشمەرگە ئێمە دەرکراوین فریامان کەون، چونکە پردەکە رووخابوو کەئێمەیان بە ئۆتۆمۆبیل دەبرد فرۆکەش بەسەر سەرماندا دەسوڕایەوە.

(پشکۆ) زۆر منداڵ بوو، لەدووی سەرەتایی بوو دەستم گرتبوو، ئێستاش هەر لەبیرمە گوتی دایەگیان پاش دووسێ سەعاتی دیکە تۆ کوڕێکت نابێ ناوی پشکۆ بێ، گوتم بۆ بابەگیان، گوتی ئاخر هێناویانین ئێمە دەخەنە ئەو ئاوەوە، کۆمەڵێک گەنجمان لەگەڵ بوو پێمان گوتن بابە گیان هەرچەندە زەحمەتە وسەختە بەڵام ئەگەر ئێوە بتوانن بەو شاخەدا هەڵگەڕێن، ئەوا لەوانەیە پێشمەرگەی لێ بێ بڵێن ئێمە بەو شێوەیە دەرکراوین، چواریان رۆیشتن نەماندەزانی چارەنووسیان بەچی دەگات، ئێمەیان دووبارە خستەوە ئۆتۆمۆبیل وهێنایانیەوە بۆ خەلیفان، نازانم خان بوو چی بوو چۆڵکراو بوو ژوورێکی گەورەو دووروودرێژ بوو، هەموویان کردینە ئەوێ پاروویان بۆ هێناین وەک هێلکە بوو لەناو ناندا، گوتم خەڵکینە توخوا ئێوە هیچ مەخۆن من بەتەمەنم دەیخۆم ئەگەر هیچم لێ نەهات ئەو کاتە ئێوەش بیخۆن، من نیوەم خوارد ئینجا خەڵکەکەش خواردیان، دایکی زەکیە ئیسماعیل قورئانێکی پێ بوو قورئانی دەخوێند، گوێم لێ بوو هەر تەلەفۆن وتەلەفۆن کاری بوو پشکۆم برد دەست بەئاو بگەیەنێ، گوێم لێ بوو تەها شەکرچی لەگەڵ یەک دوو ئەفسەر وەستا بوو دەیگوت: (یظهر بس یریدون سفک الدماء، لیش مایقبلون هؤلاء یرجعون، شنو ذنبهم).

ئەو شەوە ئێمە لەجێگەیەک بووین بەرامبەر چیاکانی گەلی عەلی بەگ، ئەو شەوە هەتا بەیانی تۆپیان گرتە پێشمەرگە تائەوانیش تەقە بکەن وبەرئێمە بکەوێت بڵێن ئەوان کوشتیان، هەر تەقەیان کرد ئەوان هیچ تەقەیان نەکرد گوتم وەرن پێتان بڵێم ئەوە کوڕەکانمان گەیشتون دەزانن ئێمە لێرەین بۆیە تەقە ناکەن، دوایی وادەرچوو، بەیانی رۆژ بووەوە دیسان ئێمەیان خستەوە ناو ئۆتۆمۆبیلیەکەو هێنایانینەوە شەقڵاوە لەسەر بێترمە هەموومانیان دابەزاند تەنیا دایکی زەکیەو خێزانی مونزر نەقشبەندییان گیرایەوە، زەکیە خۆی لەبەغدا بوو، گوتیان: (روحوا یم المتمردین)، هیچ رێگەیەک شارەزا نەبووین، کابرایەکمان تووش بوو لەبن لقەدارێکەوە هات، ئێستاش بۆی دەگەڕێم نایدۆزمەوە دەبێ نەما بێ ئەگینا خۆی سەرێکی لێ دەدام، گوتی من دەڕۆم دوورو نزیک بەدوامدا وەرن دەبێ یەک یەک لەدوای یەک برۆن، وەک چەلەبی مەڕ لەبەر ئەوەی ئەم ناوە هەمووی مینە، لەناو ئەو شوێنە مین رێژ کراوە ئەو ماڵ ومنداڵەیان بەڕەڵڵا کرد بوو، منداڵێکی ساوامان پێ بوو فرۆکە بەسەر سەرمانەوە دەسوڕایەوە، پێشتر لەناو پاسەکەدا دکتۆرێکی سەربازیمان لەگەڵدا بوو (٢٠) قووتوویەک پەنیرو گۆشت وشتی وای

پێ بوو دای بەئێمە، کەئێمەیان دابەزاند دەستی کرد بە گریان، بەجۆرێک هەنسکی هەڵدەکێشاو دەیگوت چاوم بەرایی ئەو بارە ناهەموارە نادات، بەڵام ئەم قووتووە پەنیرانە ئێمەی پێ تێر نەدەکرا، منداڵەکان لەبرساندا سکیان ژانی دەکرد، ئێمە ترس وبرسێتی هێزی لێ بڕیبووین، چارەنووسیشمان نادیار بوو، بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتین بەدوای ئەو کابرایەدا کەوەک فریشتە لێمان هەڵکەوت، گەیشتینە نزیکی هیران، خزمێکی باوکم (مەحموودی عەزیز بەگ) بەرەو پیرمان هات وپشکۆیان لەباوەش کرد وبەپەلە چوون جووتێ کاڵەی لاستیکیان بۆ کڕی گەیشتینە هیران چووینە ماڵی ئەوان وقەلێکی بۆ سەربڕین وپەنیرو نوکێکی جوانیان بۆ دانایین، نزیکەی شەش ڕۆژ بوو چێشتی وامان نەخوارد بوو هەر دەتگوت لە ژیانماندا خواردنی وامان نەخواردووە، دەمگوت بڵێی ڕۆژێک بێ من بتوانم یارمەتییەکی تۆ بدەم، منیش ئەو کاتە واپەککەوتە نەبووم، سەر لەنوێ بەپێ ڕۆیشتین، تا وڵاخێکیان بۆ پەیدا کردین، گەیشتینە جێگایەک بەشەو دوو جێیان بۆ هێنایین،، بەدوو کاروان دەیانبردین، کاروانێکیان دادەنا دەهاتنەوە بۆ ئەوی دیکە، منداڵێکی ساوامان پێ بوو دایکەکەی ناوی فاتمە خان بوو لەخێڵی ئەحمەد بەگی موتەسەریف بوو شیری لێ بڕا بوو هەر ئاومان دەدایە بەئاوێکدا پەڕینەوە، ئەو ئافرەتە لەناو جێیەکەدا لەو بەرەوە مابووەوە، لەڕووی نەهاتبوو بڵێ من ماومەتەوە خۆمان لێی گەڕاین وچووین هێنامان، ئەو شەوە تا بەیانی لەئاشە کۆنێکدا خۆمان مات دا، بەیانی ڕۆیشتین تا گەیشتینە ڕانیە، ڕانیە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو، لەوێ بردیانینە جێگەیەک وەک ئوتێل بوو شەو بوو ڕاکشاین، لەخەودا بووم یەکێک بانگی کردم دایە گیان.. دایە گیان چاوم کردەوە (د.ڕەنجی) کوڕم بوو، گوتی هاتووین بەپیرتانەوە سواری ئۆتۆمۆبیلیان کردین بەو شەوە بۆ قەڵادزێ، ڕۆیشتین گەیشتینە شاخی هەڵشۆ، سەرماو بەفر بوو، نە ئاگرمان پێ بوو نەهیچ، پشکۆ لەپەلوپۆ کەوت، شێخ ڕەزای گوڵانی وخێزانەکەیان لەگەڵدا بوو، پشکۆمان خستە پێشی ئۆتۆمۆبیلەکە، ئۆتۆمۆبیلێکی ئەشغال لەوێ بوو دووسێ کەسمان خستە ناو جامەکەی پێشەوە هەتا بەیانی، بەهار بوو بەیانی ڕۆژ بووەوە ئۆتۆمۆبیلەکە چەقی بوو، مەکینەیان هێنا تا ئۆتۆمۆبیلەکانی پێ دەربهێنن منداڵەکان هەندێکیان بەلادا هاتبوون، هەندێکیان کەوتبوون پیاوێکی پیرمان لەگەڵدا بوو ناوی جەمال بوو خاڵی حەسەن ڕەفعەت بوو هێندەی نەمابوو لەسەرماندا گیانی دەرچێ، برایەکی نەسرینی بووکم خێزانی ڕزگار ناوی (عەلی) بوو، لەناو شۆڕش بوو زۆر ئازاو هەڵکەوتوو بوو لەدوایی

شەهید بوو قاپوتێکی لەبەردا بوو لەبەری خۆی کردەوە بە (کاک جەمالی) دا دا وگوتی:ئەوە پیرە بمرێ حەیامان دەچێ من نەخۆشیش بکەوم قەیناکە، ڕۆیشتین تا گەیشتینە سنوری سەردەشت لەسنور گوتیان ناهێڵین ئێوە بێنە ژوورەوە، چەند گوتمان دەرکراوین وامان لێ کراوە، گوتیان نابێ ئێوە بێنە ناو ئێران، گوتیان باپرسین خەڵکیان نارد هاتنەوە گوتیان سازمان دەڵێ قەدەغەیە، لەو دەشتەدا وەک کۆچەری هەڵمان دا، پێنج شەش ماڵ لەولاوە بوون دیار بوو کورد بوون ژنێکیان بەهەڵە داوان هات، یەک مەنجەڵ یاپراخی بۆ هێناین، یەکی دوو یاپراخمان بەرکەوت، تۆزێکی پێ چوو گوتیان بەرپرسی پێشمەرگە لێرەیەو دەیەوێت بتان بینێ، (شەمسەدین موفتی) بوو، کەهات یەکسەر منی ناسی، بردیانینە ناو قوتابخانەیەکی گەورە، ئێوارە چێشتیان بۆ کردین ولەسەر مێزێکی گەورە دانیشتین، پشکۆش ئیبن لنەعیم بوو کەچێشتی بینی دەیگوت کوا چەتاڵ، کوا کەوچک، کوا قاپی خاڵی، پێم دەگوت کوڕە بابە بخۆ، ئێستا ئێمە حکومەت دەری کردووین ماڵمان نییە، حاڵمان نییە، تۆ خۆت نەتگوت کوڕێکت نابێ ناوی پشکۆ بێ، واشوکور تۆ ماوی بەسە، لەوێ ئۆتۆمۆبیل وشتیان بۆ هێناین بردیانین بۆ (نەغەدە)، هەندێکی دیکەیان برد بۆ شنۆ، بردیانینە ئوتێلێک کە (١٠-١٥) ژوور بوو هیچی تێدا نەبوو، ئێمەو ماڵی کاک عەلی عەبدوڵلا لەوێ بووین، لەپڕ عومەر دەبابە هات ماڵی کاک عەلی و ئەوانی بردو ئێمە ماینەوە، من وتیشک وپشکۆ وبرایەکەی نەسرین، ماڵی (ساڵح یوسفی)ش هەر لەو ئوتێلەدا بوون وئەوەندەم زانی کاتی ئێوارە ساڵح یوسفی وباوکی ڕۆژ پەیدا بوون، گوتیان کوا ئەوانی دیکە، گوتم وەڵلا کاک عومەر بردنی، باوکی ڕۆژ لە ژیانی خۆیدا زۆر بەپیاوەتی وسەربەرزی ژیا، کەوام گوت گوتی ئەوە زانیوویەتی ئێرە بۆ ئێوە باشەو تۆ لەگەڵ دایکی کاک مەسعود پەیوەندیت باشە، لێرە ئەو بەکەڵکتان دێت، منیش گوتم وەڵلا کۆبیایەتی وخۆبیایەتی کرد، هەندێک پارەو دۆشەکێکی ئیسفەنجیان داینێ وپاش ماوەیەک خانوویەکیان لەنەغەدە بۆ گرتین، بەڵام چ ژیانێک دەژیاین، لەوانەیە ئێمە لەوانی دیکە گەلێک باشتر بووبین، چونکە بەڕاستی من (حەمائل خانی) دایکی کاک مەسعود زۆر هاوکاری دەکردم، نوێنی بۆ ناردین، فەرشی بۆ ناردین، هەر خواردنێکی دەکرد دەینارد بەشوێنی پشکۆدا.

ئەو بوو ماوەیەک شەڕ بوو باوکی ڕۆژ لەناوپردان وحاجی ئۆمەران بوو، هەندێک پێنج شەمە وهەینی دەهاتەوە بۆ لامان، کوڕێکی شوبراشم (عومەر

سدیق) لەگەڵ باوکی ڕۆژ بوو وخێزانەکەشی لای ئێمە بوو، تا بارودۆخ لەکوردستانی عێراق بەتەواوی تێکچوو وپیلانەکە جێبەجێ کرا، باوکی ڕۆژ هاتەوە لامان گوتی، تۆ رات چی یە؟ ئێوە تازە ناتوانن لێرە بمێننەوە چی بکەین گوتم تۆ بەقسەی من دەکەی؟ گوتی ئەگەر مەعقوڵ بێ بۆ نا، گوتم تۆ ڕەنجم بۆ رزگار کە، چونکە ئەو گەورەبووەو (ڕۆژ) هەر خۆی لەدەرەوە بوو، منیش ئەوانی دیکە هەمووی لەگەڵ خۆم دەبەمەوە، هەموو خوێندنیان هەیە، تۆ شەش منداڵیشت لەگەڵدا بێ، نەخەباتت پێ دەکرێ نەئاگاداری تەندروستی خۆت پێ دەکرێ، ڕەنج خۆیشی پزیشکە، هەر با لەگەڵتدا بێ، بەڵام گوتم مەحاڵە تۆ بێی خۆت بەدەست حکومەتەوە بدەیت، ئەو کاتە (رزگار)دوا ساڵی بوو لەکۆلێژی کشتوکاڵ، (ڕاست) دوا ساڵی بوو لە کۆلێژی ئەندازیاری، (بروسک ورەهێڵ) لەقۆناغی شەشی ئامادەیی بوون، دەبووا تاقیکردنەوە بکەنەوە، (تیشک) لەیەکی ناوەندی بوو، (پشکۆ) لە دووی سەرەتایی بوو، گوتم ئێمە دەگەڕێینەوە بزانین هەلو مەرجەکە چۆنە بەڵکو خوابکا منداڵەکان خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، ئەو ناو ماڵەی لەوێ هەمان بوو بایی (٣) هەزار تومەن بوو، ئیتر عانەمان پێ نەبوو. بڕیارماندا بێینەوە، مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقاو رزگاری خوشکی عارف تەیفورو ئەوانیشم لەگەڵ خۆمدا هێنا، ئاسۆی کوڕی د.عەبدولڕەحمان وسێ چوار برادەری دیکەشی هەر لەگەڵ ئێمەدا هاتنەوە، هەموو هاتینە بانە، ئەو شەوە لەبانە بووین، لەبانە مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقا، کەلەوەو پێشیش باسم کرد چ ئافرەتێکی تێگەیشتوو بوو، لەبنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو، ئێستاش مزگەوت ومەزاریان ماوە، خوشکی کاک حسێن وکاکە حەمە بوو، ئەوانیش دەربەدەرو ئاوارە بوون، مریەم خان بە (تیشک)ی گوت: بەقوربان ناچی قاڵبێک سابونمان بۆ بکڕی، (تیشک) یەکسەر هەستایە سەرپێ، گوتی بەقوربان کیلۆیەک خەیاریشمان بۆ بکڕە، تیشک چووە بازاڕو هاتەوە لەدوورەوە پێ دەکەنی، گوتی وەڵلا بەخۆڕایی دایانمێ، پارەیان لێ نەسەندم، مریەم خان دەستی کرد بە گریان گوتی ئینجا بزانە لێقەوماوین گەلەکەی خۆمان بەزەیی پیاماندا دێتەوە.

بەیانی ڕۆیشتین بەرەو سەر سنوری پێنجوین، لەسەر سنور کابرایەکی لێ بوو بەعەرەبی گوتی: تۆ بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی؟ گوتم، نەخێر، من ئەو نیم گوتی: ئەی کێی؟ گوتم من ناهیدەم کچی شێخ سەلامم، گوتی، خێزانی

نوری شاوەیسیشی؟ گوتم وا دیارە تۆ کوردی، گوتی (لا)، گوتم: (کذاب ابن کذاب)، زمانت عەرەبی نییە ودیارە کوردی، دوایی دەرکەوت کوردەو خەڵکی ناحییەی وارماوایە، هاتینە ناو شاری پێنجوین، ناو شارەکەش هەر خەڵکەو وهاتووە بەپیر کەسوکارییەوە، بەرەو سلێمانی هاتینەوە، خانوویەکمان هەبوو لەسابونکەران (دادە) هەر تێیدا مابووەوە، جوان ورێک وپێک بوو وەک خۆی بوو، کاتی خۆی (دادە) لەنەغەدە سەری لێ داین وپشتوێنێکم هەبوو بۆی هێنام فرۆشتمان وبەوە تۆزێک هاتینەوە سەرخۆمان. (دادە) بەگریانەوە هات بەپیرمانەوە،ماڵی نەسرینی بووکم دراوسێمان بوون چایان بۆ هێنایین بۆ بەیانی مریەم خان ورزگاری خوشکی عارف تەیفور ڕۆیشتنەوە وئێمەش لەسلێمانی ماینەوە.

بەیاننامەیەک دەرچوو هەر کەسێک گەڕابێتەوە (حجز) لەسەر مولک وماڵی لادەبرێت، ئێمەش خانوویەکمان لەبەغدا بوو و(٣٠٠٠) دینارمان لەبانک بوو بەناوی منەوە بوو هەموو (حجز) بوون هەستام چووم بۆ بەغدا عەریزەیەکمان نووسی ئێمە ناومان ئەوەیە هاتووینەتەوە، عەریزەکەمان دا بەوەزارەتی دارایی، کەباوکی ڕۆژ وەزیر بوو شوفێرێکی هەبوو ناوی هادی بوو، هاتە لامان چاوی پڕ بوو لەگریان، گوتی: هیچتان نەماوە وماڵەکەتان هەمووی فرۆشراوە، تەنانەت تەسکەرەو ڕەگەزنامەشمان نەمابوو، بەهەزار حاڵ تا بەڵگەنامەکانمان دەرهێنایەوە، حجزەکەیان لاداو، کەچوومە بانک (٣٠٠٠) دینارەکە بوو بووە (٣٦٠٠) دینار، بەو پارەیە تۆزێک هاتینەوە سەرخۆمان، هەندێک کرێ خانووشمان هەبوو وەرمانگرت، پێش ئەوەی بڕۆین (فەهیمە خانی میرزا فەرەج) هات گوتی ئاهەنگێک هەیە هاتووم ئاڵتونەکانی تۆ بەرم زۆر لەهی خۆم دەچێ، ئیتر دامێ وئێمەش بەسەردا ڕۆیشتین، تاهاتینەوە هەر لەلای بوو، ئەویش ئەو چەند پارچە ئاڵتونەی لای بوو بۆی هێنامەوە، کەهێنایەوە منداڵەکانم هەمووی قوتابی بوون رزگارو ڕاست دوا ساڵی زانکۆیان بوو زۆر پێویستیان بەپارە بوو، کەوتمە ناویان بەرە بەرە هەموویم فرۆشت ئەو کاتە مسقاڵی زێڕ بە ٣-٤ دینار بوو، بەم شێوەیە ئەوانم پێ گەیاند، باوکیان لەگەڵ (ڕەنج) گەیشتە لەندەن، ئەوە بوو پاش ماوەیەک لەگەڵ (کاک سامی) حزبی پارتی گەلیان دامەزراند منیش هەر شت بوو دەمفرۆشت ویارمەتیم دەدان، تا ڕێگەی سەفەر کردن کرایەوە، پاسەپۆرتمان وەرگرت سێ چوار جار چووین سەردانمان کردن دوای شەڕی عێراق

وئێران ساڵی (١٩٨٢)ش جارێک چووین.

ئەو کاتە خانووەکەی (سابونکەران)مان بەناوی باوکی ڕۆژەوە بوو، حجزیان لەسەر لانەدا چونکە نەهاتبووەوە، شێخ جەعفەر پارێزگاری سلێمانی بوو، هەواڵی بۆ ناردم، گوتی من لەبەر خاتری ئەوان قسە ناکەم ئەوا خانووەکەم خستووەتە مەزادەوە بەڵام ئەگەر ئەو (١٠) هەزار دینار بهێنێ خانووەکەی دەدەینەوە، ئەوەی هەواڵەکەی بۆ هێنام پێم گوت هەر چیت پێ بڵێم پێی دەڵێی، گوتم بەڵێ، گوتم تەڵاقم بۆ بخۆ، گوتی تەڵاقم کەوتبێ پێی دەڵێم، گوتم پێی بڵێ، بەکڕینەوە بێ بە (١٠) هەزار دینار نایکڕمەوە چونکە ماڵی خۆمە، بەڵام وەڵلاهی نازانم کێی تێ بچێ (٢٠٠٠٠) هەزار دەدەم ودەیتۆپێنم، پاش چەند ڕۆژێک جەیشی شەعبی وجەردەو دزی تێ خست کردی بەبارەگای دزەکان، یەک بکوژم، دوو بکوژم، سێ بکوژم، هەستام کەوتمە دوای پیرە خانوو بەو حاڵی تا ڕزگارم کرد، دەیانگوت حجز لەسەر نوری سدیق لانادرێ، خانووەکەی بەغدام بە ٩٠ هەزار فرۆشت وتیشک پێی چوو بۆ لەندەن و، ڕاست لەئەمەریکا بوو چوو بۆ ئەڵمانیا هێنامەوەو ولەوەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن دامەزراو ژنی هێنا، ژیانەکەمان های لایف نەبوو بەڵام لەسەرووی ناوەندییەوە بوو.

ئەوە بوو باوکی ڕۆژ لە ١٥ تشرینی دووەم ١٩٨٣ لەلەندەن کۆچی دوایی کرد، ئەو ئێوارەیە لەمەولودێک بووم، کەهاتمەوە گوتیان تەلەفۆنت بۆ کراوە، دووبارە تەلەفۆنم بۆکرایەوە ڕەنج نەهاتە سەر تەلەفۆن، ئازاد خەفاف هات، گوتم ئازاد چییە، هەواڵ چییە؟ گوتی دەبێ بڕوات بەخوا پتەو بێت، یەکسەر تێ گەیشتم هەنسک وگریانم هات، گوتم هیچم لە ئێوە ناوێت جەنازەیەکەیم بۆ بنێرنەوە، کوڕی سلێمانییەو دەبێ یادگارەکەی لەسلێمانیدا بێت، خانووەکەی لەسابونکەران لەحجز دەرهاتبوو،هەر ئەو کاتە بەبیرمدا هات گوتم دەیفرۆشم ودەیکەم بەخەرجی، ئەوە بوو بە فڕۆکە تەرمەکەیان ناردەوە خەڵکێکی زۆر لەفڕۆکەخانە پێشوازییان لێ کرد، شەو بردیانە (غەوث) یەک دوو خزم لەوێ پێشوازی میوانەکانی (سلێمانی)یان دەکرد تا بەیانی بەرەو سلێمانی هاتەوە، لەمێژووی سلێمانیدا هیچ جەنازەیەک ئەوەندە ئۆتۆمۆبێلی بەدواوە نەبووە، ئەوەندەی بەپیریەوە نەچووە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی وبەندیخانە لەناو کاروانەکەدا بوون نەبادا شتێک بقەومێ، من کەفالەتی ئەوەم کردبوو هیچ نەقەومێ زۆر دەترسام، پێشتر قوتابخانەکان هەواڵیان بۆ هێنام بچن بەپیریەوە، پێم گوتن نا بارودۆخەکە لەبار نییەو قەیناکا،

ئەوان دڵسۆزی خۆیان نیشان دا، گوتم با هیچ نەقەومێ وخوێن نەڕژێ، حکومەت زۆر ئاگەدار بوو، بەڵام باش بوو شوکور بۆ خوا هیچ نەقەوما، منیش لە پرسەکەدا درێغیم نەکرد، ڕۆژێ خواردنی (٥٠٠-٦٠٠) کەسم ئامادە دەکرد، (١٩) ڕۆژی ڕێک بەوەی تا جەنازەکە گەیشت پرسە بوو، ئەو پرسەیەی خوالێخۆشبوو (نوری شاوەیس) هەروەک خۆپیشاندان بوو شیوەن بۆ هەموو شەهیدان دەکرا بەهەموویاندا هەڵدەدرا، بەڵام حکومەت دەرگەی پێ نەگرتین بەداخەوە (نازداری حەمە ئاغا) لە هەلومەرجێکی دیکەدا، لەسلێمانی نەتوانرا پرسەی بۆ بگیرێت، بەڕاستی ئێمە ئەو کاتە پێشبینی هەموو شتێکیشمان دەکرد، چونکە دوژمن بوو، هەلیکۆپتەری جەنگی بەسەر گردی سەیواندا دەسوڕایەوە، وسەربازێکی زۆر بەتەواوی بەچەکەوە شاریان گرتبوو، بەڵام سلێمانی هەمووی لەگەڵ تەرمەکە هاتن بازاڕو دوکان گشتی داخرا، سەیر لەوەدا بوو کوردی کەرکوک ودوزو خواروو تر بەچاک وخراپەوە هاتن وبەشداریان کرد.

پاش ماوەیەک حکومەت ناخۆشی زۆری بۆ دروست کردین، ئەوە بوو خوشکە زایەکم شێخ قادری شێخ حوسێن بەدەسیسەی شێخ جەعفەر کوژرا، خوشکەزای من بوو خاڵۆزای شێخ جەعفەر بوو، لەپرسەکەی ئەو بووم لەتەیناڵ بوو لە کۆمەڵگاکەی بازیان نەسرینی بووکم هات هەواڵی بۆ هێنام گوتی ناهی خان نەگەڕێیتەوە، دیسان حکومەت هاتووە خەڵکی گرتووە، هاتوونەتە ماڵی ئێمە تۆش بگرن، بە نەسرینم گوت تۆ دەوێری بڕۆیتەوە گوتی بەڵێ گوتم دەبڕۆ، سەڵتەیەکم لەفلان شوێن هەڵواسیووە (٤٠٠) دیناری تێدایە بۆم بێنە، چوو بۆی هێنام ئیتر خۆم گەیاندە بەغدا لەوێ مانگێک خۆم شاردەوە شارێکی گەورەیەو کەسوکارمان لەوێ هەبوو لەبەغدا بەم شێوەیە مامەوە، پاش ماوەیەک بڕیارێک دەرچوو، ئەوەی تەمەنی لەسەرووی (٦٠) ساڵەوە بێت لەپێچانەوە لێی دەبووردرێت، ئێمە دوو کەس بەر ئەو بڕیارە کەوتین، ئەوی دیکەیان ئامۆژنی باوکی ڕۆژ بوو، دایکی شەهید د.بابا علی پێش ئەوەش هەر لەماڵەوەش زۆر بێزاریان کردبووین هەموو ڕۆژێک دەهاتن، برادەری ڕۆژ کێیە؟ برادەری باوکی ڕۆژ کێیە؟ یان ئێوارەی پێنج شەممە تەلەفۆنیان دەکرد، دەیانگوت، رزگار موجود؟ یان دەیانگوت: خلی یراجعنا یوم السبت، بۆ ئەوەی ئەو دووشەوەو ڕۆژە هەر لەنیگەرانیدا بین کە شەممە دەچوو دەیانگوت هیچ نییە، یان لێرەی؟، زۆریان گێچەڵ پێ دەکردو ئەزیەتیان دەدا چەندین جار گرتیان ولەوەزیفە وهەقی خۆی

دووریان خستەوە، دواییش وردە وردە شەڕیان هەڕپێ دەفرۆشتین، تا ڕاپەرینەکە.

کە ڕاپەڕین بوو، من ئێستاش پێ ی دەڵێم (ڕاپەرینی خەڵک) چونکە خەڵک کردی لەدواییدا حزبەکان هاتن، گوێم لەدەنگی تۆپ وگوللە بوو، پێشتر ئاگەداری هیچ نەبووم سەیرم پێ هات رزگار گوتی: دایە ئەوە ڕاپەرینە، دیارە بۆ من خۆشییەکی زۆر گەورە بوو، دوای ئەوەی بەو شێوەیە ئەو تەمەنەم گوزەراند، ڕۆژی ڕاپەرین ببینم، بەڵام دیارە ئەو خۆشییە کورتخایەن بوو بەرەوەکە کۆتایی هات، ڕەوەکەش وەک هەموو خەڵک بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، رزگار ئۆتۆمۆبیلێکی بچووکی هەبوو، من وخێزانەکەی وخێزانی ڕاست وسێ منداڵی وپەخشانی خێزانی پشکۆی کوڕم کچەکەی هەموو خرابووینە ئەو ئۆتۆمۆبێلە بچووکەوە، بەدوو شەو گەیشتینە ناڵپارێز، کابرایەک ناوی حاجی جەلال بوو والەگەڵمان ڕێک کەوتبوو، بچێت بۆ پێنجوین، تاقمێکی ترمان لای ئەو بێ چاوەڕێمان بکات چونکە پشکۆو باجی خورشیدە وناجی هێوەر ژنم لامان بوو، لەسلێمانی مابوونەوە، حاجی جەلالیش شەو فکری خۆی گۆڕی بوو گوتبووی کەی توانای ئەو شەڕە شەقەم هەیە هەستا بووەوە چوو بووەوە بۆ سلێمانی باران بوو، هەستاین لەگەڵ نەسرینی بووکم بچین بۆ پێنجوین حاجی جەلال بدۆزینەوە دەستمان لەهەزار ئۆتۆمۆبێل ڕاگرت تا ئۆتۆمۆبیلێک بۆی ڕاگرتین چووین، بەسەر پێنجوێنێکی کاول کراودا کەسمان نەدۆزییەوە سبەی بە تراکتۆرێک هاتینەوە، لەپێش ناڵپارێز ویستم دابەزم پرسیار بکەم، ڕەتم برد ئێرەو ئەوێ پەڕیم، کراس وجلوبەرگم هەمووی لەقوڕ هەڵکشا، نەسرین بەگریانەوە دەستی گرتم گوتی بەخوا تەواو، گوتم نابابە هەر گیانم پیس بووە، ماڵێک ئاگرێکیان کردبووەوە گوتم بەڵکو پەڕۆ شڕێکمان بدەنێ جلەکانی پێ بسڕم گوتیان پەڕۆمان لەکوێ بوو، ماڵێکی تر ئاگریان دەسوتا گوتم بەڵکو لەوێ تۆزێک خۆم گەرم کەمەوە، کەئێمەیان دیت بەرەو ئەوێ دەچین یەکسەر ساجەکەیان کرد بەسەر ئاگرەکەدا، بەتراکتۆرێکی دیکە هاتینەوە بۆ ناڵپارێز بۆ لای رزگارو ئەوان وئۆتۆمۆبیلەکەی رزگار پەکی کەوتبوو، چەند ئۆتۆمبیل هات دەستمان لێ ڕاگرت نەدەوەستان، تا ئۆتۆمۆبیلێک هات ئێرانی بوو پێمان گوت بمانبە بۆ پێنجوین، گوتی باشە بەڵام پاتریم نییە، پاتری ئۆتۆمۆبیلی رزگارمان دەرهێنا، ئۆتۆمۆبیلەکانیان لەیەکتری گرێ داو ڕایکێشاین تا پێنجوین، لەوێ خانوویەکی ڕووخاوی وەک ئەشکەوتمان بەرچاو کەوت، دابەزین رزگار دەستێکی پیا هێنا وئەمی هەموو وەک بارەکەو

چووین لەژێری دانیشتین، چوار مندالّمان پێ بوو، مندالّی ساوامان پێ بوو، مندالّی دوو سالّمان پێ بوو، مندالّی شەش وحەوت سالاّنمان پێ بوو، پێنجوین نەبازاڕی لێ بوو نەدوکانی لێ بوو، شەوێکیان رزگار چوو هەندێک نانی بۆ لە ئۆتۆمۆبیلە ئێرانییەکان وەرگرتین، ئەو شەوە باران بوو پاسێکی گەورەی لێ بوو، چووم بە شوفێرەکەیم گوت ئێمە دوو کەسین با لەناویدا بخەوین، گوتی بەخوا شتی کارەبایی وئەمانەی تێدایە، گوتم جاکاکە دەترسی بیدزین، من ئەوا پەککەوتەیەکم تەلەفزیۆنێکم پێ بەرز ناکرێتەوە، ئینجا گوتی قەیناکە، چووین تا بەیانی لەسەر ئەو کورسییە ڕەقە نووستین، سێ چوار ڕۆژ بەو شێوەیە بردمانە سەر، ڕۆژێک ئۆتۆمۆبیلێک وەستا، سەیرمان کرد فازڵ ڕەئوف بوو، گوتی ئەوە چی دەکەن ولێی پرسین، چوو و هاتەوە (١٠-١٢) سێوو هەندێک ئاردی بۆ هێناین، چووم مەنجەلێکم کڕی وهاتمەوە ئاردەکەم کرد بەحەلوا وتەنەکەیەک ڕۆنیشم کڕی، مندالّ حەلوایان خوارد هەموو تووشی سک چوون بوون.

ئۆتۆمۆبیلێک بەویدا هات (ڕێگا)ی کوڕی ڕاست گوتی توخوا (دایە بابە) مریشکێکمان بۆ بکڕە، گوتم باشە بەسەرچاو، کابرا پشتی ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە قەل ومریشک هەموو دەرپەڕین، قەلێکمان لێ کڕی وکولاّنمان، خوا پێم نەگری لەدزیاری دەچوون، فازڵ ڕەئوف هاتەوە بۆ لامان گوتی بابڕۆین، کوڕە خوشکێکی ئەو دادەیەش کەهەموو مندالّەکانی بۆ بەخێو کردووم هات بەلاماندا وچوو نانێکی تیری زۆری بۆ هێناین، هەمووممان هەلّگرت وچووین بۆ (گۆلّێ) لەوێ خانووی پێشمەرگەی لێ بوو ژوورێکیان بۆ چۆلّ کردین، لەوێ پەتاتەو ڕۆن وبرنج هەبوو، باشتر بوو، (کەمال حەسەن) هات گوتی (د.ڕەنج)م لە بانە دیوە وهەوالّی ئێوەی پرسیوە، لەو دەربەدەری وبەد گوزەرانییە لەو کاولەیەدا، د.ڕەنج هات وخێرو بەرەکەتی بەسەردا باراندین، برنج، ڕۆن، گۆشت، پەنیری قوتوو، بیسکیت، شەکر، چا هەمووی بۆ هێناین، چوو دوو پەتووی بۆ من کڕی، لە (گۆلّێ) خەلّک پاش ماوەیەک کەوتنە هاتووچۆ، یەکێک هات گوتی مالّەکەتان تالاّن کراوەو هیچی تێدا نەماوە، لەگەلّ خزمێکی دایکم خەلّکی (جافەران)ە، هاتین بۆ سلێمانی سەری مالّەکەمان بدەم، گوتیان هیچی نەماوە بەلاّم بەچی هاتین بەلۆرییەک هی ئاژەلّ وشت بوو پڕ بوو لەریخ وشیاکە نزیکەی (٢٠٠) کەسی تێ پەسترا بوو، من ونەسرینی بووکم وئەو خزمەی دایکم (مامۆستا عوسمان) لەو لۆرییە دابووین لەسەر کاریز دایبەزاندین، سلێمانی چۆلّ وهۆلّ بوو کونە بەپوو

تیایدا دەخوێند، تەکسیەک ڕەت بوو گرتمان وچووینە ماڵەوە ماڵ هەر وەک خۆی بوو پوشێک لار نەبوو بووەوە، گەڕاینەوە بۆ گۆڵێ لەوێ ڕەنج پارەی بۆ هێناین هەموو شتێکمان باش بوو، تا بڕیارماندا بگەڕێینەوە رزگار نەگەڕایەوە، پشکۆ وئامۆزایەکیان ودووخزمی دیکەمان لەگەڵیامانەوە، لەهەموو بازگەکان بەرەو سلێمانی خۆم قسەم لەگەڵدا دەکردن ونەمدەهێشت دامانبەزێنن، هەموو کەسێکیان دادەبەزاند ودەیانپشکنی.

گفتوگۆ دەستی پێکرد بوو، بەردەوام بوو، ڕۆژێک کاک (جەوهەر نامق) سەری لەسلێمانی دا، دوای ئەوە وەفدێکی دی چوو بۆ بەغدا، کەوەفدەکە گەڕایەوە خۆشترین ڕۆژ لەژیانی من تۆمار کرا، لەپڕ یەکێک خۆی کرد بە ژووردا نەئەو گەڕەکەو نەئەو ماڵەو نەهەر چی لەو ماڵەدایە نەیدیبوو، لەپڕ د.ڕۆژ هاتە ژوورەوەو گوتی دایە، بەخێرایی بەماڵەکەدا گەڕا، لەو ڕۆژەوە من بە منداڵەکانم شاد بوومەوە، چەندان بۆنەی خۆشم دیت لەوانە کۆنگرەی (١١)ی پارتی، کەبۆ من دوو خۆشی بوو، خۆشیەکیان کۆنگرەی پارتی بوو لەکوردستانێکی ئازاددا، خۆشییەکیان یەکگرتنەوەی کوڕەکانم بوو، بروسکە پارتی گەل بوو هاتەوە ریزی پارتی، هەروەها کۆنگرەی (٩٠) ساڵەی بارزانی نەمر لەسەلاحەدین وهێنانەوەی تەرمی بارزانی نەمرو کاک ئیدریس، بەڵام بەداخەوە دووبارە کرمی ناکۆکی نێوان کورد، کوردی ماڵوێران کردو ئەوە تا من ئێستا ئافرەتێکم تەمەنم ٧٧ساڵە، دایکی ڕۆژ ورەنج ورزگار وراست ورەهێل وبروسکە وتیشک وپشکۆم کچی شێخ سەلامم خێزانی نوری شاوەیسم خۆشم هەر شوێنێکم هەبووە، دوای ئەوەی هەڵیان کوتایە سەرم، بەکراسەکەی خۆمەوە لەو ماڵە دەرپەریوم کە چەندان وچەندان جار تالان کراوەو دووبارە تالان کرایەوە وخەلکی هاتووەتە سەری دانیشتووە، منیش لە سەلاحەدین لای د.ڕۆژ دانیشتووم چاوەڕێ دەکەم ئەگەر تەمەن بوار بدات، ناکۆکی ببێ بە برایەتی شەڕ ببێ بە خۆشی وگەلی کوردیش کە بەهەزاران ساڵە قوربانی دەدات وخەبات بکات وەک گەلان بە ئازادی وتەبایی بژی وهەر کەسێ بەئاسودەیی لەماڵی خۆی دابنیشێت، دایکان ومنداڵان ئارام بن وهیچی دیکە دەنگی تۆپ وشەستیرو هاوەن وتەقە نەبیستن، هیچی دیکە چارەنووسی کورد بەدەست کەسەوە یاری پێ نەکرێ، منیش بەر لەوەی بمرم جارێکی دیکە بەکاولکراویش بێ ماڵەکەی خۆم ببینمەوە، ئەوە ئاواتی منە.

**٥ نیسان ١٩٩٧ – سەلاحەدین**

# ئەوانەی لەبیر ناچنەوە
# (کچە کورد) (ن.س) (دایکی رۆژ)
# (ناهیدەی شێخ سەلام -١٩٢٢)
# تێکۆشەرو سیاسەتمەداری کورد

**نوسینی: ژوان -ع-**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤ - ١٩١٨) دەوڵەتە زلهێزە هاوپەیمانەکان، زاڵبوو، وبراوەکانی جەنگ، لەپێناوی دەستکەوت وپارێزگاری بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، (کوردستان)یان چوار پارچە کردو گەلی کوردیان بن دەست وچوار چێوە بەندی چەند دەوڵەتێکی تازە کردو لاواز ونادیموکراتی کرد، (کێشەی کورد)یان کرد بەگرێ یەکی قورس وئاڵۆز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، گەلی کورد لەوناوەدا بوو بە(قوربانی)و زۆر ڕۆڵەی ڕووناکبیرو تێکۆشەرو سەرکردەی خوێن بدەی کورد بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیەو ئەو کێشەیە لەو ڕێگە پیرۆزەدا ژیان وگیانیان بەخت کردووە، زۆری تریش بە (بیر) و(بازوو)و بە(گیان) لەو خەباتە خوێناوی ودرێژ خایەن وبێ وچانە، لەمەیدانی تێکۆشان دان، بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورەکانی

نەتەوە.

- لەم ڕێگە کوورو دژوارەدا (ئافرەتانی کورد)یش وەک ڕەگەزێکی بەهێزو کاریگەر بەشداری خەباتی سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری یان کردووە، بوون بەپاڵپشتی شۆڕشگێڕانی کورد.

- لەوانە (خاتوو ئەستێ)ی دامەزرێنەری (کۆمەڵەی بەرزی ئافرەتانی کورد -١٩١٩ ئەستانبووڵ) ژنی سەیید ڕەزای ڕابەرو شۆڕشگێری کورد، و(خاتوو زەریفە)ی ژنی عەلی شانی شۆڕشگێری کوردو (خاتوو مینا)ی سەرۆکی ئافرەتانی کورد ١٩٤٦ مەهاباد، ژنی پێشەوا (قازی محەمەد)ی سەرکۆماری کوردستان، (ئەنجوم یاملکی)و (حەپسەِ خانی نەقیب) و(ناهیدە خان: دایکی ڕۆژ) ودەیانی تر.

- ناهیدە خان(کچە کورد - دایکی ڕۆژ): لە ئامێزی خێزانێکی ناوێزەو ناسراوی کورددا پەروەردە بووە، باوکێکی سیاسەتوان وشاعیر، دایکێکی ئازاو ئاغر، هەر بەساوایی باوکی بانگی کوردایەتیی بەگوێ یدا، داوە.

دلۆپ دلۆپ ئەم هۆنراوەیەی تکانۆتە گوێچکەی گیانی یەوە!

(خەریتەی هەموو خاکی کوردستان

دایک بەدەرزی ودەزوو ودروومان)

(بنوسێ لەسەر، سەر بێشکەی مناڵ

هەر بەکوردستان، بێتە گرو گاڵ)

(لەبێشکەی وادا، چاو هەڵ نەهێنێ

درۆیە هەڵسێ، تۆڵە بسێنێ)

(١٩٢٩ز - دیوانی سەلام - چ١، ١٩٥٨، ل٥٨)

- باوکێکی شۆڕشگێر، لەشۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفیددا (١٩١٨ - ١٩٣١) بەشداری کردووە.

- باوکێکی سیاسەتوان وکورد پەروەر، ئەندامی دامەزرێنەرو موعتەمەدی

(كـۆمـەڵـەی زەردەشت ١٩٢٨ - ١٩٢٩) كـەلەدوای نسكۆ وهەرەسـهێنانی شۆڕشەكانی شێخ مەحموودو تێكچوونی (حكومەتی كوردستانی جنووبی ١٩٢٢ - ١٩٢٣) دامەزراوە: ئەو كۆمەڵەیە، ڕێكخراوێكی سیاسیی نەتەوەیی كوردی بووە، یەكـێك لەئامـانجـە گـرنگەكـانی ئەو كـۆمـەڵەیە، لەو ڕۆژگـارەدا، (موختـارییەتی ئیـداره: autonomy) بووە، بۆ كورد لەعـێراق دا، لەئەندامە چالاكەكانی ئەو ڕێكخراوە (مەحموود جەودەت - ڕەفیق حیلمی - محەمەد عەلی كـوردی - مـستـەفـا سـائیب - كـەریم ڕۆسـتـەم شـالوم) بوون. ناهیـدە خـان دەڵێ: (شاكر مجرم) و (عەلی عیرفان)یشی لەگەڵدابوون.

- هەر لەم ڕۆژگـارەدا (١٩٣٠ز) كـە (ناهیـدە خان:كـچە كـورد) تازە چووەتە بەرخـوێندن ولەقـوتابخـانەی سـەرەتایی بووە، بـاوكی ئەم هۆنراوەیەی بۆ داناوە وفـێـری كـردووە، لەكـۆبوونـەوەی (ئافـرەتانی كـورد) لە شـاری سلێـمـانی دا، لە (كۆمەڵەی زانستی) كە پیرەمێردی شاعیرو فەیلەسووف سەرۆكی فەخری ئەو كۆمەڵەیە بووە.

ئەم هۆنراوەیە بخوێنێـتـەوە لەڕۆژی ٢٨ تەمموز ١٩٣٠ سـەعـات ٩ی عـەرەبی لەماڵی حەفید زادە (حەپسە خانی نەقیب) كۆبوونەتەوە (ناهیدە شێخ سەلام) نوتقێكی خوێندەوە بەچەپڵەلێدان مقابل وتقدیر كران:

ئەمن كچێكی زۆر زۆر مناڵم

ئەمساڵ لەعومرا پێ لەحەوت ساڵم

هەر چەند مناڵم دەركم زۆر كەمە

بەڵام ئەم شیعرەم هەر لەسەردەمە

ئەڵێن «كوردستان» لە ئاسیایە

بەڵام من ئەڵێم «ڕۆحی دنیا» یە

باسی (زانسـتی ژنـان)و ئەو كـۆبونەوەیە لەڕۆژنامـەی (ژیان) ژ«٢٥٥) ڕۆژی ٣١ تەمموز ١٩٣٠ نوسـراوە پەنجـا سـاڵ بەر لەئەمـڕۆ (شـێخ سـەلام) وڵاتی كـوردسـتـانی بە (ڕۆحی دنیـا) ناودێر كـردووە، كەچەمكێكی سیـاسی وسـوپایی

وئابوری لەتویٚ ی ئەم دوو وشـەیەدا خـۆیان حـەشـارداوە سـەربـاری بیـری بەرزی کوردایەتی وهەستی پاکی خۆشەویستی خاکی کوردستان.

– پەندیٚکی کۆن هەیە دەڵیٚت (بیٚچووە مراوی هەر سەر لەهیٚلکە دەردیٚنیٚ مەلە دەزانیٚ «مەلەوانە»).

– (کـچە کـورد)یش (ناهیـدە خان) شـویٚن پیٚ ی باوکی هەڵدەگـریٚ لەریٚگای ئەدەب دا، تەمـەنی چواردە سـاڵان دەبیٚ، بە هەسـتـیٚکی هەڵچـووی نەتەوەیی وبەبیـریٚکی بەرزی کـوردانە دیاری یەکی نەورۆز لەکـارتیٚکی جەژنە پیـرۆزەدا بۆ (مەلیکی کوردسـتان) دەنیٚـریٚ، مەلیکی بیٚ تەخت وتاج وئاوارە ودوورە وڵات، لەساڵی ۱۹۳۷ز، دا ئەو تاکە هۆنراوەیە دەبیٚ:

(جەژنی نەورۆزتان یاخوا پیرۆز بیٚ

هەوارتان بەرزو تیرە بیهرۆز بیٚ

هەر ئەمڕۆژە بوو کاوەی گوردی کورد

میٚشکی زوحاکی بەچەکوش ورد کرد).

– شیٚخ مەحموودی مەلیکی کوردستان وشاعیری ئاوارە، ئاوا، وەڵامی «کچە کورد» دەداتەوە.

(کاوەی کورد کوانیٚ؟ ئەی بەرگو زیدە

فەرەیدوون حازر، سیلاح پۆشیدە)

– کـچە کـورد لەسـاڵی (۱۹٤۰)دا قـوتابخـانەی (دار المعلمـات) لە شـاری بەغـدا تەواو دەکـا، هەر لەو ڕۆژگـارەدا گـۆڤـاری گـەلاویٚژ (۱۹۳۹ - ۱۹٤۹) لەئاسۆی ئەو شارەوە هەڵدیٚ ووشەو پرشنگی ئەدەبیات وسیـاسەت وڕۆشنبیری وزمانی کوردی بەکوردستاندا پەخش دەکاتەوە، لەو سەردەمەدا دەبیٚتە گۆڤاریٚکی تاقانەی پرشنگداری ڕۆژهەڵات!

– (ناهیـدە خان) بەناوی (کچە کـورد: ن.س) لەو تافـەی تەمـەنیدا زۆربەی نوسـینەکـانی خۆی لەبابەتی (پەخـشـان - چیـرۆک - وەرگیـڕان) لەو گـۆڤـارە

ناوازەدا بڵاو دەکاتەوە.

- من پێم وایە (ساڵانی ١٩٤٤ - ١٩٤٦) بەپێزترینی تانی تەمەنێتی لە «نوسینی ئەدەبیات» دا وبەهێزترین بەری بیری خۆی بڵاوکردۆتەوە!

- لە وتارێکیدا دەنوسێت: (لەبێدەنگی شەوی تارا، بەزەییم پێتا دێتەوە، چونکە ڕێگەی سەخت ئەبڕی، خۆت ماندوو ئەکەیت، بۆ کوشتنی هاووڵاتیت، لەبەر ئەوەی لەڕێگەی تۆوە ناڕوا، یاخود هاوبیرت نییە، لەجیاتی ئەم ناکۆکی وبەد بەختی وکوشتن وبڕینە بادەست بدەینە دەستی یەکتر بۆ گەیشتن بە «ئامانجێکی بەرز» ودوور لەدرۆ ودووڕوویی ودەلەسە).

**«گەلاوێژ»**

لە وتارێکی دیکەدا کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت:

(کیژە کوردێک، هاوخوێنێک، ڕووت وقووتو زەردو زەعیف و لێو بەبار، جێگەی نەمابوو دەردو مەینەتی نەیدۆزیبێتەوە، و میوانداری نەکردبێ، ئازای ساغی چای بوو، ئەویش تروسکەیەک بوو لەو لاشەزەبوونە شێواوویدا، دەستێکی زەردی لەرزۆکی زەعیفی ڕەگ شین، ئێسقانی مەچەک دەرپەڕیوی درێژکردبوو بەدەنگێکی ترساوی هێز تیا نەماوی پچڕ پچڕەوە ئەیوت (منیش وەک ئێوە ئادەمیزادم حەقی خواردن و پۆشینم هەیە، نامەوێ وەک ئێوە خاوەن کۆشک و تەلاربم بەڵام لەتێک نان و سیپاڵێ جل و دڵێکی خۆش، بۆ گاڵتەم پێ دەکەن).

**«گەلاوێژ»**

- لە وتارێکی تردا، دەنوسێت (یارمەتی وواجیبات خراوەتە ئەستۆی «کوڕ گەل»ەوە، بەڵکو پێویستە ئافرەتان کەڵک لەبەربن، زۆرتر چاکەیان لێ بوەشێتەوە بۆ ئەم وڵاتە کەساسە، کەوەکو منداڵێکی ساوا، وایە پێویستیێ بەدایکێکی دڵسۆز وبەدایەنێکی بەسەلیقەیە لەگۆش کردنا، ئاهو تروولەی ئەم وڵاتە بێکەسە، لەوانە گیرابێ کەهەتا پێ یان ئەکرێت خزمەتی نەکەن وکەڵکی تەواو بەم وڵاتە نەبەخشن).

**«گەلاوێژ»**

– لەوتارێکی دا سەبارەت بە(مردن وئازادی) لەژێر ناوی (دڵسۆزی ڕاستی) یدا دەڵێت:

(لەگەڵ تەقەقەی تفەنگ وگرمەی بۆمباو هاژەی گوللە پرژێن، بریقەی شمشێر وخرمەی نێزە، هاورێ وهاودەمی، منیش لەوانە نیم لەتۆ بترسم، یاخود تۆم لەیادچێ! کە ئازادی نەبێ تۆ بۆ نەبی، دەبێ مردن بێ، ئازا نەبێ، بەدەستێکی لەرزۆکی خوێن تیا نەماوەوە، بەخامەیەکی کولەوە ئەنووسم، ئەڵێم توانای ژیانم نەماوە، ژیان هیچە، تامی نییە، دەبێ مردن بێ دڵسۆزی ڕاستی، گورجانەبێ)

**«گەلاوێژ ٦ سال ٥» ١٩٤٤**

– ناهیدە خان: بەناوی (دایکی رۆژ) لەگۆڤاری (شەفەق)دا لەژمارە (٤) نیسانی ١٩٥٨ لەڕۆژگاری ڕژێمی پاشایەتی وحوکمی نوری سەعیددا، پێش شۆڕشی ١٤ تەمموز بەچەند مانگێک ئەم پەخشانە هونەرییە هۆنراوە ئامێزەی بڵاوکردووەتەوە کەمژدەو مزگێنی (شۆڕش وسەرکەوتن) لەناواخنی بابەتەکەیدایە دەڵێت:

(بێ بابڕۆین من وتۆ، ئەم وئەو، ئەوان وئێمە،

بڕۆین بگەینە ئەو دەنگە،

دەنگی سازو سەمتوورو نەی دێ،

لەو دیو کەل دێ

نازانم کەی ئەیگەینێ،

بەڵام دڵنیام «لە پێگەیشتنی»

چونکە ئەچین هەر ئەیگەینێ

سارده، سەهۆڵ بەندانە،

ڕێبڕانە، هات ونەهاتە، بەڵام هەر هاتە!

ئەو دەنگە خەمڕەوێنە، سام شکێنە

ئای وچانی دوای تێکۆشان چەند خۆشە)

- ناهیدە خان (دایکی ڕۆژ) لەبواری (ڕۆژنامە نووسی)یشدا لەکۆڕی خزمەتگوزاران دا بووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ دا، یەکێک بوو لەدەستەی نووسەران وبەڕێوەبردنی گۆڤاری (هیوا) لەگەڵ ئەم مامۆستا بەڕێزانە (عەلائەددین سوججادی - دکتور موکەڕەم تاڵەبانیی - عەبدولڕەزاق بیمار).

- (ناهیدە خان: دایکی ڕۆژ) وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد لەئامێزی خانەوادەیەکی (ئەدەبیی وسیاسیی) پەروەردە بووە، باوکی دامەزرێنەرو موعتەمیدی (کۆمەڵەی زەردەشت ١٩٢٨ - ١٩٢٩) وئەندامی چالاکی ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی کورد (کۆمەڵەی برایەتیی ١٩٣٧ - ١٩٤٣) سەرەڕای هەڤاڵبەندیی وهاوسەریی لەگەڵ خوالێخۆش بوو (نوری سدیق شاوەیس)ی سیاسەتوان و تێکۆشەری کورد، کەئەندامێکی چالاکی (حزبی هیوا ١٩٣٩ - ١٩٤٤) وئەندامی سەرکردایەتیی (حزبی شۆڕش ١٩٤٤ - ١٩٤٥) و(حزبی رزگاری کورد ١٩٤٥ - ١٩٤٦) ویەکێک بووە، لە بەشدار بووەکانی یەکەمین کۆڕو کۆنگرە بۆ دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) لەشاری بەغداو لەکۆنگرەی دووەمی پارتیدا لەساڵی ١٩٥١دا هەڵبژێردراوە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، سەبارەت بەم هۆیانە، (ناهیدە خان: دایکی ڕۆژ) زۆربەی هەرە زۆری ژیانی بەتێکۆشانی سیاسی وکاری حزبایەتی یەوە گوزەراندووە، تا لەکۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەشاری بەغدا بەسترا، سەر لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٠/٥/٨ هەڵبژێردرا بەئەندام لەکۆمیتەی ناوەندی پارتیدا، یەکەمین ئافرەتێکی کوردە لەمێژووی حزبایەتی لەکوردستان دا بگاتە ئەو پلەیە.

ناهیدە خان دەڵێ: (بارزانی بۆیە منی هەڵبژارد لەکۆنگرەی پێنجا بۆ ئەوەی ئافرەت لەڕیزی خەبات دا بێ ولەتێکۆشانی سیاسی دا بەشدار بێ وئەمە تەقدیرێک بوو بۆ من وبۆ ئەوەی کەبارزانی دەیەوێ داکۆکی لەمافی ئافرەت وبەتایبەتی لەمافی ئافرەتی کورد بکا چونکە تا ئەو سەردەمەش ئافرەتی کورد زۆر شاراوە بوو، بواری ئەوە نەدەدرا).

- پیرەمێرد «حاجی تۆفیق بەگی شاعیرو فەیلەسوف وڕۆژنامەنووسی کورد» دەربارەی «ناهیدە خان» و«گۆران» ونەوروزی ساڵی ١٩٤١ لەڕۆژنامەی (ژین)دا نووسیویتی ودەڵێت:

«شوکر شارەکەی ئێمە بەئاگری نەورۆز سۆزێکی بەهاری وجیلوەیەکی ئەدەبی تیا پەیدا بووە، هارە هاڕی شیعری تازە پەیدا بووە».

«کچە کوردێکی فریشتەی ئاسمان» بەدوو شیعری پڕ جۆش وخرۆشی ی نەورۆزییەوە سەرمەستییەکی میللی وحسێکی خستە ناومان، (ناهیدە سەلام) کارتێکی زێڕینگاریی وەک خۆی، بەدوو شیعری شیرینی، بەدوو باڵی پەرییانەوە، بەسەر ئەوجی وەتەنەکەمان خستۆتە جەولان».

– خۆ هێجگار «گۆران» ئوستادی زمانەکەمان، بەهارییەکی نەورۆزیی نوسین لە (ژین)دا دێتە بەرچاوتان بەگۆرانیی گۆرانەوە ئەچینە سەیران!.

– (ناهیدە خان: دایکی رۆژ) فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیی پڕ زانیارییە کەتائێستا نەنوسراوە ئەو تۆمار نەکراوە، ونهێنی نەدرکاوە، سەرچاوەیەکی پاک ورووناکە، دەربارەی:

١– مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەتی قۆناغی شەستەکان ١٩٥٩ – ١٩٦٤، رووداوەکانی دوای کۆنگرەی پێنجی پارتی.

٢– سەرهەڵدان وهەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ وهۆیەکانی.

٣– دیدارو دیدەنی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم، وگفتوگۆ دەربارەی داخوازی کوردو داخوازی حکومەت لەشۆڕشگێرانی کورد، لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، رۆژی ١٩٦١/٧/٢٠ (پارتی دیموکراتی کوردستان) یاداشتنامەیەکی دا بە (زەعیم عەبدولکەریم).

٤– دەربارەی شەخسیەتی بارزانی وەک رابەرێکی سیاسی وسەرکردەیەکی عەسکەری ورێز لێنانی لەئافرەتانی کورد.

ئەوەتا لەلاپەرە (١٠١)ی کتێبی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایک بوونی بارزانی نەمر) چاپی ١٩٩٧دا نوسراوە: ناهیدە خان دەڵێت: بەم بۆنەیەوە پێم خۆشە شتێکتان بۆ بگێرمەوە، شتێکی خۆش: «جارێکیان، کەکاک عەلی (واتە: مامۆستا عەلی عەبدوڵلا) ئاگادارە، بارزانی بانگی کردم، وتی: ئاوەرە خوشکە، منیش وتم فەرموو: وتی تۆ بۆ حزبێ دروست ناکەن؟ منیش وتم حزبی چی؟ وتی حزبێک دروست بکەن، (حزبی شێتان) منیش سەرم سوڕما، وتم جا ئەبێ کێ

وكێ ئەندام بن؟ وتی: «تۆ» و«جەلال تالەبانی» و«نوری ئەحمەد تەها» ، پێم وت باشە ئەی سەرۆکمان کێ بێ؟ وتی: «جا لەخۆم زیاتر کەس هەیە!» ، نوکتەیەکی بچکۆلانەی پێکەنین ئامێزە، بەڵام وا بۆ چل ساڵ دەچێ خوێن وخەم وخۆخۆریی لەهەناوی ئەم «نوکتە» یە دەتکێ!.

- (ناهیدە خان) ئافرەتێکی کوردیی ڕووناکبیر، شاعیر، سیاسەتوان، تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، وزانا وئازایە، لەو ڕۆژەدا کە کودەتای ٨ شوبات ١٩٦٣ ڕوویدا، ڕۆژی هەینی بوو، بەیانی زوو بوو «ناهیدە خان» هاتە ماڵی کاک شەوکەت سەعید ئەفەندی (دانساز) کەدروا‌سێ ی ماڵی بوون، ڕێکەوت وابوو، من لای ئەوان میوان بووم گوتی: (ئەڵێی نەتان زانیوە، لەبەغدا هەرایە، ڕادیۆی بەغدا «عەرەبییەکەی» ، بەیاننامەو بەلاغی (گەورە) بڵاودەکاتەوە، ئەفسەرێک بەناوی (عەبدولکەریم نەسرەت) فڕۆکەوانە، وەزارەتی دیفاعی بۆردوومان کردووە، بەیاننامەکان بۆنی خوێن یان لێ دێ، بەڵام هەر چۆن بێ، شۆڕشی ئەیلوول پێ ی نایە قۆناغێکی نوێ، گەییە ڕۆژگارێکی نوێ، کورد بەئامانجەکانی خۆی ئەگا، گوتمان ناهیدە خان مژدەیەکی خۆشە، وئێمە نەمان زانیووە، گوتی نەک ئێوە، ئێزگە کوردییەکەی (ڕادیۆی بەغدا)ش هێشتا خەبەری پێ نەگەیووە، گۆرانیی لێلێ خەفشێ، لێ ئەدا!.


**سەرچاوەکان:**

١- ڕۆژنامەی (ژیان) (ژین) ژمارەکانی ٢٥٥ (ژیان) وژین (٦٢٢).

٢- گۆڤارەکانی (گەلاوێژ) (هیوا) (شەفەق) (ڕەنگین).

٣- دیوانی شاعیری بەناوبانگی کورد (شێخ سەلام) چ١ ساڵ ١٩٥٨ - بەغدا.

٤- فەرهەنگی سیاسەتمەدارانی کورد (دەستنووس:ع.ش).

٥- کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایک بوونی بارزانی نەمر چ ١٩٩٧، ل١٠١.

# ناهیده خان
# پەروەردەکارێکی لێهاتوو بوو

ناهیده خان مامۆستایەکی لێهاتوو پەروەردەکارێکی کەم وێنە بووە، هەمیشە هەوڵی داوە منداڵی کورد فێر بکات وگیانی نیشتمانپەروەری وخۆشەویستی خاک وزانستیان تیادا بروێنێ.

یەکێک لە قوتابیەکانی خۆی دەڵێ: (ناهیده خان) کەمامۆستامان بوو، زۆر مەبەستی بوو هۆنراوەی نیشتمانپەروەری گەورە شاعیرانی کوردو خۆیمان فێر بکات لەو هۆنراوانەی کەبەسرود دەمانگوتەوە:

ئەی رەقیب، ئەی کوردینە، گەرچی تووشی رەنجەرۆیی وحەسرەت ودەردم ئەمن، دەمی راپەرین، کەدەڵێن ئەمرۆ دەشت وکێو شینە، خوایە وەتەن ئاواکەی وتۆپەکە فتبۆڵەکەو چەندان سرودی دیکە.

**لەو هۆنراوانەی کەلەپۆلدا فێری دەکردین، نموونەیەک:**

١- هەر چەندە من منداڵم
نیوە زمان ولاڵم
پەشتا لەگڕو گاڵم
نازانم رێگای ماڵم
بەلاّم زۆر چاک دەیزانم
من منداڵی کوردستانم
فیدایە رۆح وگیانم

بۆ هۆزو نیشتمانم
نیشتمانم ئەسیرە
هۆزم پێی لە زنجیرە
کوژراوی ئاغا ومیرە
٢- منداڵی کورد هەمووومان
ڕوو بکەینە گۆڕی مەیدان
گوڵ، گوڵ کەین خاکی کوردان
بەخوێنی پاکی گەشمان
گەورە کوا تێ دەکۆشێ
ئەگەر ئەو دڵی بجۆشێ
بەرگی میللەت دەفرۆشێ
دەیدات بەچەند پرۆشێ
شەرابی پێ بنۆشێ
گەرچی کوردی بێ چارە
لەسەد نەوەت هەژارە
ئەوی کەوا هۆشیارە
دەیبەن بۆ بەرسێدارە
ئەوی کەپارە دارە
لەکوردستان بێزارە
لەنەورۆزی ١٩٤٧دا ئەم هۆنراوەیەی فێر کردین:
جەژنە، جەژنە
جەژنی گەنجی قەومی کورد
ئازاو خێرا راپەرن

نەوجەوان ولاوی کورد

ئەمە جەژنی لاوانە

روناکی کوردستانە

چەندە خۆشە ئەم جەژنە

مژدە بێ کەئەم جەژنە

هەنگاوێک پێشکەوتنە

چەندە خۆشە ئەم جەژنە

هەر ئەو ساڵە نمایشێکی بۆ رێک خستین وکۆمەڵێک جلی پەپوولەمان لەبەر کردو کۆمەڵێک پشیلە بووین ودایکێک وپێنج جووجەڵەش بەجلی مریشکەوە بوون پشیلەکان دەهاتن بۆ جوجکەکان ودەیانگوت:

من پشیلەم پشیلە

هەڵمەت دەبەم بەحیلە

دایکی جووجکەکان:

ڕۆڵەکانم بەڕیز

لێم جیا مەبنەوە هەرگیز

گوێ لەدایکتان راگرن

زەرەر ناکەن تا دەمرن

پشیلە: من پشیلەم بەتینم

لەتاریکی دەبینم

لەناو دارو بەردا

ون نابێ دەسەڵاتم

مریشک: رۆڵە ورە بەرمەدەن

لەڕێی ڕاستی لامەدەن

خاو خلیچک خۆ بامەدەن
بەزین بۆ پیاوی فێڵبازە
یامردن یا سەرکەوتن
یا هەڵمەت بۆ پێشکەوتن
زۆر حەیفە بۆت نامەردی
مەردانە بمرە کوردی
پشیلە: میاو، میاو، میاو
خوێنت دەمژم وەک دۆشاو
مریشک: من دایکی ئەم جووجکانەم
کڕو دڕم مەردانەم
پەروەردەی ئەو کێوانەم
لەڕەوشتدا شێرانەم
دەست کورتی دەست زەمانەم
بەڵام داد لەزەمانەم
پشیلە: خوێن خواریم کرد نەترسام
بۆیە خۆشم تیا پسام
دەستی ڕاکێشا بۆ مریشک وگوتی:
ئەوان خۆیان چالاکن
لەزۆرداری بێ باکن
تەریق مات وسەرگەردان
ڕوو ڕەشین لەدرێژ زەمان
دەبڕۆ بڕۆ ماڵ وێران
پەشیمانین بەیەزدان

مامۆستا جەمال بەختیار لەنامەیەکیدا بۆ ناهیدە خان، باسی ئەوە دەکات کەکاتێک لەساڵی ١٩٤٥ لەریزەکانی حزبی هیوادا لە چالاکیدا بووە، رژێم بەدوایدا گەڕاوە، ئەو کاتەش خوالێخۆشبووان ئیسماعیل شاوەیس وشێخ لەتیفی حەفید زادە بەرپرسی حزبی هیوا بوون بەهۆی ناهیدە خانەوە ئەوان نامەی رەسمی حزبیان بۆ نوسیووە بۆ شەهید مستەفا خۆشناو کەئەو کاتە فەرماندەی هێزی بارزانی بووە لە بەرەی سەقز، ئەویش دەنێرێ بۆ مەهاباد لەوێ بارەگاکەی لە دێی ئاخکەند بووە، مامۆستا جەمال بەختیار دیداری بارزانی نەمر دەکات ووێنەیەکی سەلاحەدینی ئەیوبی وقازی محەمەد بەخەڵوز دروست دەکات وبۆ بارزانی نەمری دەبات، ئەویش وێنەکانی بەدڵ دەبێت ومامۆستا جەمال بەختیار دەبات بۆ لای پێشەوا قازی محەمەد.

**ئەمەش نامەکەی مامۆستا جەمال بەختیارە:**

**بۆ/باجی ناهی گیان**


دەستە پیرۆزەکانت ماچ ئەکەم..

ئەوەی کەداواتان فەرموو،


ئەمەتا:

نزیکی کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ کەهێشتا باجی ناهی دەستگیرانی خوالێخۆشبوو کاکە نووری شاوەیسی برا گەورەو مامۆستام بوو، لەحزبی هیوا بووم، بەهۆی جموجۆڵی حزبایەتی میری بەدواما ئەگەڕا، لەماڵی عەبدولوحید نووری ئامۆزام دا باجی ناهی لەچنگ پۆلیسی ئەمن پاراستمی، کەئەو کاتە خاڵە ئیسماعیل شاوەیس وشێخ لەتیفی حەفید خوا لێ یان خۆشبێ، مەسئولی حزبی هیوا بوون لەسلێمانی بەهۆی باجی ناهی نامەی رەسمی حزبیان بۆ نوسیم بۆ شەهید مستەفا خۆشناو بەناوی نهێنی حزبی «مستعار» کەناوی «دژوار» بۆ، ئەو کاتە فەرماندەی هێزی بارزانی بوو لەجەبهەی «سەقز» لە «مامەشا» لە بارەگاکەی لەدێ ی «ئاخکەند»، گەیشتمە دەیدەنی بەڕێزیان وئەویش ڕەوانەی «مەهاباد»ی کردم، لەوێ بەدیداری بارزانی نەمر شاد بووم.

لەسەرەتای ١٩٤٦، وێنەیەکی صلاح الدین ئەیوبی وقازی محەممەدم بەقەڵەمی خەڵووز دروست کرد جەنابی بارزانی سەرکردەمان وێنەکەی بەدڵ بوو بردمی بۆ



باجی ناهی گیان
دەستە پیرۆزەکانت ماچ ئەکەم..
ئەحەوێنم کە داواتان فەرمووە،
ئەمەتان:
زستانی کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ کە هێشتا باجی ناهی
دەستگیرانی خوالێخۆشبوو کاکە نووری شاوەیسی برا
گەورە و مامۆستام بوو، لە حزبی هیوا بووم.
بەهۆی جموجۆڵی حزبایەتی میری بەدواما ئەگەڕا،
لە ماڵی عبدالواحد نووری ئاشووڕام دا، باجی ناهی لە چنگ
پۆلیسی ئەمن پاراستی، کە ئەوکاتە خالە اسماعیل شاوەیس
شێخ لطیفی حفید خوالێخۆشبوو، مسوولی حزبی هیوا
بەهۆی باجی ناهی
بوون لە سلیمانی، نامەی ڕەسمی حزبیان بۆ نووسیم بۆ
شەهید مصطفی خۆشناو بە ناوی حزبی مستعاری کە ناوی
دژوار بوو، ئەوکاتە فەرماندەی هێزی بارزانی بوو
لە جبهەی سەقز، لە مامەشا لە بارەگاکەی لە دێی
ناکەندە، گەیشتمە دیدەنی بەڕێزیان، وئەویش ڕەوانەی
مەهاباد»ی کردم، لەوێ بە دیداری بارزانی ئەمر شاد



لە سەرەتای ١٩٤٦ وێنەیەکی صلاح الدین ایوبی
قازی محمد م بە قەڵەمی خەڵووز دروست کرد
جەنابی بارزانی سەرکردەمان وێنەکەی بەد
بوو بردمی بۆ لای جەنابی پێشەوا قازی
محمد، فەرمووی کە ساڵی ئاینده لەگەڵ
قوتابیانی تری «مەهاباد» ئەم نێرێت بۆ ئەکاد
هونەرە جوانەکان لە «باکۆ»ی ئازربایجان،
کرام بە مامۆستا لە گوندی «ماوانە» ڕەشید
بەگی هەرکی لە نزیکی ڕەزائیە بوو
ئیتر بە داخەوە بۆ زستان وکۆتایی یەکەی
گەڕامەوە لەگەڵ مصطفی خۆشناو وژن براک
لە گوندی ڕاژانەوە..
ئیتر بەخوات ئەسپێرم باجی ناهی گیان
بەقوربانت ودیسانەوە دەستەکانت
ماچ ئەکەم..
جمال بەختیار
١٩٩٠/ /

وێنەی نامەکەی جەمال بەختیار

لای جەنابی پێشەوا قازی محەمەد، فەرمووی کەساڵی ئاینده لەگەڵ قوتابیانی تری «مەهاباد» ئەم نێرێت بۆ ئەکادیمی هونەرە جوانەکان لە«باکۆ»ی ئازربایجان، وکرام بەمامۆستا لەگوندی «ماوانە» ڕەشید بەگی هەرکی لەنزیکی ڕەزائیە بوو، ئیتر بەداخەوە بۆ زستان وکۆتایی یەکەی گەڕامەوە لەگەڵ مستەفا خۆشناو وژن براکەی لەگوندی «ڕاژانە»وە.

ئیتر بەخوات ئەسپێرم باجی ناهی گیان

بەقوربانت ودیسانەوە دەستەکانت ماچ ئەکەم..

**جەمال بەختیار**
**١٩٩٨/١٢/٧**
**هەولێر**

# وشەیەک لە پەراوێزدا

**مەحمود زامدار**

* وەک لەم هەموو بیرەوەری ویادگارە تێروتەسەل وشیرین وتاڵانەی (ناهیدە خانی شێخ سەلام)دا هاتووە، یاخیبوون وخەبات وشەونخوونی ودەوری بەجەرگانەی ئەم ئافرەتە بەجەرگە، چ لەبواری کۆمەلایەتی وچ لەبواری پەروەردەیی وچ لەدەرەتانی سیاسی دا، بەروونی وزۆریش بەراشکاوی خۆی دەنوێنێ وئەشبێتە بەلگەنامەیەکی زیندووی نێو قۆناغێکی تەنگەبەرو پڕ لەئاستەنگی بزاڤی ئافرەتانی کوردستان وپەیامی پیرۆزی کوردایەتی ودەوری ئافرەتی سیاسییش لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کەبەڕاستی، ئەمە خۆی لەخۆیدا مایەی تێڕامانێکی وردو شانازیەکی گەورەیە، کەچۆن ئافرەتی هوشیارو رووناکبیری ئەم نیشتمانە سەمەندەراسایە، بۆی ئەلوێ وئەتوانێ بوون وخودو دەوری خۆی بسەلمێنێ وئەو ڕاستیەش بۆ هەموو لایەک بدرکێنێ کە: بەهیچ کلۆجێ ئافرەت لەپیاو کەمتر نیە ومافەکانیشی هەموو ڕەوان وئەشبێ رێزی لێ بگیرێ، لەپێناوی بنیادنانی ژیانکی نوێ وکوردستانێکی ئازادو شارستانیەتێکی بەرهەرا، لەم وڵاتە شیرینەدا.

* ناهیدە خان، نەک هەر بەکرداری سیاسی بەشداری لەبزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان، لەسالآنی سی وچل وپەنجاکانی ئەم سەدەیە، ئەو دەورە دیارەی دیوە، بەڵکو بەچەکی (شیعر)یش، شیعری سیاسی وپەروەردەیی، بەشداریەکی بەرچاوی لەو بزاڤەدا کردوە..!

* لەبەهاری ساڵی (١٩٩٤)دا، چاوپێکەوتنێکی چڕوپڕم لەگەڵ ئەم خوشکە بەجەرگ وقسەخۆش وراشکاوە سازدا، لەوەڵامی پرسیارێکما ئەوەی درکاند کە: لەقۆناغی جیاجیای ژیانیدا شیعرێکی زۆری فەوتاوە وئێستا هیچی وای لەبەر دەست نەماوە.. کەموژدەی دۆزینەوەی چەند پارچە شیعرێکی خۆییم دایێ، هەر بەتەواوی گەشایەوە وگفتیشم پێدا کەلە دەرفەتێکی گونجاوو لەشوێنێکی شیاودا بڵاویان بکەم.

* لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، ناهیدە خان (موعەلیمە)ی قوتابخانەی کچانی هەولێر بووە، وەک لەهەندێ بەتەمەنەکانی هەولێرم بیستووە -ژن وپیاو- ئەم ئافرەتە رووناکبیرە، زۆر سەرسەخت ودڵقایم وئازا وچالاک بووە، بەگەرمی هانی کچانی هەولێریانی داوە بۆ خوێندن وفێربوون وماف داوا کردن وکوردایەتی، ئا لەو ساڵانەدا، ناهیدە خان -وەک ئەرکێکی پەروەردەیی وسیاسی- بەشیعری ناسک وبەزمانێکی سادەو پێسووکەوە، رووی کردۆتە منداڵان وبەهزری جۆشخواردووی رۆشنیش ئەو وەچەیدی -بەتایبەتی کچان- لاواندۆتەوە، کەپێم وایە ئەمەش لایەنێکی دڵمەزنی ئەم ئافرەتە دلآزایە سەراوەڵە ئەکاتەوە، چونکە لەنێو کۆمەڵێکی دوا کەوتووی ئەوسای کوردەواری، زۆر سەیرو سەمەرەو دەگمەن وناوازە بووە، ئافرەتی خوێندەوار سەرهەڵبدا، چ جای ئافرەتێکی رۆشنبیرو شاعیرو سیاسی بەجەرگی وەک ئەم ئافرەتە رابەرە..! باخامەی من لێرە بوەستێ وشیعرە ناسک وپڕ مانا و،جوان وسرکەکانی ئێرە، خۆیان بدوێن.

* لەژمارە (١٤) ڕۆژی (٣/١٧)ی ساڵی (١٩٥١) ڕۆژنامەی هەولێردا بەناوی (ڕۆڵەکانم) ئیمزای (دایکی ڕۆژ) ئەم شیعرە بڵاوکراوەتەوە، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەش ئەم روونکردنەوەیان لەگەڵ شیعرەکەدا بڵاوکردۆتەوە: «ئەم هەڵبەستە ناهیدەخانی شێخ سەلام وتویەتی بۆ کوڕەکانی خۆی کەناویان ڕۆژو ڕەنج ورزگارن».



هەولیر

ژنامەیەکی أدبي ثقافي هەفتەيي يە

اعلانات کرێی بە ٧٥٠ فلسە

روله کانم

ڕۆڵەم زستانە، هەورو هەلاّیە
ئەم گرمەوناڵە، بۆ سەوزە گیایە
لەدوای ئەم تۆف وبەفرو بارانە
موژدەبێ لێتان، فەسڵی گوڵانە
ڕۆڵەم ژیانیش، هەروەک زستانە
هەتا نەکێشی جەوری زەمانە
نابینین خۆشی فەسڵەکەی بەهار
لەرەنج نەرسن، هاوار سەد هاوار
نابێ بترسن، لەسەرماو سۆڵە
ڕۆڵەم (ڕۆژە) گیان، ڕۆڵە هۆ ڕۆڵە
(ڕۆژە) تۆ ناوت هێجگار رووناکە
هەتا ئیشکەربی، بۆ ژیان چاکە
(رەنجە) تۆ ناوت رەنجەکەی ژیان
تا سەرنجدەربی، ناهێنی زیان
(رزگار) کۆرپەکەی منالّی ساوا
بەناوی تۆیە، ولاّتان ئاوا
ئێوە هەرسێکتان، نەوەی کوردانن
فێری تەلان وکێو وهەردانن
لەدوای ئەم بەفرو تەڕو تووشی یە
کەزستان رۆیشت، نۆرەی خۆشی یە
هەر چەندە ئێوە، ئێستا منالّن
تازە کاورۆڵەی، سێ چوار بەهارن


هەولێر

رۆژنامەیەكي ئەدەبي ئەڕاقی هەفتەییە

ئیعلانات گرێی بە ٢٥٠ فلسە

ياري

ئەی چولەكەی جوان

بەڵام بزانن، کەژیان سەختە
پیاوی ئیش نەکەر، دیل وبەد بەختە
ماندووبوون پیشەی: پیاوی زانایە
هەر بەرەنجکێشان، ئیشی باڵایە
لەدەس ئیشکردن، نەبینی ئازار
خۆت ماندوونەکەی، نابی رزدگار
نابێ بترسی لەسەرماو سۆڵە
ڕۆڵەهۆ ڕۆڵە (رزگار)م ڕۆڵە
ئێوە هەرسێکتان نەمامی منن
گوللەی کوشتەیی، سنگی دوژمنن
چاکی لێ هەڵکەن، بۆی بچنە مەیدان
هیچ نابێ سڵ کەن، لەسەرمای زستان
لەدوای ئەم بەفرو باوو بارانە
موژدەبێ لێتان، فەسڵی گوڵانە
لەگەڵ گوڵاڵەی سووری بەهاران
لەجێ هەوارگەی، ڕەشماڵی یاران
لەگەڵ شەپۆلی، ئاوی روباران
کەدوا چۆڕیەتی، ئاوی زستانان
چەند خۆشەخرمەی پێکۆڵی سواران
ئەشکێنێ شەختەی دەلیا وروباران
هەی هەی کەخۆشە، قاسپەی پۆڕوکەو
ئەبێتە خرمەی داسی جۆ درەو

ئەڵێن: وەی سارده سەهۆڵبەندانە
چونکە ئەزانن، دوای زستانە
زۆر خۆی ناگرێ،لەبەرتیشکی خۆر
هەر پارچە بەفرە، ئەبێتە گلۆر
ئینجا لەشوێنی سەهۆڵ وشووشە
چیمەنی سەوزو گوڵ وونەوشە
لێ ی دابنیشن، بێ دەردی سەری
نۆرەی خۆشی یە، دوای کوێرەوەری
خۆتان وشیرتان، ڕۆڵەکەم ڕۆڵە
نابێ بترسن، لەسەرماو سۆڵە

* لەژمارە (١٩)ی ساڵی (١٩٥١) ولەهەمان ڕۆژنامەدا دوو نمایشنامەی منالانەی ناهیدە خان بلاوکراوەتەوەو دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەش ئەم پەرگرافەیان لەتەک دا بلاوکردۆتەوە:

«لە ئیستعرازی ریازەی ئەمساڵ، زۆر شتی نایاب پیشانی دانیشتووان درا، بەتایبەتی لەلایەن قوتابخانەکانی کچان، کەئەمە (یەکەم جارە) ئیشتراکی ئەم خۆشیەیان کردوە. قوتابخانەی کچانی ئیبتدائی وئەیووبیە، بەدرێژایی ساڵ، خۆیان ماندوو کردوە، تاوا بوو بەم وێنە جوانە، ئەم ئاهەنگە خۆشە کرا. لەم یارییانە، دوو یاریمان بەپەسندزانی، لەخوارەوە ئەینووسینەوە، کەهەڵبەستەکانی هی ناهیدە شێخ سەلامە..».

* * *

**نمایشی یەکەم: ئەی چۆلەکەی جوان**

هەندێک لەکچان کرابوون بەچۆلەکە وهەندێکی تر لەمان زۆر بچووکتر کرابوون بەبێچووی ئەوان وهەندێکی تر منداڵ لەدەوریان وەستا بوون، جا منداڵەکان بەدەنگ ئەخوێنن وئەڵێن:

ئەی چۆلەکەی جوان بخوێنن بۆمان

بەواتای خۆمان بیکەین بەسەیران
«جا چۆلەکەکان ئەڵێن:»
بڕوانە ئەو کێوانە جێ ی مەڵبەندی کوردانە
«دیسان منداڵەکان دەور دەکەنەوە:»
ئەی چۆلەکەی جوان بخوێنن بۆمان
بەواتای خۆمان بیکەین بەسەیران
«چۆلەکە:»
من تەیرێکم باڵدار ئەفڕم بەبێ ئازار
ئازادی پیشەی منە دیلی ی بۆ من دوژمنە
«دەور.. ئەی چۆلەکەی جوان»
«چۆلەکە:»
من ڕەفیقی بولبولم جێنشینی سەرچڵم
عاشقی گوڵ ودڵم من ڕەفیقی بولبولم
«دەور.. ئەی چۆلەکەی جوان»
«لێرەدا منداڵەکان، بێچوەکان ئەڕفێنن وبۆ خۆیانی ئەبەن، ئینجا چۆلەکەکان ئەڵێن:»
کوانێ بێچووڵەکانم بۆیان زۆر پەرێشانم
کێ هێلانەی ڕوخانم ئۆف بێچوولەی جوانم
«دەور.. ئەی چۆلەکەی جوان»
«چۆلەکە:»
ڕۆژی چاکە نەماوە هەر خراپەیە، باوە
هێلانەکەم ڕوخاوە هێزی ئەژنۆم شکاوە
«دەور.. ئەی چۆلەکەی جوان»

ئەوەی خوێنەری بەڕێز لەوو توێی ئەم کتێبەدا دەیخوێنێتەوە هەرچی رووداوو بەسەرهاتێکە، باسی هەرکەی وهەرکەسێکە، هەر مێژوو باسێکە، خاڵی گرنگی ئەوەیە بیرەوەری ئافرەتێکی کوردە کە تێکەڵ بووە بەمێژووی گەلەکەی، تێکەڵ بووە بەم هەموو رووداوە، سەرەڕای کوت وبەندی بەتایبەت ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو دایکە کوردە توانیویەتی لە لوتکەی ڕۆژانی مێژوویی دەیان ساڵی تەمەنی خۆی بگیرسێنێتەوە، بۆیە بیرەوەریەکی لەو جۆرە بۆ گەلی ئێمە دانسقەیەو بۆ ئەمڕۆمان لێی دەگەڕێین.

ئەوەی لێرەدا تۆمارکراوە هیچی لە کات وساتی خۆیدا تۆمار نەکراوەو بۆ گێڕانەوەی (ناهیدە خان) تەنیا پشتی بەبیرکردنەوەی خۆی بەستووەو لەسەر چەند کاسێتێک تۆمارم کردووە لەدواییدا دام ڕشتووەتەوە...

لەم چەند لاپەڕەیەدا ئافرەتێکی کورد بەچەند تیشکێکی خێرا باسی نیو سەدە پتر لەتەمەنی خۆیمان لەنێوەندی گەرمی ناوەندی سیاسی وڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ دەکات.

چیمەن ساڵح

ا ی کانونی یەکەم ۱۹۹۸